# بسم الله الرحمن الرحيم

﴿اقرا باسم ربك الذى خلق، خلق الانسان من علق اقرا وربك الاكرم، الذي علم بالقلم علم الانسان مالم يعلم﴾

ئەمە جاری دووهەمە ڕۆمانی کەیوان چاپ دەکرێت، لە سەرەتای چاپی یەکەمدا گوتبووم، پێشەکی بۆ ڕۆمانەکەم نانوسم چونکە دەترسم پێشەکی ڕۆمانەکەم بکوژێت، بەڵام ئێستاو لەچاپی دووهەمدا ناچارم چەند مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە :

## یەکەم

زۆر بوون ئەوانەی ڕۆمانی کەیوانیان دەخوێندەوە، دەیانگوت تێر گریاوین دەیان ووت کەسایەتیمان لە ئەلفەوە بۆ یاء گۆڕاوە، دەیانگوت ئەگەر کوڕمان بوو ناوی دەنێین کەیوانو سۆرانو هەورامان ئەگەر کچیشمان بوو ناوی دەنێین ڕۆژگارو نەسرینو گوڵاڵە، دەیانگوت تادوا هەناسەکانی ژیانمان ئەو جیهانە جوانەمان لەیاد ناچێتەوە کەلە دڵۆپە خوێنەکانی کەیوان درووست بوو. منیش بە هەموو ئەو براو خوشکانە دەڵێم لەکاتی قوڵپە قوڵپی

گریانتاندا بە هێوری بپرسن: کەیوان و هاوڕێکانی خوێنی خۆیان بەچی بەخشی...؟؟ پاشان لە خۆشتان ڕابمێنن....!!

## دووەم

پاش ئەوەی چاپی یەکەم بە ڕێژەیەکی زۆر کێشراو، لەبەرامبەری ئەو کەمیەشەوە، زۆر کەس سەرەیان بۆ دەگرت و دەیان خوێندەوە، چەند دەزگاو چەند کەسێک هاتن بولام و گورپیان خواردەوەو هەریەکەیان دەیانگوت من سەر لەنوێ چاپی دەکەمەوە. بەلام پێم خۆشە لێرەدا بۆ مێژوو بلێم یەکێک لەو دەزگایانە پاش ئەوەی ڕۆمانەکەیان دایە لیژنەی چاودێری، هاتنەوە بولام و پێیان گوتم: ((ڕۆمانەکە زۆر بەهێزە، بەلام لایەنی تەقینەوەکانی کەیوان لەگەڵ نەهجی بلاوکردنەوەی ئێمەدا ناگونجێ)) بەلام من دیسانەوە دەلێم: (ڕۆمانەکەم بەلێ تا ئێستاش بۆنی دلۆپە خوێن و گەرمی سوورەکانی کەیوانی لێ دێ.. بەلێ ڕۆمانەکەم تا ئێستا وەک موجاهیدێکی خوا ناس، بە ئاریبجی سەر شانیەوە ڕووبەڕووی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ئەمڕۆ

ئیستخبارات‌و حەرەس جمهوری دەبێتەوە.. بەڵێ ڕۆمانەکەم تا ئیستاش خەون بەوەوە دەبینێت، شەوێک لە شەوانی زستان، کەیوان بنێرێتە سەر طاغوتەکانی وولاتەکەم‌و دەمیان پڕبکا لە نەوت‌و لەبەرماڵی هەژاریکدا گریان تێ‌بەربدات بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئەو هەژارە گەرمیان بێتەوە!!)

## سێیەم

کاکە ئاسۆ کۆچەر، ئەو خۆشەویستە خوا ویستەیە کە تەنیا خواوەندو پاشان خۆم‌و خۆی دەزانین چۆن‌و بە چی هاوکاری کردوم بۆ درووست کردنی ئەم خانوەی کەیەکەم ماڵی ئیسلامیە لە نیشتمانی‌ڕۆمانی کوردیدا.. کاکە ئاسۆ بم بەخشە لە مە زیاتر هیچت لەسەر ناڵێم، بۆ ئەوەی دەروون نەخۆشە حاقدەکان، هەمان هەرای پێشەکی چیرۆکی (لەبناری چیای ئەلبورزدا) بۆتۆش درووست نەکەن.. من لەوێ چیرۆکەکەم بە یەکێک لە دۆستەکانم پێش کەش کردبوو، من خۆشەویستیم بەبادی خۆش مروردا نارد، نەکا دوایی... بەبادی خۆش مروردا تۆش ...... بۆ بنێریتەوە!!

## چوارەم

خۆشەویستانم، ئەی ئەوانەی ئەو هەموو نامە ڕەنگینانەتان بۆ ناردمو،دەست خۆشی چاپی یەکەمتان لێکردم، لێرەوە وەڵامی هەمووتان دەدەمەوەو ئومێدم وایە خوای گەورە پاداشتی خێری هەموتان بداتەوە، بە تایبەتی کاک ناجی دەریەندیو کاک نامیقی هەڵەبجەو کاک ئیبراهیمی ئەحا ڕەشو گوڵاڵە سورەکانی سلێمانی پێش خەزانو گوڵە گەنمەکانی هەڵەبجەی تازەو کوڕە جوانکیلەکەی کۆساری شەهیدو لە پێشی پێشیانەوە (( بوخاریو موسلم )) دوو برا موجاهیدەکەی کاک کەیوان.....!! منیش دڵم لەگەڵتانایەو هەمووتانم خۆش دەوێت، ئەم چاپەش پێشکەشە بە ئێوە لەهەرکوێ هەن.

## پێنجەم

ڕۆمانی کەیوان ساڵی ١٩٩٤ نووسراوەو وەکو ئەدەب قۆناغێکی تایبەت بووە لە ژیانی ئەدەبیمدا، ئەم قۆناغە بۆهەر لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبی زۆر گرانە لێی حاڵی ببێت ئەگەر قۆناغی پێش کەیوانو

قۆناغی پاش کەیوان لەژیانی ئەدەبیمدا هەزم نەکات..
پاشان درێژە مێژووی ئەو کەسانەی لە دوورەوە بەهرەکانیان بەرد باران کردووە....!! دیوار لەگەڵ تۆمەو پاسار گوێت لێبێت...!!

## شەشەم

خوێنەرانی تایبەتی خۆمو بەرهەمەکانم ئاگادار دەکەمەوە. کەلەبەر باری سەختی ئابووری، بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەم کە (٧٢٠) لاپەڕەیە کردووە بەپێنج بەشەوەو هەر بەشەو لەناملیکەیەکی وادا بڵاو دەکەمەوە، واتە پێنج بەشەکە بە پێنج ناملیکە دەکەوێتە بەر دەستان، ئەمەی ئێستا لەبەردەستانایە بەشی یەکەمە، بەپشتیوانی خوای گەورە بەزوو ترین کات بەشەکانی دیکەتان دەخەینە بەر دەست.. بەش بەش لەگەڵ کەیواندا بن، بۆئەوەی لەمرۆڤو کۆمەڵگەو ژیانو دینەکەتان تێبگەن.. چونکە کەیوان هەوڵێکە بۆ تێگەشتن.

## حەوتەم

سەحوەی ئیسلامی لێرە، لە کوردستان، پاش ئەو گەورە بوونە کوتو پڕیەی، هەنوکە لەفەراغێکی

ئەدەبیدا دەژی، ئەدیبی موسوڵمان دەبوو لەسەر
سەرەوە گەورەو بچوکی سەحوەی ئاراستە بکردایە
ژیانی تایبەتی بۆ گەرەو بچوکی سەحوە درووس
بکردایە، بەڵام بەداخەوە ئەدیبان نەیان توانیوە ئە
پەیامەی سەر شانیان وەکو پێویست ئەنجام بدەن.
هەروەها بەداخەوە ئەهلی سەحوەش تائێستا وەکو
پێویست پەیامی بەرزی ئەدەبی ئیسلامی
نانرخێنن.. ئومێدم وایە لەڕێگای ڕۆمانی کەیوانەوە
ئەو پردە درووست ببێت.

## لە کۆتایدا دەپرسم:

خوێنەری خۆشەویست، دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی
هەر پێنج بەشەکەی ڕۆمانی کەیوان بویتەوە، بزانە
کەیوان لەخوێنی گەرمتا جمەی دێ.. یان.. نا...؟!
ئیتر بەخوای گەورەت دەسپێرم.

عادل باخەوان
سلێمانی
رعایە ١٩٩٨/١/١٢

# ١

ئێمە هەنووکە لە سلێمانیداین..

ساڵ، هەزارو نۆسەدو هەشتاو شەش، شاریش کۆتو زنجیر کراوەو زۆرداران چوار مێخەیان کێشاوەو.. هەموو شتێ لەم شارەدا دیلە، ئازادی، خەمێکی تاساوو چۆلەکەیەکی هێلانە شێواوە.. شاپۆراخ، پەپولەی ناسکی خاڵخاڵین، یەخسیرەو، شاندەلیکیش لە کەژاوەی تریفەی خەندەدا، زەماوەن دەگێڕێ.. شانار ئێستاکە، ژێ کانی گەروی، بە تەوری بەعسیان بڕاوە و بەفشار ڕووبەڕووی دادگای بێ دادو خنکاندن کێش دەکرێ، شابەزیش لە گەوڕی بەعسدا، وەکێ ماین پرمەی لوتی دێوداوای ئالفی بەتام وزیاتریان لێ دەکات..

لەم شارەی ژێر دەستی شەمشەمەو جرج و کونە پەپوی بەعسدا، فریسکی بەهاران، سەرتاپای هەر خوێنەو، شەتاوی پاش بەفر، چاوانی هەر ڕۆندکی ئازارەو، شامبۆزی بە چۆکدا هاتووە و لە قوڕی ڕەش

ڕەشدا، ڕوخساری ونبووەو، شامبۆیش، لەولاوە، لە وەخت و ناوەختا حەپەی دێ!!

بەعس دەیەوێت، سلێمانی بە ڤالیوم بێ ئاگابکات و، ژیانی بکات بە یەک پارچە بێهودەیی.. دەیەوێت هەمیشەهەناسە بڕکێ ی بێ وبەناوی شارستانیەتی نوێ چاوکردن لە ولاتە پێشکەوتوەکانی دیکەی دنیا، بیرەتێنێت و، شەکەتی بکات و دوابستی دەستی لە بۆشای گیر بکات..لەم شارەدا، هەزاران خەلک دەژی، هەزاران مرۆڤی تێدایەو، زۆردارانیش دەیانەوێت،

کۆمەلگایەکی وا لەم خەلکە دروست بکەن، بەواتای دۆڕاندن دۆڕاوبێ..

دەیانەوێت کۆمەلگایەک لە سلێمانی جێ هیوای کورداندا دروست بکەن، کە موفلیس بێ لە ئاکاری پیرۆز و، تا پول بێ لە شەرەفی ئەخلاقی سەر بەرزی وروسوری.. لە ئێستای سلێمانیدا، کۆشکی گەورە گەورەو، بالەخانەی بەرز و، بازاڕی شوشەبەند، لە هەموو جۆرێک و لە هەموو ڕەنگێک دروست کراون.. لەپەنای ئەمانەشدا، خانووی قوڕو بازاڕی ڕووت و قووت و، دووکانی بێ جامخانەیش، وەکو هەربوون، هەر ماویشن.. دوو دنیای لە یەک دابڕاو، دوودنیای نامۆ

بەیەکتری، بێ ئاگا لە ڕۆح وهەست و، لەسۆزی یەکتری.. دووڕیانی بەیەک نەگەشتوو، دوو جەستەی بەیەک ئاشنانەبوو!!

گەورەکان دەیانەوێت ببنە ڕووی شارستانیەتی ئەمڕۆ، شارستانیەتی مرۆڤ کوژ.. شارستانیەتی موشەک وکیمیاوی و ئەتۆم.. شارستانیەتی عیبادەت کردن بۆ پارەوبۆ جنس و بۆ ماددە!!

خانووە قوڕەکانیش، دەیانەوێت وەک ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە، ئازارو ئەشکەنجەو جەفار و ئاخەکانی مرۆڤی ڕاستەقینە، بە ڕونی نیشان بدەن..

لەم شارەدا، ڕۆژی چەندین کەس دەمرێت و دەکوژرێت، هەندێک بەداخ وکەسەرو ژانەوە و لە عەزرەتی ئازاری ڕۆحیان سەر دەنێنەوە.. هەندێکی تر بۆ چاوترساندن و دەرخستنی دەسەلاتی دیکتاتۆری، لەبازاڕدا بەبێ هۆ دەگیرێن و گوللەباران دەکرێن.. هەندێکی دیکەیان لەبەر ئەوەی لە سەربازی یاخی بوون، ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێن و لەوێشەوە دەبنە میوانی فیشەک.. هەندێکی دیکە لەبەر ئەوەی ڕیشیان هەیە و، ڕیشیش لای زۆردارانی ئەم سەردەمە، ڕەمزی ئیسلامەتیەو دەزانن ئەوە سونەتی پێغەمبەری ئیسلامە،

جا مرۆڤێک کوردبێت وڕیشی سوننەتیشی ببێ و خەلکی سلێمانیش بێ، ئەگەر بەزووترین کات لە کونجی زیندانەکانی بەعس نەئاخنرێ و پاشان ئاگر باران نەکرێت، ئەوە سەلاحەدینێکی ئەیووبی نوێی لێ دروست دەبێت و، بەعسیە خاچ پەرستەنوێیەکان لە کوردستاندا قەلاچۆدەکات و کۆماری کوردستانی بێ بەعس و بێ تاغوت و بێ خاچ پەرستی خەنیمی هەمیشەیی کورد، دروست دەکات!!

لەم شاری سلێمانیەدا، کۆمەلێکی تر لەسەر سیواک دەگیرێن، چونکە میشیل عەفلەق دەترسێت، ڕۆژێ لە ڕۆژان، سیواکەکە بێت و ببێتە ئاربیجیەک و لەسەر شانی شێخ شەهیدێکی تازەدا، قەرەوڵ بگرێت و عەرشی فەرمان ڕەوایەتی بەعس وخاچ هەلتەکێنێ!!

داگیرکەران، ئەمە نەخشەیانە.. خەلکی ئاوا دەکوژن و دەمرێنن و، لە بناریشیاندا، کۆمەلگایەکی تا پولی وا دروست دەکەن..!! سەیرە.. زۆر سەیرە.. ئەم هەموو مرۆڤەیش، ئەم هەموو کوردەیش، بەدووی ئەم شارستانیەتە کوێر و کەڕولالەی بەعسدا غار دەدەن، غاردەدەن و یەکی بستێک زمانیان دەرهێناوە..

لەم شارستانیەتی بەعسەدا، مرۆڤەکان عەودالن، یەکێک عەودالی پارەیە و، ئەوی دیکە نان و، ئەوی تر ئۆتۆمبیل و، یەکێکی تر دوکان و...، بەلام کەمیان عەودالی ئازادین.. ئاااایی

ئازادی!! دەلێی زۆربەی خەلکی هەر ناویشی نازانن دەلێی ئەم خەلکە بڕوایان وایە بۆیە دروست بوون، تاوەکو ببنە پۆستالی دیکتاتۆری!!

زۆر سەیرە.. هەر ڕادەکەن و غار دەدەن و عەودالن و سەر گەرمن ونایشزانن خەریکی چین!! جارێک سەر بەرزناکەنەوە و تەماشایەکی لوتکەی بەرزی ئەو چیا دورانە ناکەن، تابزانن کێی پێوەیە!! ئەم شارە زۆر سەمەرەی بەسەر هاتووە.. شارەکانی دیکەی کوردوستانیش هەروایان بە سەر هاتووە.. ئێستاکە شەوەزەنگە، چاوچاو نابینێ، هەموو شتێک ڕەشە ڕەش.. هەموو شتێک لێل و چلکنە.. بۆرە تار. نیشتمانی داتەنیووە، جرج و دێوو دەینە سووری بەعس، شەمشەمە کوێرەو کونەپەپوی بەعس تەورو قولاب و ئوتوی کارەبای سەر پشت و ئازاردان بە بوتل و کارەبا خستنەسەر جەستەی هەژاران، کوردستانی گرتۆتەوە...، ئالەم ناوەندەدا چەند مۆمێک داگیرساون، دەیانەوێت

بەر پێکان ڕۆشن بکەنەوە، دەیانەوێت تیشکێ بخەنە سەر شتەکان.. دەیانەوێت ئیتر چاوەکان یەکتری ببینن..

یەکێک لەم مۆمانە ـ کەیوانـە..!!

کەیوان هەنووکە، شەهێنێکە و لەبەرزترین ئومێدەوە، هەڵدەفڕێت و بە سەر کوردوستانی نزلـەدا دەکشێ و دەیەوێت بەرەنگاری ئەم نیشتمانە سەر بڕێ..

ئـەم کەیوانـە.. لەشـاری سـلێمانیدا دەژی.. لـە دەوروبەری سـالانی حـەفتاداو، لـەنزیک چالـەنەوتـەکانی کەرکوکـەوە، پێڵـوی چاوەکـانی تـرازاوە و هاتووەتـە سەرنالیکی ئەم نیشتمانە..

لـە ڕەچەلـەکیدا، بـاوک و دایکـی خـەلکی بنـاری چیاکانی هەورامانن و، مرۆڤی ئەو دوندو ترۆپکانەن

.. وەلێ لەبـەر ناگـەواری ژیانیـان بـەرەو کـەرکوک نرقاون.. هەر چەند پێیشیان خۆش نـەبووە تاڤگـەی ڕۆح وجەسـتەیان بـەجێبهێڵن و ڕوبکەنەنرناشـی ڕەش و سووروزەردی زۆرداری.. بەلام لەگـەڵ زارەزاری برسـێتیدا دەلـێی چی..!!

باوەو دایە، لەزاقدانی کەرکوک دا دەمێنەوە تاچەند ساڵێک تێدەپەڕێ، پاشان عەشقی ئەو شارانەی کە هەرگیز هەتاویان بەر ناکەوێ، وەک دوونەستێرەی گەڕیدەی لێکردن و لەگەڵ کەیوانی چکۆلەدا گەڕانەوە بۆمەلبەندی خۆیان.. ساڵی حەفتاو هەشتێ هاتە پێشەوە و حیزبی بەعسیش، لادێکانی ڕاگوێزایەئۆردوگاکان.. گوندەکان چۆلبوون سوتێنران، پاشان بوون بەخۆڵەمێش وتەخت کران..خەڵکەکەیش ئاوارەبوون.. ئاوارەبوونێک کەتائەودەمە پێی ڕانەهاتبوون.. ئاوارەبوونێک کە جەستەی پڕ کردبوون لە ژەرەکو، ڕۆحیشیان لە زاڵەکردن، تەنها چرکەیەکیش نەدەوەستا..!!

*** *** ***

کەیوان لەماڵەوەی خۆیان و لەژوورەکەی خۆیدا، بێ ئارامانەدێت ودەچێت، ڕەنگی ڕوخساری، ڕێک وڕاست لە سیمای گوڵەگەنمێک دەکات.. لاشەی زۆر گەورەترەلەتەمەنی.. حەڤدە ساڵ لە کوێ وئەم قەدوباڵایە لەکوێ..؟

جەستەی گەلێک بە خۆوەیە، بازوەکانی وەکو بازوی دار بەڕو ئەستوورو قایمن.. قژی پڕو ڕەش.. سمێلیشی بەسنوری تیلماسێکێکی جوان و ئەفسوناوی، وەکو سەوزەگیاچۆن لەبەهاردا دەڕوێ، ئاوەها سەری دەرهێناوە..

تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کرد.. کات حەوت ونیوی سەر لە بەیانیە..، دەتگوت لەسەر پشکۆ وەستاوە..، دیارە کارێکی پێویستی هەیە و چاوەڕوانی دەرگاکە دەکات..

پانتۆڵەڕەشەکەی لەپێ کردووە، ئەم پانتۆڵە ئێستا باویەتی لە نێو گەنجانی سلێمانیدا، لە سەرەوە دەلپ و لە خواری خوارەوە تەسک.. کەیوانیش لە پێی دەکرد.. بەلام تەنها بۆجوانی جەستەی لە پیێی نەدەکرد.. ئەم کارێکی دیکەی پێی بوو!!

قەمسەلە ڕەشەکەیشی لەبەر کرد، لە ژێر قەمسەلەکەیەوە کراسێکی سپی لەبەر دایە و بۆینباخێکی شینیشی بەستووە و گۆرەو یەسپیەکانی لە پێ کردووە.

لەسەر کورسیە تەختەکەی و ڕوبەڕوی کتێبخانەکەی دانیشت، پۆلێ ژەرەژی نیگای ڕەنگاو ڕەنگ لە زۆزانی چاوەکانیەوە هەڵفڕین و بەسەر کتێبەکانەوە نیشتەوە.. لە قاتی سەرەوە کتێبەکانی سەعید حەواو فەتحی یەکون، قەتاریان بەستوە و دەستی یەکتریان گرتوە.. لە قاتی ناوەڕاستدا هەر سێ موجەلەدەکەی (( فقه السنه )) ی سەید سابق وهەر شەش موجەلەدەکەی (( فی ضلال القران ))ی سەید قوتب ڕیزیان بەستوە.. لەقاتی خوارەوەشدا چەندین نامیلکەو کتێبی حەدیس ومێژوویی و دیوانەشیعرو چیرۆکێ دانراون..

ئەم کە (( فی ضلال )) و ((فقه السنه )) کەی دی، بە دەستی خۆی نەبوو، شتێکێ وەکێ خوڕەی ڕۆندکێ، لەگەرویدا نرقاو، پەلەهەوری چاوەگەورەکانی بروسکەیاندا..

ئەو ڕۆژەی بە بیرهاتەوە کەلە ئۆردوگای سیروان بوون، ئەم دوو کتێبەی کڕی، بە ئومێدی ئەوەی کە گەورە بوو، کەڵکیان لێوەرگرێت..، کاتێکێ لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کتێبەکانی دەهێنایەوە بۆماڵەوە، دەتگوت شەوی زاڤانیەتی، دەتگوت پەرداخێکەوزاف بووە لە بەختیاری..

ئاخر لە قوتابخانەدا، مامۆستا موسڵمانەکانی
هەر باسی ئەم دوو کتێبەی بۆ دەکەن، لە مزگەوت
مەلارۆشنبیرەکان، هەر باسی ئەم دووانەی بۆدەکەن
هاوڕێ بەتەمەنەکانیش، شەو و ڕۆژ سەریان کردووەتە
ئەم دوو کتێبە.. بۆیە ئەمیش هەر دووکیانی کڕی.وەلێ
جەخار، شادیەکەی نەبوو بە ماڵێکی لە چرۆدروست
کراوی کوێستانی، نەبوو بەو ژاژەلانەی ئێواران لەگەڵ
شەماڵدا سەما دەکات، ژارماسی هەواڵێک هەرلەڕێ
گێژی کرد.. هەواڵی کوشتنی باوکی..!!

شەڕی نێوان عێراق وئێران زۆر کەسی بەرەو دنیای
مەرگ ڕاپێچ کرد، زۆر منداڵی بێ باوک و زۆر ژنی بێ
مێردو زۆر کچی بێ دایک کرد..!!

ئەوە لە ڕۆژێکی ساتۆری ئاوادا، پەرداخی کامەرانی
لە دەستی کەیوان کەوتە خوارەوەو ((عبدالرحمان))ی
باوکی، لە جەنگێکدا کە هیچ پەیوەندیەکی پێیەوە
نەبوو، لە جەنگێکداکە ستەمکاران بە زۆر جلی
سەربازیان پێ لە بەر کرد بوو، ناردبوویان بۆ شەڕکردن و
کوژراو تەرمەکەیان فڕێدایەوەبەر ئاڤەرەکەیان..

لەسەرکورسیەکەهەستا، بەچەند هەنگاوێکی چکۆلە
گەیشتە بەردەمی پەنجەرەی ژوورەکەی، دەستی

بەرزکردەوەو پەردەکەی لادا، لەم دیووی شووشەی پەنجەرەکەوە تەماشای سەر جادەکەی کرد.. باران بە خوڕ دەبارێو، جەستەی شەقامەکانی دەشت.. خەڵکیش زۆر بەپەلە بەڕاست و چەپدا دەهاتن ودەچوون.. هەندێک لەبارانەکە ڕایان دەکردو هەندێکی دی بۆ نیو بارانەکە ڕایان دەکرد، دنیا هەر وایە..!!

سەری بەرزکردەوە، دەیویست لە ئاسمانی سالۆر ڕابمێنێ، بەڵام نەیتوانی، پەڵە هەورەکان دایان پۆشی بوو، پەڵە هەوری ڕەش هەر سافانیان دەڕژاند!!

سەری دانەواندەوە.. ئەمجارەیان سەرنجەکانی ودرەختی بەر پەنجەرەکەی، ئاوێتەی یەکتری بوون.. سەری لە درختەکە سوڕدەما.. چۆن لە ژێر تاڵاو و زەبری تۆف و ڕەهێڵەی زستاندا خۆی دەگرێت وزیوال زیوال نابێ.. تۆ بڕوانە ئەو بارانە چۆن بەر دەوام لاشەی گەڵاو لقەکانی دەرزی ئاژن دەکات، کەچی وەکو ساسون پێدەکەنێ..!!

ئەم درەختە و ئەم بارانە ئەو ڕۆژانەی بە بیر دەهێنایەوە کە لەگەڵ دایکی و دوو برا چکۆلەکەیدا ئۆردوگای کۆتو زنجیر کراویان بە جێهێشت وهاتنە ئەم شارە.. ئەو ڕۆژەش هەروا باران بوو.. بەڵام ئەم گوێی

ئەدەدایە.. گرنگ ئەوەیە ماڵەوەی ڕازی کردوە بێنێ
سلێمانی...، بەڵای ئەوەوە ئیتر بارانە یان بەفر، گرنگ
نیە، ئەم سلێمانی دەویست، ئەم کاری بەم شارە هەبێ
کارێکی پیرۆزو مەزن..!!

پەنجەرەکەی بەجێهێشت، جارێکی دی تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە، چارەکێکی ماوە بۆ هەشت، لێوەکانی نایەسەر یەکو ئەستۆی بەهێواشی ڕاوەشاند.. لە سەر مێزەبچکۆلەکەی قەراغ کتێبخانە سێ قاتیەکە، کتێبێک دانرابوو.. ناوی ((المستقبل لهذا الدين))ە، نووسەرەکەی سەید قوتبە، ئەم لێی نزیک بوویەوەو هەڵیگرت.. وێنەیەکی سەید کەلەم ڕۆژانەدا دەستی کەوتبوو لە نێویدا بوو.. کتێبەکەی داناو وێنەکەی هەڵگرت.. لە سیمای سەید ڕاما.. بە وردیو بە قوڵی تەماشای ڕەفتاری کرد.. ڕەنگی چاوەکانی ئەو گەورە پیاوە، لای ئەم، وەکو ڕەنگی ئەو ووردە شەپۆلانەن کە تائێستا دەستی چلکنی مرۆڤە نڕناشەکانیان پێنەگەیشتووە..!!

زیاتر لە وێنەکە ورد بوویەوە.. دەموو چاوی سەید، لای ئەم وەکو شاشەیەکی تەلەفزیۆنی لێهات.. لەسەر شاشەکە پەتی سێدارەی دەبینی هەڵواسراوە.. شەمس

بەدرانی خوێن تالیش ئەوە سەیدی بە پاڵ هێنا.. جەمال عەبدول ناسری کونەپەپویش بە پێکەنینەوە ڕاوەستاوە.. سەید خرایە سەر کورسیەکێ لاشەی بەرزکرایەوە، پەتەکە خرایەملی.. بەڵام هێشتا توند نەکراوە.. مەلایەکی ڕیش تاشراوی بێ سمێلی تەرپووش لەسەر، مەلایەکی خزمەتکاری سوڵتانیش خۆیکرد بەژوراو بە سەیدی گوت:

-((شایەتومان بێنە پێش ئەوەی بمریت؟!))

سەیدیش چەند بزەیەکێ هاتە سەر لێوی، سەرێکی ڕاوەشاندو بەمەلای گوت:

-((تۆیش مەلا..؟؟ تۆیشیان هێنا بۆ ئەوەی پەردەی کۆتایی شانۆگەریەکەت پێ نومایش بکەن..!! بەداخەوە مەلا ئێمە لە سەر شایەتومان دەدرێین لە سێدارە، بەڵام ئێوە نان بەشایەتومانەوە دەخۆن))

سەیدویستی درێژە بەقسەکانی بدات، بەڵام شەمس بەدرانیڕەزونەیهێشت وزللەیەکی کێشا بە بنا گوێیداو گوتی:

-((ئەوە پیاوی ئاینییە تۆ چۆن شتی وای پێ دەڵێیت؟))

سەید گوتی -((ماشاءاللە ماشاءاللە)).

مەلا رۆیشت وئەمیش بە سەر پەتی سێدارەوە دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی ((غافر))، ئەوانیش پەتەکەیان توندتر کرد لە کۆتایشدا شەقێکیان لە کورسیەکەی هەڵدا: ئیدی سەید خنکاو شەهیدبوو..

دیمەنەکان ووردەوردە کۆتاییان پێهات و دوو ڕۆندکی گەورەیش، لەچاوانی ئەمەوە کەوتنە سەر وێنەکەو پاشان بە خۆی گوت:

مامۆستاکەم، سەیدەکەم.. دڵنیابە منیش هەمان ڕێبازی تۆم گرتوە.. بۆیە چاوەڕوانی هەمان چارەنووسی تۆم!!

-((کەیوان ئەو دەرگایەبکەرەوە.))

ئەمەدەنگی دایکی بوو لە ژوورەکەی دی بانگی کرد، دیارەڕۆحی ئەم لەگەڵ پەتی سێدارەکەی سەیدابووە، بۆیە ئاگای لە زەنگی دەرگاکەیان نەبوو.

-((بەسەر چاو، دایە گیان هەر ئێستادەیکەمەوە.))

وێنەکەی خستەوە نێو کتێبەکەو بە پەلە دەرگاکەی کردەوە، خۆیەتی.. پاش سلاوکردن کەیوان پێ ی گوت:

-((ئامادەن))
-((بەڵێ))
-((هەر ئێستا دەڕۆمەژوورەوەو دێمەوە.))
-((فەرموو))

کەیوان گەڕایەوە بۆلای دایکی و پێ ی گوت دەڕواتە بازاڕو دەگەڕێتەوە، ئەویش بە دوعایەکی خێر ڕەوانەی کرد..

کەیوان گەڕایەوەلای میوانەکەی.. ئەم میوانە گەنجێکی بیست ودوو ساڵانەیە دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکوکە..

کوڕی ئەم شارەیە..لەم شارەدا گەورەبووەو، لەزاقدانی ئەم شارەدا چاوی هەڵهیناوە، ناوی (عەلی) یە.. نێوقەدی باریکێ، سمێڵی پڕ، ڕوخساری وەکێ ئەستێرە.. نەرموو نیان..قژی کەمێکێ خاو، چاوەکانی پاکێ و بیگەرد، وەکو بەفر کاتێکێ تیشکی سەردەکەوێت.

سەرجادەکەو لەوێوە سواری تەکسیەکێ بوون. تەکسیەکە لەبەردەرکی ماڵی عەلی دا وەستا، ئەمان

دابەزین و ئەو ڕۆیشت.. کەیوان تەماشایەکی ڕاست و چەپی خۆی کرد، وێ دەچوو بزانێت یەکانە کانی بەمەی بەودەوروەدانین!! هەردووکیان نزیک بوونەوە لەدەرگاسوورەکە:

(( کاکە علی کامیان زیرەک و وریا ترە؟))

((هیوا.. چونکە زۆری لەم لاولا بیستووە، وەکو سرووشتی خۆیشی، هەمیشە حەز بەجمان دەکات.

(( ئەی سیانە کەی تریان؟))

((سیانەکەی تریان.. بابان ونەورۆز، ئەم دووانەیان هێشتا هەویرن، چۆنت بوێت دەیانکەیت بەنان.. بەڵام سەروەر پرسیار زۆردەکات بەپشتیوانی خوا ئەویش ئاسانە.))

-(( کاکە دارای برات لەماله وەیە؟))

-((بەڵێ ئەوم لای ئەوان بەجێهێشتووە))

-((ئیستا ئەوان بەتەمای خۆمانن، وانیە؟))

-((نەک هەربەتەمای خۆمانن، بەڵکوو خۆیشیان ئامادەکردووە.))

-((دووعابکە خوا ڕێگایان نیشان بدات.))

-(( ان شاء الله))

علی پەنجەی نایە سەر پلاکی زەنگەکە:

-(( کاکە کەیوان گفتوو گۆکە تۆمار بکەین؟))

-((ئەی بۆنایکەین.. بادووکلۆلی تریش کەلک لەشریتەکان وەربگرێت))
-(( شریت وتەسجیلم ئامادەکردووە.. تەنها گووتم باپرسی پێبکم))
-((خوا پاداشتت بداتەوە.))

دەرگاکە کرایەوە دارا دەرکەوتوو لەگەڵ کەیوان دەستیان خستە نێو دەستی یەکتریەوە و ئەملاولای یەکتریان ماچ کرد، ئاخر هەفتەیەکە یەکیان نەبینیوە، دارا یەکێکی ترە لە قوتابیەکانی کەیوان، تەمەنی لە بیست سالاندایە، بالای وەکو ئەو داردەوەنە وایە لە بەهاردا گولی سپی و وەنەوشەیی دەردەکات و بۆنی خۆشی لێدەبێتەوە.. دەموچاوی کەمێک پانەو ڕیشێکی تەنکی کەم، وەکو سەوزایی قەد پالی چیای لێ ڕواوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردوە و ئێستا کرێکاری دەکات.

عەلی پێش کەوت و کەیوانی مامۆستای بە دوایداو دارای برایشی دەرگاکەی داخست و فریایان کەوت..

** ** **

سلاوو بە خێرهاتن و تەوقەکردن کۆتایی پێهات، کەیوان لەلای ڕاستەوە لەنگەری گرت، عەلی لە خوارییەوە، دارایش لەخوارترەوە.. میوانەکانی دیکەیش لە لای چەپ و لە سەرەوە دانیشتن.. هیواو سەروەر هاو ڤەری عەلی بوون و پێکەوە لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکوک دەرچوو بوون.. هیوا بالا بەرزێکی چاو ڕەشی قژ خاوە، سەروەریش قەدێکی مام ناوەندی و چاوەکانی مەیلەو کەوەیەو پانتۆلێکی نیلی و چاکەتێکی ڕەشی لە بەردایە.. نەرۆزو بابانیش هاوتەمەنی یەکترین.. لەپۆلی شەشەمی ئامادەیدا دۆستی نزیکی عەلی بوون، ئێستا لە پەیمانگای پزیشکی بەغداد دەخوێنن وهەر ئەم سالیان ماوە، تەمەنیان لەدەربەندی بیست سالیدا یە، وەکو دوو گولالەی بۆن خۆشوان، هێندە ناسکن دەڵێی لە ژیاندا دەستیان بەگزنگی ناوماڵیشەوە نەداوە.. ژیانی ئەم دووانە بەم شێوەیە تەواو دەبێ.. خوێندنی پەیمانگا، گەڕانەوە بۆداخلی، نان خواردن و، خەوتن، پیاسەکردن و تەواو..!!

هەنووکە بەمۆڵەت گەڕاونەتەوە بۆماڵەوە، دوێنێ کە بەیەکەوە عەلیان بینی هاتنەوە بۆلایی ولەو بازاڕە گەورەدا پاش دابڕینێکی یەک ساڵی، شادبوونەوە بە

یەکتر.. ئەوان دەیان ویست باسی ژیانی داخلی و پەیمانگاو تێکەڵاوی کوڕو کچ و ئەمانەبۆعەلی بکەن، ئەیان دەزانی عەلی موراهقیەکەی جاران نیەو ئێستا خاوەنی عقیدەو بەرنامەو ئاکارێکی نویٚ یە.. ئاخر عەلی پێش ئەوەی کەیوان بناسێت وەکو ئەوان وابوو.. یەکٚ هیواو، یەکٚ جۆر ژیان و، یەکٚ سروشتیان بوو..

بەڵام خوای گەورە چرایەکی بۆهەڵکردوو لە ڕێگای یاری تۆپی پێوە کەیوانی ناسی و بوو بەم عەلیە.. کەئەوان ویستیان دەرگای ئەو باسانە بکەنەوە، ئیدی ئەم باسەکەی گۆڕیی و کەمێکٚ لەژیانی خۆی بۆ باس کردن و، پاشان دەستیان کرد بە گفتو گۆ لە بارەی عقیدەوەو دواتر عەلی تیٚ ی گەیاندن کە سبەینیٚ، واتە ئەمڕۆ، سەعات هەشت و نیوی سەر لەبەیانی برایەکی تێگەیشتووی ڕۆشنبیری موسوڵمان و دوو هاوڕێی خۆی لەسەر هەندیٚ کێشەی عەقیدە گفتوگۆدەکەن، ئەوانیش دەبیٚ ئامادەبن.. ئەوانیش داواکەیان بە سنگٚ فراوانیەوە وەرگرت وبڕیاری ئامادەبونیاندا

میوانەکان چاویان لە کەیوان نەدەتروکان، حەزیان دەکرد بەردەوام تەماشای بکەن، لەو تەماشاکردنەیان دا، هەستیان بە بەختیاری دەکرد، بەختیاریەکٚ وەکو

باشماخی بەمەیی لەڕوویان دەئالا، بەختیاریی
یەلخاوی دەکرد سەر کیشوەری ناخیان.. هەستیان بە
فرمێسکی ناسودەیی دەکرد، فرمێسکێ لە سارای
دەرونیاندا هەنووکە سەما دەکات.. ئەم
نورەتەلیسماویەکەی سیمای کیوانە کەیوان..!!
نورێکەلەپاشماوەی نزیک بوونەوە لە خواو توانەوە
لەعەشقی خودا دێتەسەر ڕووپەڕی ڕوخساری مرۆڤ و
وەکو چل چرای شەوی یەلدا دادەگیرسێ..

کەیوان چەند بەزمان و ووشە درکاندی خەلکی بانگ
دەکرد بۆلای ئیسلام، دوو هێندەی ئەوە، بەو نورە
خەلکی بانگ دەکرد کە لەبیلبیلەی چاوەکانیدا و لە
هەردوو گۆنایدا ولەسەر لێوەکانی دەدرەشایەوە.. کەیوان
بڕوای ڕەهای بێ سنوری بەم ئایەتە بوو ((واتقوا الله،
ويعلمكم الله)).. زۆر هەولی دەدا بۆ گەیشتنی بە
دوندی تەقوا، چونکە دەیزانی لەوێ، عەقل وهۆش
وتەمەن ڕۆلیان نامێنێت و خوای گەورە زۆر شت فێری
مرۆڤ دەکات.. ئەگەر سەعاتێکی تریش دابنیشتنایە،
ئەوسا چاویان لە نورەکەی کەیوان نەدەتروکان، عەلیش
ئەوەی هەست پێکرد، بۆیە مۆلەتی لەکەیوانی
مامۆستای خواست وگوتی:

-((براینه.. بالەمەزیاتر چاوەڕوانی یەکتری نەبین.. ئێستا ئێوە، بە ئارەزووی خۆتان، پرسیارەکانتان ئاراستەی کاک کەیوان بکەن و ئەویش وڵامتان دەداتەوە کاک هیوا فەرموو پرسیارەکەت بکە.))

هیوا کۆکەیەکی کردلەشوێنی خۆی دا کەمێک جولە جولی کردو پاشان سەری بەرز کردەوەو گوتی:

-((ئەوەی ڕاستی بێ کاک کەیوان من مێشکم بە پرسیارێکەوەسەر گەرمە، ئەگەر بیکەم، دەترسم دلت گەرد بگرێت))

-((بەپێچەوانەوە کاک هیوا، من کاتێک دلم گەرد دەگرێت، کە تۆپرسیارێکت لە دلدابێت و نەیدرکێنی چۆن پرسیار دەکەیت و لەچی پرسیار دەکەیت بیکەو هیچ لەدلتا مەیەلەرەوە.))

-((کەواتە من بە ئازادانە پرسیار دەکەم؟))

-((منیش بە ئازادانە وڵامت دەدەمەوە، ئێستا فەرموو دەست پێبکە))

عەلی بە پەلە تەسجیلەکەی هێناو لەناوەڕاستی هەموویاندا قیتی کردەوەو ئامادەی تۆمار کردنی کرد..

زۆربا عەشتارە سپییەکەی بەر دەمیان گرێکی شینی جوانی لێ بەرز دەبۆیەوە، هیوا پاندانەکەی بە دەستەوە گر تبوو پاشان گوتی:

-((باشە کاک کەیوان تۆ چۆن دەتوانیت بیسەلمێنیت کەخوا ئەم گەردوونەی درووست کردووە؟))

کەیوان، ژێرجلەکیانە، تەزوی کامەرانیەک لەناڤەری دڵیدا بزوا، چەند ڕۆژە کتێبی (اللـە) ی (سعید حوی) ی بەدەستەوەیەو دەیخوێنێتەوە، خـوای گـەورە چۆن کارەکان ڕێک دەخات..

ئەم پرسیارە لەچەند ین شوێنی ئەو کتێبەدا وەڵامی دراوەتەوە.. ئێستا لاپەڕەکانی ئەوکتیبە وەکو لەبەرچاوانیدا بێت وایە..

گووتی:

-((براکەم.. بۆئەوەی گووفتووگۆکەمان زانستیانەبێت، حەزدەکەم قوڵتر لەم کێشەیە بدوێین.. ئەم پرسیارەش وەنەبێت تەنها جەنابت کردبێت.. ئەم پرسیارە لەرۆژێکدا چەندین جار دووبارەدەبێتەوە.. جابۆئەوەی لەم بارەوە بگە

ینە حەقیقەت ودڵنیاببین دەبێت سەرجەمی ئەوتیۆرانە باس بکەین کەپەیوەندن بەم باسەوە.))

-(( بەڵێ.. جێگای خۆیەتی.))

-((سەرجەمی فەیلەسووف وزاناکان هەرلەکۆنەوە تائێستا، چەندین بۆچونیی جیاجیایان لەم بارەیەوە بووە، بەڵام دەتووانین لەم چوار خاڵەدا گەڵاڵەیان بکەین:

١- ئەم گەردوونە بێ یاسایە، واتە لەم گەردوونەدا هیچ شتێک لەسەر یاسایەکی دارێژراو ناڕوات بە ڕێوە و حاکم تەنها تەوری هەڕەمەکی و فەوزایەو، گەردوونی بێ‌یاساو پڕلە هەڕەمەکیش دیارە خوای نیە و بێ‌خوایە.

٢- ئەم گەردوونە لەڕێگای ڕێکەوتەوە هاتوەتەبوون و لەزاڤدانی ڕێکەوتەوە یەکەم خانەی درووستبووە.

٣ - گەردوون هەربووەو ئەزەلیەو بێ سەرەتایە.

٤ - خوایەکی بەدەسەڵات و تواناو داناو زانا دروستی کردوە.

نەورۆز گوتی:

-(( بڕوابکە کاک کەیوان، لەپەیمان گاکەی ئێمە هەمیشە لەم بارەیەوە قسە گەرمە.بەڵام من لەبەر

ئەوەی شتێکی وای لێ نا زانم خۆمی لێ بەدوور دەگرم وزۆریش حەز دەکەم بەوردی لێی شارەزاببم.. هیوام وایە بەدرێژی لەسەر ئەوچوار خالەبڕۆیت.))

کەیوان لەڕوخساری ئەورۆزدا پاکێتیەکی بەدی دەکرد، پاکێتیەکێ تائەم ساتەوەختە لێڵ نەبووە، بزەبەدەمیەوە خنایەوەو گووتی:

-((ان شاء ا للّه))

پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای هیوا:

-((تا ئێستا خۆ هیچت نیە؟))

-((نەخێر.. فەرموو))

-((هەندێک لە فەیلەسوفەکان بڕوایان وایە، ئەم گەردوونەلە بێ یاساییەکی ڕەهادا دەژی و گەردوونی بێ یاسایش، دیارە بێ خوایە، چونکە خوا کاری بێ یاسا ناکات.

بەڵام لە ڕاستیدا وانیە، ئەگەر بەوردی لەم گەردوونەڕابمێنین بۆمان دەردەکەوێت لە ئەتۆمێکی چکۆلەوە کە بە چاو نابینرێت تا دەگاتە گەورەترین

پارچەی ئەم بوونەوەرە لەسەر یاسا دەڕوات و ئەوەی پێی بگوترێت، بێ یاسای تیایانیە.))

-(( چۆن..؟ دەتوانی بۆمان ڕوون بکەیتەوە؟))

-(( بەڵێ....، بۆ نموونە لە ئەتۆمدا هیچ ئەلیکترۆنێک ناگوێزرێتەوە بۆ خولگەیەکی تر هەتا بارگەیەکی نەدرێتێ، کە بەرامبەر بێ بەهێزی جولەکەی بە دەوری ناوکدا.

لە مەجەڕەکانیشدا بە هەزاران هەتاو ئەستێرە لە ناودەچن و هەزاران هەتاوئەستێرەی دیکە پەیدا دەبن، بەڵام هەموویان بەپێی ئەندازەیەکی زۆر ورد ویاسایەکی نەگۆڕاو.

زاناکان دەڵێن.. کۆمەڵەی خۆربەدەوری کەشکەشانیدا دەسووڕێتەوە دیسان ئەم مەجەڕە گەورەیە، بەو هەموو ئەستێرە و هەتاوانەی کە هەیەتی بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، بەمەرجێ ئەوەندە فراوانە بە دووسەد ملێون ساڵی تیشکی ئەمجا دەورەیەک تەواو دەکات.. لەکاتیئەم سوڕاندنەوەیەدا لەگەڵ مەجەڕەیەکی تردا تێکەڵ دەبێ بەبێ ئەوەی تاقە ئەستێرەیەکی ئەو مەجەڕە بەسنووری مویەک بەری ئەستێرەی مەجەڕەکەی تر

بکەوێت.. جا ئەگەر گەردن لەسەر فەوزاو هەرەمەکی ببزوێ و یاسایەکی نەبێ، چۆن ناکەون بەسەر یەکدا و دنیا تێک ناچێ!!

بابان کەوەکو مرۆڤێکی سالاروژیر گوێی گرتبوو، گووتی:

-((بەڕاستی ئەوەی بڕوای بەبێ یاسای ئەم گەردوونەبێ، ئەوە خۆی دەخەڵەتێنێت.. زانیاری سەلماندویەتی کەخۆر سەد وپەنجا ملیۆن کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە ئەگەر کەمێک نزیکتر بووایە هەموویان دەبوونە هەڵم، ئەگەر دووتریش بوایەوەکو بەستەڵەکمان لێ دەهات.. ئیتر بێ یاسای چی؟))

-((زۆر ڕاستە کاک بابان ئێستا بابزانین کاک هیوا دەڵێت چی؟))

-((منیش قەناعەتم وەکو ئێوەیە و هیچم نیە.))

-((تیۆری دووەم دەڵێت گەردوون بەڕێکەوت دروست بووە.))

هیواداوای مۆڵەتی لەکاک کەیوان کردو گووتی

-((ئەم تیۆرە زۆر بێ بناغەیە، پێم خۆشە بەجێی بێلیت وبڕۆینە سەر خالی سێیەم..))

-(( چاکە.. منیش پێم خۆشە.. چونکە ڕێکەوت یانی عەقڵ سەربڕین و گاڵتەکردن بە مرۆڤ..، تیۆری سێیەمیش گوتمان دەڵێت: گەردوون ئەزەلیە.. یان ڕونتر بڵێم.. دەڵێت سروشت گەردونی دروست کردووە، وانیە؟))

-(( بەڵێ وایە!))

-((جا ئەگەر ئێمە بەتەرازویەکی زانیاریانە وشەی سروشت بکێشین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت لەم سێ واتایەی خوارە دەرناچیت:

• یان بریتیە لەو کۆمەڵەماددەی کە ئەم گەردوونەی لێ دروست بووە، یا خود بریتیە لەهێزێکی بەدەسەڵاتر لەمادە، بەڵام هەڕەمەکیانە کار دەکات، یان بریتیە لەهێزێکی بەدەسەڵاتر لە مادە و زانا ودانا و ئاگادار لەهەموو شتێک..

ئەگەر سروشت مەبەست پێی ئەم ماددە کەڕوکوێرەبێ، ئەوە هەرگیز توانای دروست کردن لە نەبوونەوە بۆ بوونی نیە.. چونکە وەکو عەرەب دەڵێت (فاقدالشی لایعطی)مادە خۆی عەقڵی نەبێ لەکوێ

دەتوانێ بیبەخشێ، خۆی ڕۆحی نەبێ، چاوی نەبێ،
هەستی نەبێ، لەکوێ دەتوانێ بیبەخشێ؟))

نەورۆز:

-((هەرگیز ناتوانێ بیبەخشێ من پارەم پێ نەبێ
کابرای سواڵکەر تا ئێوارە داوام لێ بکات، لە کوێ
دەتوانم پارەی بدەمێ.))

کەیوان:

-((کەواتە سروشت ئەگەر ماددە بێت ئەوە توانای
خولقاندنی نیە، خۆ ئەگەر خاڵی دووەمیشیان مەبەست
بێت.. واتە بڵێین.. سروشت هێزێکی باڵاترە لە ماددە،
بەڵام هەڕەمەکیەو فەوزەویە.. ئەوە من پێیان دەڵێم..
ئەو سروشتەی کە کارەکانی هەڕەمەکیە و دوورە لە ژیری
و عەقڵەوە چۆن دەتوانێت دروست کراوەکانی لەسەر
یاساو عەقڵ بڕۆن بەڕێوە؟بڵێی دروستکراو لە دروست
کەر چاکترو ڕێک وپێکتربێت؟))

هیوا:

هەرگیز شتی وا نابێ..

کەیوان:

-((کەواتـە براکـەم.. ئـەوانیش دەیانـەوێت بلێـن هـێزێکی داناو زاناو ئاگادارو بـە تووانـاو ووریـا ئـەم گەردوونەی دروست کردووە..

بەڵام ئەوروپاییەکان لەبەر ئەوەی کەنیسە داخی زۆری ناوەبە دڵیانـا، ئـەو هـێزە ناونـانێن خـوا.. نـاوی دەنێـن سروشت..، ئەگینا هەموو بەڵگە زانیـاری و عەقلیـەکان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن و دووپاتی دەکەنەوە کە خوایـەکێ هەیە و ئەم بوونەی دروست کردووە.))

هیوا قسەکانی کەیوانی زۆر بەدڵاچوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

((ئەشهەدو، تائێستـا لـەم بارەیـەوە مـن هیچـم نـەزانیوە و هـەر وەکـو توتـی شـتی خـەڵکیم دووبارەکردۆتەوە))

عەلی لە هیوا ڕاما، دەیویست لە ڕوخساری دا دڵی بخوێنێتەوە، پێ ی گوت:

-((کاکە هیوا، لەم بارەیەوە پرسیارت ماوە؟..

- (( نـەخێر.. زۆر سوپاسـی کـاکێ کـەیوان دەکـەم..، ئەگەر بەقوتابی خۆی وەرم بگرێت،

ئەوەمن لەم ساتەبەولاوە دەبمە قوتابیەکی گوێڕایەڵی...))

-(( خوای گەورە پاداشتت بداتەوە، براکەم..ان شاء الله هەمومان قوتابی ئیسلامین و بۆ بەهەشتی خواهەوڵ دەدەین..))

سەروەر کەتا ئەو ساتە جارجارە نەبێ قسەی نەکردبوو، مۆڵەتێکی وەرگرتو پرسیارەکەی خۆی درکاند و بەم شێوەیە دەستی پێکرد!

- ((کاکە کەیوان، تۆ سەبارەت بەم ووتەیە دەڵێت چی؟))

-((کام وتە؟))

-(( ئەوەی کەدەڵێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە، قۆناغی شیوعیەتی سەرەتا، قۆناغی کۆیلایەتی، قۆناغی دەرەبەگایەتی، قۆناغی سەرمایەداری و، ئێستا دەبێت بەقۆناغی سۆشیالزمیدا تێپەڕیت ودواتر بگات بەقۆناغی شیوعیەتی کۆتای.))

کەیوان نەرمە پێکەنینێکی پڕ لەسۆزو بەزەیو ئەوینی بۆکردو پاشان بەوپەڕی هیمنیەوە پرسی:

-(( کاکەسەروەر خۆت دراسەی ئەم مەسەلەیەت کردووە یان هەر بیستوتە؟))

-(( ئەوەی ڕاستیبێت، تەنها بیستومەو هیچی تر))
-((باشەلەزمانی عەرەبیدا چۆنیت؟))
-((باشم..دەتوانم لێی تێبگەم))
-((ان شاءاللەکتێبێ کی سید قوتبت بۆدێنم ، ئەم باسەت بەدوورو درێژی بۆ ڕوون بکاتەوە.ئێستاش خۆم وەلامت دەدەمەوە))
باپان لەوێدا بەدەست خۆی نەبووپێکەنی، دارا لێی پرسی:
-((دیارە شتێکت بیر کەوتوەتەوە بۆیە پێ دەکەنیت؟))
-(( بەلێ..پێش ئەوەی بێینەوە لەداخلی لەژورەکەی بەرانبەرمان سەعات یانزەی شەو بوو بەگالتەوفەرتەنە، کاتێک فریایان کەوتین و پرسیمان مەسەلەچیە، پێیان گوتین لەسەر ئەم پرسیارەی خۆمان بووە بەمووناقەشەیان و لەیەک نەگەیشتوون و ئاوابووە بەئاژاوەیان))

کەیوان قورگی بۆ ساف کردو دەستی پێکرد.ئەوەی سەید قوتب لە کتێبی ((نحو مجتمع اسلامی)) دا باسی کرد بوو بەوردی بۆی باس کردن وتێی گەیاندن کە بەشێکی زۆری ئەو وتەیە وەهەمەو بناغەیەکی نیە.. دوا تریش بەوردی باسی کۆمەلگەی ئیسلامی بۆکردن لە ڕیشەوە داناییانە باسی ئەوەی کرد کە مرۆڤ لەکوێوە هاتوە بۆچی هاتوەو بۆ کوێ دەڕوات..کەسەعات

گەیشتە دوانزەو نیوی نیوەڕۆ هیواوسەروەرو نورۆزو بابان جارێکی تر لەدایکێ بونەوەو لەزابەندی ژیاندا ناوی خۆیان تۆمارکردەوە..هەرچواریان تابینەقاقایان بەبەرزا ی دوندی ساسۆن پەژیوان بوونەوە لەڕابووردویان وبڕیاریاندا لەمەو دواهەریەکەیان ببێتە شاتارێکێ ولەباوەشی ڤارێکی ڕازاوەو پڕلەگوڵ وکامەرانیدا خۆشترین گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی بڵێت..

هەستان هەر چواریان یەکێ یەکێ دەستیان خستە نیو دەستی کەیوان وبڕیاریان دا تادوا دڵۆپەی خوێنیان لەگەڵیابن بۆدروست کردنی کۆمەڵگە یەکی ئسلامی..

کاتێکێ ویستیان بڕۆن عەلی ودارا نەیان هێشت و گووتیان:

-(( ماڵەوە نانیان بۆ ئامادەکردوین دەبێت لێرە نانی نیوەڕۆ بخۆن))

ئیدی بڕیاریاندا بمێننەوە و عەلیش شریت وتسجیلە کەی پێچایەوە.

# ٢

پاش ئەوەی لەنان خواردن بوونەوە ، کەیوان مۆڵەتی لێوەرگرتن بەو پەڕی چاپوکیەوە لەماڵی عەلی وە دەرکەوت.. بە دوو پاس گەیشتەوە ماڵی خۆیان.. کتێبەکانی هەڵگرت و بەپەلە بەرەو قوتابخانە بڕوا..

کاتێک گەیشتە سەر جادەکە دیسان ئاسمان بروسکەی داو تنۆکە باریوەکان بوونەوە بەتەتەرو نامەی گەواڵە هەورەکانیان دایەدەستی زەوی..

کە دڵۆپەکان لاشەی زەویان پاک دەکردەوەو دەشۆرد ، ئیدی کەیوان چەدەنەی ناخی دەهەژا ، چلۆی دڵی هەڵدەپەڕی و ، چەپەری خەمەکانی تەختی دەبوون و ، دنیای ناوەنی دەبویە سارایەکی پڕ لە گوڵی سپی..

پاسێک هات و لە بەردەمیدا وەستا ئەم بە یەک چرتک سوار بوو، لەسەر کورسیەکی لای ڕاست دانیشت، جارێکی دیکەیشی چڤێکی هەر دوو دیدەی لەجامی پاسەکەوە هەڵفڕێنە بەر بارانەبەخوڕەکە..

ئەم لەو ڕامان و وردبونەوەیەدا، ڕاستیەکی تارا بەسەری وەک بووکی دەبینی، ئەو ڕاستیە وای لێ دەکات هەرگیز تێر نەبێ لە ئاوێزان بوونی سافانەکان..!!

ڕاستیەکە لە مێشکیدا وەک چریسکەیەک وایە، هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە دەکوژێتەوە و هەڵدەبێ....بێگومان لە ساتەوەختی بارانا چریسکەکە هەڵدەبێ و مێشکی ڕووناک دەکاتەوە، کاتێکیش باران نامێنێ ئێدی ئەویش دەکوژێتەوە..

ڕاستیەکەیش ئەوەیە هەمیشە خۆی وا دەبینێت تاوێکی بەخوڕی بارانی ئەم ئیسلامەیەو مرۆڤە چڵک گرتووەکانی ئەم سەر زەویە دەشواتەوە..!! پاسەکە بەسەر جەستەی جادەی تازە شۆراودا تێپەڕی..کەگەیشتە نزیکی قوتابخانەی ئامادەی پیشەسازی کەیوان دابەزی تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستی کرد، تێگەیشت کەوانەی یەکەم تێپەڕبووە.. بەخۆی گوت:

((ئەگەر لەپێناوی ئیسلامەکەمدا نەک قوتابخانەکەم گیان و خوێنیشم دابنێم هێشتا هەر کەمە.. جگە لەوەیش من ئەم ساڵ پۆلی دووی پیشەسازیم، تەنیا ساڵێکی ترم ماوە، ئیتر دەبێ قوتابخانە بەجێبێلم وبڕۆم بۆ سەربازی..!! باشتر وایە هەر چۆنێکم کردووە دووساڵی کە خۆم بهێڵمەوە، بۆئەوەی بتوانم بانگەوازەکەم زیاتر بڵاو بکەمەوە.))

لەدەرگای قوتابخانە چووە ژوورەوە، بینی قوتابیانی پۆلەکەی لەهۆڵەکەدا، دوو دوو، سێ سێ کۆبوونەتەوە، لەکۆمەڵێکیان نزیک بویەوە و سڵاوی لێکردن، ئەوانیش بەگەرمی وەڵامیان دایەوە..ئەم پرسی:

-(( دەڵێی مامۆستای عەرەبی نەهاتووە))

یەکێک لەقوتابییەکان گوتی:

-(( نەخێر دەڵێن نەخۆشە..کاک کەیوان تۆ جارێ واز لە مامۆستای عەرەبی بێنە..))

-(( بۆ..؟ چیە..؟ خوا نەخواستە هیچ بووە؟))

-((هیچی وانەبووە.. بەڵام پرسیارێکمان بۆ دروست بووە.))

-((ئادەی.))

-((باشە ئیسلام ماتریالیزمە یان ئایدیالیزم.؟))

کەیوان زۆر حەزی بەم پرسیارانە دەکرد..پێی خۆشبوو ئەم پرسیارانەی لێبکرێت، چونکە دەیزانی چ گیروگرفتێکیان بۆلاوان دروست کردووە.. دەیزانی ئەم پرسیارانە چ جۆرە چیلەمێیەکی گەڕۆڵن و چۆن لەبۆشایی شەوی تاری مێشکی لاواندا شڵپ و هوڕیانە..

بۆیەکاتێک پرسیارەکەی لێکرا بەئەسپایی لێوەکانی ترازاندو بەخاوەنی پرسیارەکەی گوت:

-((کاکەگیان، دەبێت سەرەتا لەئایدیالیزم و ماتریالیزم بگەین..ئەوجا بزانین ئیسلام کامیانە..))

-(( بەڵێ وایە))

-((کەواتە شێوەی پرسیارەکەت بگۆڕە!!))

-(( چۆن؟))

-((جارێ بلێ ئایدیالیزم و ماتریالیزم چین؟))

-(( باشە چین؟))

وردە وردە قوتابییەکانی دیکەیش هاتن و کۆبوونەوە، کەیوان گوتی:

-(( ئایدیالیزم بەکۆی ئەو بیروباوەڕویاسایەدەگوترێت کە جێگایان تەنها خەیاڵی مرۆڤەو هەرگیزاو هەرگیز نایەنە نێو دنیای واقعیەوە..ئەوانەی سەر بەم

ئایدولۆژیەیان باوەشیان بەغەیبدا کردوەو بڕوایان بەهیچ شتێکی دیکەنیە..بێگومان ماتریالیزمیش دەقاودەق پێچەوانەی ئایدیالیزمە..))

-(( ئەی ئیسلام کامیانە؟))

-((هیچ کامیان!!))

-((چۆن؟))

-((ئیسلام ئاینێکە، لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بۆ غەیب دەڕوانێت و تەفسیری دەکات، دوور لە لێکدانەوەی هەلگرانی بیری ئایدیالی لێکی دەداتەوە، هەروەها ماددەیش لای ئیسلام بە هیچ جۆرێک ڕەت ناکرێتەوە، بەڵام ئیسلام بە ڕوانینی تایبەتی خۆی لەمادده دەگات))

-(( چۆن))

کەیوان ویستی وەڵامی بداتەوە، وەلێ هورووژمی یەکێک لە قوتابیانی پۆلەکەی وەڵامەکەی تاساندو ئەو قوتابیە بەبێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنێ زاری بکاتەوە خوی کرد بە نێو قوتابیەکانی دەوری کەیواندا و بە توندی زللەیەکی کێشابە بناگوێی کەیواندا..

بـەڵام ئـەم هيـچ تێـک نـەچوو، تەماشـایەکی قوتابیەکەی کرد، بەباڵا هەر هێندەی خۆی دەبێت،

چاوەکـانی مەیلـەو سـەوزن، قـژی زەرد، دەمـو چاوی سورو سپی، ئەمەئەو کورەیە کە لە پۆلەکەیاندا

پێی دەڵێن سۆرانە شیوعی..کەیوان چاکی دەناسی قوتابیەکـان ویستیان پـەلاماری بدەنـێو ونجـڕ ونجـڕی بکەن، وەلێ ئەم ڕایگرتن و خۆی لێی چوویـە پێشـەوە، ئەمجارەبەنەرمی بۆی ڕوانی و، پێی گوت:

-((کاکە سـۆران.ئەگـەر دەسـتت ئـازاری پـێ ناگـات فەرموو زللەیەکی تریش لەلای چەپیشم بدە؟))

سـۆران ڕق و قینـی دنیـای چـەند زۆرە وێدەچـوو پەرچاوانی دڵی گرتبێ، ڕق لە کەیوانی مرۆڤ و کەیوانی پەپوولەو کەیوانی گوڵەگـەنم.. بۆیـە ئـەم جارە توندتر، دەستی بەرز کردەوەو زللەکەی لێداو.!!!ڕۆیشت..

قوتابیەکان سـەریان لـەم کـارەی کـەیوان سوڕ دەما لەئاستی ئـەم ئاکارەیدا حەپەسابوون، نـەیان دەزانـی چیبکـەن و چی بڵێـن...، وایـان هەسـت دەکـرد کـە

تێکشکاون، بەڵام کەیوان وا نەبوو، هەستی بەسەرکەوتن دەکرد...!!

خێرا دوای قوتابییەکە کەوت، گەیشتە پۆلەکەی بینی سۆرانە شیوعی لە دوای دواوە دانیشتوە، هەردوو ئانیشکی دەستی لەسەر مێزەکەدایەوپەنجەکانی لە نیو قژە زەردەکەیدا ونبووەو سەری بۆ خوارەوە بەرداوەتەوە، ئەم بە چەند هەنگاوێک گەیشتە ڕاسەری و دەستی ڕاستی بەرزکردەوە، پەنجەکانی ئەوی گرت و بەو پەڕی سۆزو خۆشەویستیەوە گوشی، ئەو چاوەکانی بەرز کردەوە، ئەم بۆی خنایەوەو پێی گوت:

-(( کاکەسۆران داوای لێبوردنت لێدەکەم..بەڕاستی من بوومە هۆی زەحمەت دانی دەستی تۆ.ئەگەر ئازارت پێگەیشتبێ ئەوە دووبارە داوای لێبوردنت لێدەکەم..))

سۆران لەجێی خۆی ڕاست بوویەوەو بەرزە پێ هەستا، وەلێ هیچ هەر هیچی بۆنەگوترا، کەیوان زانی تەلی عاتیفەی گرتووە، ئیدی پێی گوت:

-((ئەو قوتابیانە پرسیارێکیان لێکردوم، دەبێ ئێستا وەڵا میان بدەمەوە خوات لەگەڵ))

بەرد ترەکی سۆران نەترەکی ئەو ڕۆیشت و ئەمیش بەتەنها مایەوە..لە شوێنی خۆیدا نەبزوا، تا زەنگی قوتابخانە لیێ داو قوتابییەکان هەموویان ئەمسەرەو سەریان پیێ کەوت و پۆلەکەیان پڕبوو لەقوتابی پۆلەکانی دی.

★★

★★

★★

ماوەی وانەی ئەمڕۆی قوتابخانە تەواو بوو، کەیوانیشی بەو هەڵوێستەی خۆی سۆرانە شیوعی کرد بەلاتار، کردی بەو بەردەی کەلەکەژ گلار دەبێتەوە بۆنێو جەنگەڵ وهیچ شتێک ناتوانێت ڕێگای تەوژمەکەی پێ بگرێت.

هەروەکان سەر لە نوێ دەیانویست بە کوڵ بگرین و هەرچی ڕۆند کیان پێیە هەڵیرێژێ..سۆرانیش وەک دارتویەکی بێ گەڵای زەرد هەڵگەڕاو، بێ ئاگا لە گرماندنی هەورەکان، بەجەستە چاوەڕوانی پاسی دەکرد، بەڵام مێشکی، هەستی، سۆزی، دڵی سەرتاپا ڕۆحی هەر لای کەیوان بوو..

بەردەوام لە قوڵاییەکانی ناخیەوە لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا دەدواو دەیگوت:

((تۆ بڵێی کەیوان مرۆڤێک بێ وەک هەموو ئەم مرۆڤانەی دەورو بەرم...؟بڵێی ئەم کەیوانە هەمان جەستەو عەقڵ و ڕۆحی ئێمەی هەبێ باوەڕ ناکەم.. نەخێر باوەڕ ناکەم..!!!.......!!! باشە بۆ باوەڕ ناکەم..؟..ها..بۆ باوەڕ ناکەم.....!!! کوا..چی لە ئێمە زیاترە؟ها..چی لەئێمە زیاترە؟..؟..... هیچ..!!.....)) چیی؟ هیچ..؟

چۆن هیچ..؟... ئەگەر هیچی لە ئێمە زیاتر نیە ئەی بۆ چی من ناتوانم وەکو ئەو وابم..؟ بۆ ناتوانم ببمە خاوەنی ئەو ڕەوشتە بەرزانەی ئەو..؟ ها.. بۆ ناتوانم...!))

ئەم پرسیارە چەند جارێک لەناخیدا دەنگی دایەوە، ناخ دای بە هەستی، هەست دای بە عەقڵ عەقڵ گەیاندی بە سۆزی.. سۆز دایەوە بە غەقڵ و ئێدی لەوێدا لەنگەری گرت.. جەستەی پرسیار، کەوتەبەر شاڵاوی دادگای پشکنینی عەقڵ..

وەلێ یا زوخ، هەر لەم ساتەدا، پاسێک وەستا، یەک دوو نەفەرێک دابەزین و ئەمیش سوار بوو.. تەنها جەستەی سوار بوو.. ئەگینا، ناخ و هەست و سۆزو

## عەقڵی لە بوونە مادیەکەی دابڕا بوون.. سەر گەرمی دنیایەکی دیکە بوون..!!

((بۆناتوانم ببمە خاوەنی ئەو ڕەوشتە بەرزانەی ئەو؟ها.. بۆ ناتوانم..؟..!.

بۆچوونەکان لە مێشکیدا لاسامەیان دەکرد، هەر لاوری بیردۆزە بوو، لەو لێوارانەی عەقڵیدا، دوا نەفەسیان دەدا، ئەمە چ لاکێک بوو کەیوان نایەوە بۆ ئەم مرۆڤە لاژە؟

باسەکە وەکو پیاوێکی پیری بە تەمەنی پشت چەماوەو گیای تەڕی خواردبێ، دەبزوا.. ئەمیش لە ناوەڕاستی لای چەپی پاسەکەدا، لەسەر کورسیەک دانیشتووە.. دارستانی ڕۆحی لەیلان تەنیویەتی.!

((باشە کەیوان ئەم ڕەوشتە پیرۆزە بەرزانەی لە کوێوە وەرگرتوە..؟.. بێگومان لە بیروباوەرەکەیەوە..؟ ئەوبیروباوەڕەی کە ئێمە بە خەوو خەیاڵ و وەهمی دەزانین و ناومان ناوە ئایدیالیزم..

باشە ئەگەر ئەم بیرو باوەڕەی کەیوان ئایدیالیزمە.

چۆن دەتوانێت مرۆڤێکی ئاوا، لەسەر رەوشتی بەرزی
ئاوا دروست بکات..؟ ها.. چۆن دەتوانێ دروستی بکات..؟
ئەم پرسیارە هەنگاوێکی تر لەکرۆکی بابەتەکەی بردە
پێشەوە، هەستی بەوەکرد خەریکە پەردە لەسەر نهێنیەک
هەڵدەداتەوە..!! پاسەکە گەیشتە دواجێگای خۆی و
ئەمیش دابەزی و، بەرەو جێگای پاسی گۆیژە بە ڕێکەوت
بێ ئاگا لەبوونی خۆیی و بەنێو ئەو خەڵکەدا ڕێگای
بڕی.. گەیشتە جێگای پاسەکان و جێگایەکی بۆ خۆی
گرت.. کە پاسەکە بزوا، ئیدی بارانیش دەستی پێکرد..
ئەمیش لەگەڵ خۆیدا تێ هەڵچوویەوە!

((گریمان ئیسلام ئایدیالیزمە و..!! ماتریالیزم نیە..!!
ئەمە چ نەنگیەکی تێدایە..!! ها..!! ئێمە دەمانەویست
مرۆڤی چاک و پاک لەنێو کۆمەڵدا بوونی ببێت..!! دەی
باشە ئەگەر ئیسلام ئایدیالیزم بێت و مرۆڤی وەکو کەیوان
دروست بکات بۆ چی خراپە..؟ ها.بۆچی خراپە!؟...

نا تۆ پێم بڵێ.. کێ گوتی.. لەم دنیایەدا تەنها دوو
ئایدۆلۆژیا هەیە.. ئایدۆلۆژیای ماتریالیزم و ئایدۆلۆژیای
ئایدیالیزم..؟؟ بۆ نابێ قسەکەی کەیوان ڕاست بێت و
ئیسلام هیچ کامیان نەبێت..؟ بۆ نابێت ئیسلام
ئایدۆلۆژیای سێیەم بێت..؟))

ئەم بۆ چوونە نوییە، لە سارای وشکی داگەراوی خەیالیدا، چاتولێکی بۆ دروست کردو، چەندین هەنگاوی تر، لە مەلبەندی چاخان و چازو، دووری خستەوە..چەند هێندەی تر تەپ وتۆزی ڕابووردی پڕ لە گزی و خەڵەتاندی لە سەر جەستەی شەکەتی تەکاند..

سۆران لەنوکی پێیەوە تاتەوقی سەری هەرلێکدانەوەو شیتاڵ کردن و تیشک خستنە سەر دوڕیانی هەق وناهەق بوو.. جیاکردنەوەی دۆزەخ و بەهەشت و ئەسرو خەندەو شادی وخەم بوو!! هێندە لەدنیای بیر کردنەوەدا ڕۆچوو بوو ئاگای لەدەورو بەری نەمابوو:

-(( کاکەدانابەزی ؟؟))

خێرا هاتەوەسەر خۆیوو دی پاسەکە چۆڵ وهۆڵە و بەتەنیا خۆی تیا ماوە ئەودەنگەیش دەنگی خاوەنی پاسەکە بوو، ئەم جێگایەش کۆتا قۆناغی پاسەکانە بۆیە بەپەلە گوتی:

-(( ببورەداوای لێ بوردنت لێ دەکەم))

سایەقەکەتەماشایەکی کردوو هیچی نەگووت ئەمیش بەپەلە دابەزی و ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەرو بەهێواشی لەگەڵ خەونەکانیدا تێکەڵ بوو.

***

***

***

بۆ سبەینێ قوتابیانی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی لەحەوشەی قوتابخانەکەیاندا ڕاوەستابوون چاوەڕوانی زەنگی چونەژورەوەیان دەکرد.. هەروەکو دووێنێ کەیوان وەک بەهارو قوتابیانیشی وەک چەپکەنێر گزو گوڵاڵە دەوریان گرتبوو، کەیوان وەک هێلانەو قوتابیان وەک جۆلەکە لەنێویدا ئۆخژنیان گرتبوو.. دیارەهەرپرسیارەو ڕێژنەدەکات بەسەریدا، هەرپرسیارەو وەکو گەڵا زەرد هەڵگڕاوەکانی وەرزی پایزو ساتەوەختی خەزان دادەبارێت بەسەریدا.

وەکو دوێنێ کەیوان وەڵام دەداتەوەو سۆرانیش هێورهێورێک لێی نزیک دەبێتوە، هەنگا وێک و دوان و سیان وپانزە، ترپەی دڵی دێت.. ئەمە ترپەی خۆشیە یان ترس؟؟ خۆیشی هێشتا بەتەواوی نازانێت، زیاتر

نزیکێ بوویەوە سەلامی کرد قوتابییان وەڵامیان دایەوە، کەیوان دەستی درێژکردوو تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵدا کردوو پاشان لەدیدەکانی ورد بوویەوە، هەستی کرد گۆڕانکاری لەقوڵاییاندا دەدرەوشێتەوە.. سۆران گوتی:

-(( کاکێ کەیوان داوای لێبوردنت لێ دەکەم ))

کەیوان زۆربەئاسای ونەرم ونیانیەوە وەڵامی دایەوە:

-(( کاکێ سۆران من ئێستاش داوای لێبووردن لەتۆدەکەم .))

ئەم وەڵامەی کەیوان هێندەی تر زەمینەی هاتنە گۆی بۆ سۆران خۆشکرد و دەرگایەکی تری لێکردەوە، پەنجەرەیەکی بۆخستەسەر پشت.

-((کاکێ کەیوان ئەو بیروباوەڕەی تۆی ئابەم شێوەیە پەروەردە کردبێت هەرگیز باوەڕناکەم ماتریالیزم وئایدیالزم بتوانن سنورداری بکەن.))

-(( نەخێر هەرگیز ناتوانن چونکە ئەوجۆرە ئایدۆلۆژیانە مرۆڤ دایناون. ئایدۆلۆژیای ئیسلامی من، خوا دایناوە، جابزانە چ جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان خواو مرۆڤدا!!!))

-(( بێگومـان جیاوازی زۆره.. بۆیـه جارێکی تریش داوای لێبووردنت لێ دەکەم و، هیوادارم لەمەو دوا وەکـو قوتابییەکی خۆت وەرم بگریت..))

کەیوان هام تەرازی سۆران بوو، لەیلانی ئەو ووشانە دەوەنی بیستنی هەژاند، ئیدی خۆی بۆنەگیراو باوەشی بە سۆراندا کرد و ئەم لاولای ماچ کرد و پێی گوت:

-(( له دا یکێ بوونی نوێت پیرۆزبێت کاکه سۆران.))

-(( سوپاس دەکەم کاکە کەیوان .. هەتا ماوم چاکەی تۆ لەبیر ناکەم..))

-(( چاکەی چی.. من ئەمە بەئەرکی سەر شانی خۆم دەزانم، ئەگەر من زللەیەکم لێ درابێ، ئەوە پێغەمبەرەکەم بەردەباران کراوە، لەکاتی سوجدەدا پیسای کراوە بە سەریدا.. کاکە گیان ئێمە خاوەنی پەیامێکین، دەبێت بە گیان و خوێن و مالی خۆمان، بیگەیەنین بە سەرجەم مرۆڤایەتی.. بۆیە ئازارو ئەشکەنجە ونارەحەتی، شتێکی سروشتین لە ڕێگامانا.. گرنگ ئەوەیە ئێمە خۆمان نە دۆڕێنین و شەیتان نەتوانێت پاشەقولمان لێ بگرێت و هەلمان خلسکێنێت..!!))

کەیوان لەوێدا بێدەنگ بوو، پاشان لە سۆران ڕاما، تابزانێ کاروانی گۆڕان کاریەکان لە چ هەورازێکە دایەنیگاکانی ڕژانە نێو دیدە سەوزەکانی ئەوەوە.ئەم چاوانەی هەنووکەئەو چاوانەی دوێنێ زۆر زۆریان جیاوازە دوێنێ پڕبوون لە ڕق و حیقد و ناڕەوایی، بەڵام ئەمڕۆ پڕن لە ئەڤین و پاکیەتی..

سۆران بەلێوی پڕلە بزەو شادیەوە گوتی:

-(( ان شاء ا للە لەمەو دوا منیش دەبمە قوتابیەکت، بۆ ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە..))

-(( نا.. انشاءاللە، هەردووکمان دەبینە برا بۆی ڕاگەیاندنی پەیامەکەمان..))

قوتابیەکانی دەوری کەیوانیش، بەم گۆڕانکاریەی سۆران گەلێک بەختیار بوون، بۆیە هەموویان پیرۆزبای یان لێکردوو ئاواتی دوا ڕۆژێکی کامەرانیان بۆ خواست..

ئەم قوتابیانەی هەمیشە بەدەوری کەیواندا بوون، هەموویانی لای خۆی وانەی ئیسلامیان دەخوێند، پۆلەکەی کەیوان سی قوتابی تیایە پانزەیان لای خۆی پەروەردە دەکرێت، ئەم پانزەیە، زۆر جار بە ئەنقەستی پرسیار دروست دەکەن و لە کەیوانی دەکەن، بۆئەوەی مامۆستاکەیان وەڵام بداتەوە.. مەبەسیشیان ئەوەبوو، پۆلەکەیان بەتەواوی بکەن بە قوتابی کەیوان، ئەوە

ئەمڕۆ خراپ ترین قوتابی ولارترین قوتابی، خوای گەورە ڕێگای نیشان دا و هاتە ڕیزەوە واتە بوون بە شانزە کەس.

*** *** ***

داهاتوو، کەیوان کتێبی (( گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ ))ی دکتۆر ((مصطفى محمود)) ی بۆ سۆران هێناو دایە دەستی و پێی گوت:

-(( ئەم کتێبە بە وردی بخوێنەوە... ئەو زانیاریانەی کەتۆ دەبێت لەم قۆناغەدا فێریان ببیت، لێرەدا هەموویان دەس دەکەوێت..))

سۆران لێی وەرگرت و گوتی:

-(( انشاءالله بەوردی دەیخوێنمەوە ))

هەر لەوێدا بەرگەکەی هەڵدایەوە دیتی لەیەکەم لاپەڕەدا نوسراوە:

(( فەلسەفە، دەریایەکە بە پێچەوانەی دەریاکانەوە، ئەوی چووەناوێوە لە قەراخ و تەنکاودا ئەخنکێت، کەچی لەقوڵی و ناو شەپۆلەکانی دا دڵنیای و باوەڕی دەست دەکەوێت.))

سەری بەرز کردەوەو گوتی:

-(( بەڕاستی قسەیەکی جوانە!!))

-(( کام؟))

-(( ئەم وتەیە!!))

ئاماژەی بۆ لاپەڕەکە کرد، کەیوان گوتی:

-(( ئا ااا.. لەڕاستیدا وایە.. ئێمە تەنها لە قەراغی فەلسەفەدا دەژین، بۆیە چاک خوا ناناسین، ئەگینا ئەگەر لەقوڵای یەکەیدا بژین هەر گیز وامان بە سەر نایەت.))

پاش دەوام، گەیشتەوە ماڵەوە، دوای نوێژی مەغریب ونان خواردنی ئێوارە گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕی هەڵگرت و لە سەر قەنەفە سورەکەی ژوورەتایبەتەکەی خۆی ئۆقرەی گرت و لەتوێی دەستێک چاکەت و بیجامەی سپیدا دەستی بە خوێندنەوە کرد..

لەگەڵ خوێدنەوەی هەر بابەتێکی کتێبەکەدا، زیاتر هەستی بەوە دەکرد هاتەری ئەو ئیسلامەی کەوەکو کۆی ئەستێران لە شەوانی ناخیدا داگیرساوە گڕەکەی ڕازاوەترو روناک تر خۆی دەهاوێت..

هەستی بەوە دەکرد، وەکو جاران مابوسێک نیەو دنیای کەڕو لاڵی مادده، چوار پەلی بەستبێ و مارزی

زەمـەنیش وەک تۆپی منداڵان، لـە گۆڕەپانی زەویـدا بەئارەزووی دەرروونی نێی هەڵدەن..

جـاران مجـرۆ بـوو، مجـرۆی دەسـتی ماڵۆسـی ئایدوئلۆژیای خەنیم بە سروشتی پـاکی مـرۆڤ، مجـرۆی دەستی یەکانەی دکتاتۆریـەتی عـەقڵی مرۆڤێکـی وەکـو خۆی، مجرۆی ماداکی گێژو حۆڵی لاسای کردنەوە..

بەڵام کـەیوانی مامۆسـتا و بابەتـەکانی ئـەم کتێبـە، کردوویانە بەمانەک، کردوویانە بە کیشوەرێکی مەعریفە و، سەرجەمی بیرە دەست کردەکانی مرۆڤی وەکو مـارزا دێتەپێش چاوو خاوەنەکانیشیان بە مرۆی خەمبار تەماشا دەکات.

کتێبەکەی دانەنا، تا گەیشتە کۆتا بابـەتی، لـێرەدا بە خۆی گوت:

-(( دەبوو دەفتەرو قەڵەمێکم ئامـادە بکردایـە، بـۆ تۆمـارکردنی ئـەو زانیاریانـەی کـە دەمـەوێت لـە یـادم نەچنەوە))

بێدەنگ بوو، پاشان بە خۆی گوتەوە:

-(( ئا.. خۆ ئەمە کۆتا جارم نابێ.. دووجاری کـەیش.. دەیخوێنمەوە (با ئەمجارە بێ نووسین بێت..)))

پاشان دەستی کردەوە بەخوێندنەوە، لەگەڵ ئەم دێڕانەدا ئاوێتە بوو:

-(( ئەو شەوەم لە یاد ناچێت کە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە گەڕانەکمدا بۆ ئەدگاڵ، لە ئەفەریقای ئیستیوائی و بە نیلی پاندا وبە کەشتیەکی سەر گیراو ئەڕۆیشتین.

تاکو لە مەڵگاڵ ڕەت بووین وگەیشتینە شوێنێ کە زۆر مێشوولەی هەبوو، نیلیش لەو شوێنەدا پان بووبوو، وەکێ بواری لێ هاتبوو چاو ئەو بەری نەئەدی.

یەکسەر ئەوانەی لە نێو کەشتیەکەدا بوون، بە کەشتیوانەکەوە نەخۆش کەوتن، لە بەر زۆری گەستنی مێشوولە، بەڵام من حەبی (کامۆکین) م بە شێوەیەکی ڕێکێ وپێکێ قووت دەدا، تاکو تووشی لەرزوتا نەبم، شەو ویستم بڕۆمە سەر کەشتیەکە تاکو سەیرێکی (سۆدان) بکەم.

دەم و چاوو دەستم چەور کرد بە ڕۆنی دژی مێشوولە و کاتێ چوومە سەرەوە شتێکی زۆر سەیرم دی، سەیرم کرد، هەزاران پەلی درەختی دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە، ئەتگوت جەژنە و هەزاران گلۆپی کارەبایی یان پێدا کراوە.. ئەکوژێتەوە و دائەگیرسێنن، دەستم هێنا بە سەر چاومدا، نەوەکو ڕێچکەو پێچکە بکات،

دیسان سەیرم دەکرد ئەوی دیبووم تەواو ڕاستە.. ئەتگوت ئەو دارانە یەکپارچە داپۆشراون بە گڵۆپ، هەر کە دابەزیم و پرسیارم لە کەشتیەوانەکە کرد، ووتی:

( ئەمانە گیانەوەری گۆ ئەستیرەن)، هەر کە ئەگرێت بەو گرە مێشوولەکان ڕائەکێشێت بۆلای خۆی و ئەیانگرێت و ئەیانخوات، لەوەختی خواردنی مێشوولەکانیشدا، گرەکەی ئەکوژێتەوە تاکوو جارێکی تر دایگیرسێنێ بۆ ڕاوە مێشوولە، ئەوە کردەوەی خوایە، هەر کاتێک شتێک زۆر بوو دژێکی بۆدروست دەکات، تاکو یەکسانی لە نێو هەموو دروست کراوەکانیدا بمێنێ و هیچیان هیچیان دانەپۆشێت..))

لەساتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەدا مێملەکان لەسەر ڕۆحی لەت وپەت و وردو خاش دەبوون، مۆرانی بەر دڵی سەری خۆی هەڵدەگرت و دەڕەویەوە.. بە خۆی دەگوت:

-((ئەمە چ یاسایەکە ئەم گەردوونە دەبات بەڕێوە..؟ ئەی چەند ساڵە بۆ من لەم ڕاستیانە بێ ئاگام..؟ ها.. بۆ چی بێ ئاگام..؟ تاوانی کێیە وا من و هەزارانی وەکو من ئەم دنیا ڕوونە نابینێت..؟

ناااای دوژمنانی مرۆڤایەتی، ئێوە ئێمە مانانتان فێر کرد بوو کە گوایە ڕێکەوت ئەم گەردوونەی دروست کردووە، ئاخر پێم نالێن ڕێکەوتی کوێرو کەڕولاڵ چۆن

توانای دانانی ئەم یاسا پڕ لە دادو یەکسانیەی هەیە..؟
ها.. پێم نالێت..؟))

پاشان سەری کردەوە بەدنیای کتێبەکە!

-(( هەر بیرم لەو شەوە ئەکردەوە، هەر بیرم لەوتەی کەشتیەوانەکە ئەکردەوە، هەموو ڕۆژێک بەڵگەم بۆ زیاتر ئەبوو، پێی ئەسەلماندم کە ئەم جیهانە شانۆی یەکسانیە لە نێو هەموو هونەرمەندەکانیدا و، هەموو بە چەندایەتیەکی زۆر ورد دروست کراون، ئەگەر زەوی بچووکتر لەو قەوارەیە دروست بکرایە، جازبیەتی کەمتر دەبوو، هەوایشی تێدا نە ئەماو ئاوەکەی هەموو ئەبوو بە هەڵم و چۆڵ ئەبوو وەکو مانگ، نەئاو، نەهەوا، نەژیانی تێدا نەئەما، خۆ ئەگەر قەوارەکەی گەورەتر بوایە، ئەوە هێزی ڕاکێشەری زیاتر ئەبوو، دیسان جموجوڵی تێدا زۆر گران دەبوو، نەمان ئەتوانی هاتوو چۆ بکەین، هەروەها ئەگەر سوڕانی بە دەوری خۆیدا زیاتر بوایەوەکو مانگ، ئەوە ڕۆژێکی ئەبوو بە (١٤) ڕۆژو شەوێکی ئەبوو بە (١٤) شەوو، ئاوو هەوای دوو هەفتە زۆر گەرمێکی گران ئەبوو، دوو هەفتەی تر سەرمایەکی بکوژ ئەبوو، پاشان ژیان تیایدا زۆر گران دەبوو.

یان ئەگەر زەوی نزیکتر بوایە لە هەتاو، وەکو ئەستێرەی (زوهرە) گەرما ئەیسوتاندین، وەئەگەر دوورتر بوایە، وەکو (زوحەل) سەرما ئەیکوشتین.....)).

کە ئەم بابەتەیشی تەواو کرد، ئیدی کتێبەکە دوایی هات، لەو ساتانەدا بوو، بەختیاری برای کە لە پۆلی سێی ناوەندیدابوو، شێوەی هاتەوە سەر خۆی، لە ژوورەکەی تر بانگی کرد:

-((کاکە سۆران، فلیمی شەو دەستی پێکرد.. زۆر خۆشە.. نایەی تەماشای بکەیت..))

سۆران لەبەر خۆیەوە گوتی:

-(( ئاااای بەخە گیان، ئەگەر دەتزانی ئێستا من لە چ دنیایەکدام هەرگیز شتی وات نەدەگوت.. بەڵام نا هەقت ناگرم..چونکە من دەمویست تۆیش بکەم بە خۆم.. هەولی زۆرم لەگەلا دایت.. تا بوویت بە نیوەی خۆم...!! ئێستایش..!! بەلێ ئێستایش دەبێ بیکەمەوە بە خۆم، خۆمی نوێ.. خۆمی تازە..خۆمی گەورە بە سۆزی ئەم گەردوونە.. نەک خۆمەچکۆکەکەی جاران))

دەنگی بەختیاری برای جارێکی تر بەرز بوویەوە:

-((ئەلێ ی نایەی..؟))

ئەم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:
-(( جارێ نایەم.. ئێستا ئیشم هەیە..))
-((خەیرە...!! پێویستیت بە من نیە؟!!))
-((با..بەڵام دوایی.. سەرەی تۆیش دێت پەلەمەکە!!))
-(( کەواتە من خۆم بە تەنیا دادەنیشم))
-(( ئەی باوکم و دایکم..))
-(( لە ژوورەکەی تر خەویان لێ کەوتووە..))
-(( کەواتە تۆیش تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەرەوە و وەرە بۆ لای من..))
-(( بۆ..؟))
-((تۆ بیکوژێنەرەوە و وەرە..))
بەختیار تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە و هاتە ژوورەکەی سۆران و هامتەرازی دانیشت، ئەم سەیرێکی پڕ لە مانای کرد، ئەو هیچ تێنەگەیشت ئەم بۆی خنایەوە، ئەو گوتی:
-(( مەسەلە چیە کاکە؟))
-(( ئەمشەو تۆیش وەک و من سەر لە نوێ لە دایک دەبیتەوە!!))
ئەم ئەستۆی ڕاوەشاندوو بێ ئاگا لە مەسەلەکە و بێ ئاگا لە دنیا تازەکەی براکەی کڕ بوو، سۆرانیش وەکو خاوەن پەیامێکی دڵسۆز و پڕ لە خۆشەویستی دەستی پێکرد.

# ٣

کەیوان لە نقلّیاتی هەڵەبجەدا ڕاوەستا وە، دەیەوێت سەردانی دۆست و خۆشەویستەکانی بکات، نزیکەی ساڵێکە سەری لێ نەداون..

بەهار بە هەموو جوانیەکەوە هاتووە و تارایەکی پەمەیی وەکو ڕوخساری خاتوو زینی لە پرچی خۆی ئاڵاندوە.. سەعات دوانزەی نیوە ڕۆیە..خۆرەتاوەکە گڕی لێ دەبێتەوە..ماڵەکانی گەڕەکی سەر کارێزیش لە عەزرەتی گەرما، ئارەق بە پشتی ملیاندا چۆڕاوگەی بەستووە.

لە شاری گەورەی ئاوادا بەهار هەمیشە یەخسیرە، بۆنی گوڵاڵە و سەمای پەلکەگیا و چاوداگرتنی نێرگزو گۆرانی چەمەکان لە زیندانی ئاپورای هەناسەی بازاڕە گەورەو شوشەبەندەکاندا مابووسە مابووس..شتێک وەکو

مۆران لە سەر بانی خانوورەکان ولەسەر لاشەی قیرینی جادەکان، نەرم نەرمێک بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، وێ دەچێ جادەو خانووەکان لە بەر هەتاوەکە گێژبووبن..

کابرایەکی جامانی بەسەری پەنجا ساڵەی دەموو چاو پڕ لە چرچ و لۆچیش، لەبەردەرکی پاسەکەدا هاوار دەکات:

-(( هەڵەبجە.. هەڵەبجە.. دوونەفەر هەڵەبجە..))

پاسەکە جێگای دوونەفەری مابوو، کەیوان لە ناوەندی چەپەوە ولای پەنجەرەکەدا ئۆقرەی گرتبوو، زۆری تینووبوو، بانگی ئاو فرۆشەکەی ژێر سێبەری .گوێسەبانەی دوکانەکەی ئەو بەری کرد ئاو فرۆشەکە منداڵێکی چکۆلانەی ژیکەڵەبوو، جامێک ئاوی بەرز کردەوە ودایەدەستی، ئەمیش، ناوی خوای هێناو جامەئاوەکەی بە سێ جار خواردەوە، پاشان سوپاسی خوای کرد و نیو دیناری دا بەکوڕەکە.. کوڕەدەستی برد بۆ گیرفانی و گوتی:

-(( وردەت پێ‌نیە؟))

-(( نەخێر.))

-(( بەخوا منیش وردەم پێ نیە!))

-(( گوێی مەدەرێ عاقڵ گیان.))
-(( چۆن گـوێی نـادەمێ.. ئێسـتا دەڕۆم وردی دەکەمەوە))
کوڕە هاتـەلای دوکـان دارەکـە، داوای وردکردنـەوەی نیو دیارەکەی لیێکـرد، بـەڵام نـەبوو، لای دووکانەکـەی ئەوبەریش هەر نەبوو، دووجێگای تریش گەڕا هەر نەبوو.. گەڕایەوە بۆ لای پاسەکە کەیوان گوتی:
-(( چی بوو؟))
-(( وردەنیە.. قەیناکە.. بالەسەر خۆم بێ))
نیو دیارەکەی بۆ کەیوان بەرزکردەوە، ئەم سۆز بارانی کردو پیێی گوت:
-(( نانا.. تۆ هەڵیگرە بۆخۆت!!))
-(( نەخێر.. من هەڵی ناگرم..))
-(( نـا.. دەبێـت هـەڵیگریت .. تـۆ پێـم بڵـێ نـاوت چیە؟))
-(( ئومێد))
-(( ئومە گیان باوکت ماوە؟))
-(( نەخێر))
-(( ئەی دایکت؟))
-(( بەڵێ ماوە))

-(( خەڵکی کوێن؟))
-(( ئەم شارە))
-(( ئەی باوکت چۆن مرد؟))
-((لە سەربازی بوو.. لە بەسرە کوژرا.))
-(( ئومە گیان نوێژ ئەکەیت؟))
-(( بەڵێ))
-(( کێ فێری کردیت!))
-(( دایکم..))
-(( ئەی لە قوتابخانە پۆلی چەندیت؟))
-(( سێی سەرەتایی))
-(( قورئان دەخوێنیت؟))
-(( نەخێر))
-(( بۆ))
-(( کەس نیە پێم بڵێت))
-(( ئەی گەر یەکێک پێت بڵێت دەیخوێنیت؟))
-(( بەڵێ))
-(( ماڵتان لە کوێ یە؟))
-(( لەم گەڕەکەین))
کابرای بەر دەرگای پاسەکە گوتی:
-(( ئادەی کرێ کانتان؟))

ئەمیش بە منداڵەکەی گوت:

-(( کە لە سەفەرەکەم گەڕامەوە سەرت لێدەدەم، ئێستا خوات لەگەڵ )) دەستێکی هێنا بەسەری منداڵەکەدا.. پاشان کرێکەی دا بە کابرا.. پاسەکەپڕبوو، دوونەفەرەکەیش سوار بووبوون.. کابرای سایەق پارەکەی وەرگرت و پاسەکەی جوولاند.. کە لە نقلیاتەکە وەدەرکەوتن، ئەم لە پەنجەرەکەوە دەستی بۆ منداڵەکە بەرز کردەوە.. منداڵەکەیش وەکو خۆشەویستێکی خۆی پەنجەناسکەکانی بۆ ڕاوەشاند.

سەیتەرەکەی سلێمانیان بڕی و پاسەکە لە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆیی بزوا.. ئەمیش لەجامەکەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانی، دەمێکە ئەم ڕازاوەییەی دنیای نەدیووە، چونکە لەشار نەترازاوە..

لە گوڵەکان ورد دەبوویەوە، بە درێژایی دەشتەکاندا، نیگاکانی کۆمەڵە ڕێبوارڕێک بوون و وەکو عاشق و شەیدا و شێتی ئەفینی ڕاستەقینە غاریان دەدا.. ئەو ڕێبوارانە پەلاماری گژو گیا سەوزەکەیان دەدا و بە تاسەوە ماچیان دەکرد و دەستیان بە سەریادا دەهێنا.. پاشان زەماوەندیان لە:گەڵدا دەگێڕان.. هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد.. ڕێبوارەکانیش هەر هێندەی لاسکی

گژوگیا بەرزەکان دەبوون.. هەنووکە نێرگز و گوڵاڵە
گۆرانی دەڵێن.. گوڵە زەردەو خەرتەڵەو گیایەکانی
تریش، ڕیزیان بەستووە و بە هەموو بەزمەکانی
کوردەواری بۆیان هەڵدەپەڕن.. پاش چەند ساتێک،
ڕێبوارەنیگاکان سارا، بە گوڵ و نێرگزو گژوگیا
خەرتەلەیەوە بەجێ دەهێڵن و، ڕوو دەکەنە
گردۆلکەکان.. گردۆلکەکانیش دێن بەپیریانەوە،
لەئامێزی خۆیانیان دەگرن.. لە ڕاژەیاندا دەبنە منداڵ،
چەند چەپکێک گیای ڕسکاوی سەر دڵی خۆیان
کۆدەکەنەوە ودەیان دەنەدەستیان.. ڕێبوارەکان گۆنای
سەوزی چەپکەکان ڕادەوەشێنن..پاشان چیرۆکی ئەڤینی
هەستی خۆیان بۆ گردۆلکەکان دەگرنەوە دواتر دەست
لەملی یەکتری دەکەن و سەرو ڕاموز لە یەکتری دەدەن و
ئیدی ڕێبوارەکان دەڕۆن..

دەڕۆن، دەڕۆن، تا دەگەنە بناری چیاکان.. بۆ
لوتکەسەر بەرز دەکەنەوە، ئاااایی چەند بەرزە.. چەندیش
سەختە ناڵە وێدا ڕێبواری نیگاکان دەڕۆن..

یەکیان دەبێت بە سۆران و یەکێکی تر بە دارا و
یەکێکی تریش بە عەلی ویەکێکی تر بە هیوا و

دانەیەکی تر بە سەروەر و دوانی تریان بە نەورۆز و بابان و........!!

سۆران ئاربیجیەکی پێ یەو گوللەکانیش لە نێو تورەکەکەی پشتی دایە، دارا بیکەیسی لەسەر شانە و زەردە لە فیشەکدا، عەلی موزەلیەکێ و هەشت مەخزەنی پێیە، هیوا وسەروەر و نەورۆز وبابانیش یەکی موزەلیەکێ و هەشت مەخزەنیان پێیە بەبەرزترین دوندی کەژەکە.. لە وێ ڕا بوونەوە بە مرۆڤ بابان موزەلیەکەی کردە شانی و، ڕووی کردە شار، هەر دوو ناو لەپی لە ڕاست و چەپی لێوەکانی گیرکردو بەهەموو دەنگی هاواری کرد:

((الله اکبر.. الله اکبر.. الله اکبر.. الله اکبر..
اشهدو ان لا اله الا الله.. اشهدو ان لا اله الا الله
اشهدو ان محمدا رسول الله.. اشهدو ان محمدا رسول الله

حی علی الصلاة .. حی علی الصلاة
حی علی الفلاح .. حی علی الفلاح
الله اکبر .. الله اکبر
لا الـــــه الا الله))

پاشان قامەتی نوێژی فەرموو.. لەوێ چاوەڕوان بوون، کەیوان بەدەمەخزەن و دوو ڕومانەو دووربینێک و حەربەیەک و مەتارەیەک ئاو و موزەلیەکەیەوە گەیشتنە لایان.. چوویە پێشەوە و ئیمامەتی بۆ کردن..

کەسلاوی نوێژەکەیان دایەوە، هەستانە سەر پێ، سەرلەنوێ بوونەوە بەشەهێن وبازو هەڵۆ.. ئەمجارەیان سەرکەوتن، هەڵفڕین، تا گەیشتنە نزیکی پەڵە هەورەکان.

ئالەوێدا گەواڵە هەورە سپیەجیاجیاکان کۆبوونەوەو، بەکۆمەڵ هاتن بەپیریانەوە، هەرلە دوورەوە ئیمام بە پێکەنینەوە گوتی:

-((خۆ ئێوە هەرگیز سەرمان لێ نادەن، گلەیی بێ لێتان، هەمووجارێ دەبێ ئێمەبێین بۆ ڕاژەتان))

گەواڵە هەورەکان گوتیان:

-((هەرچی بڵێن هەقی خۆتانە.. گلەییتان لەسەرچاومان!!!))

پاشان گەیشتنە یەکێ.. تێرماچی یەکتریان کرد،
بەیەکێ شاد بوونەوەو، ئاوێزانی یەکتری بوون، دواتر،
پەڵە هەورێکێ لەکەیوانی پرسی:
-((ئەم هەموو مەخزەن وتفەنگەچیە؟))
-(( ئازادی کوردستانە!))
-(( چۆن؟))
-(( مەرگی داگیرکەری تێدایە!))
-(( کەی؟))
-(( ڕۆژانی داهاتوو!))
-(( ئەی ئێمە؟))
-(( هاوکارمان بن!))
-(( چۆن؟))
-(( لە هەر کوێ بووین، گەر هاوین بوو سێبەرمان بۆ بکەن، گەر زستان بوو باران مان بۆ ببارێنیت))
-(( چی تر؟))
-(( گەر پێشمەرگەیەکی ئێمەتان دی، لەشەڕی دەستەویەخەدا بریندار بوو، بەپەلەدابەزن و هەڵیگرن ولەدەستی دوژمن ڕزگاری کەن!))
-((ئەی ئێستا بۆکوێ دەڕۆن؟))

-((بۆ ئاسمان!))
-(( نەیەین لەگەڵتانا؟))
-((تا قەراخی ئاسمان وەرن، ئێمە حەز بە هاورێیتان دەکەین ئێوەمان خۆش دەوێت.))
-(( بەسەر چاو.))

ئیدی باز وشەهێن وهەڵۆ وپەڵەهەورەکان سەرکەوتن، فڕین تاگەیشتنەقەراخی ئاسمان لەوێڕا پەڵە هەورەکان گەڕانەوە وئەمان سەرکەوتن..

-(( کاکە شەربەت ناخۆی.. شەربەت ناخۆی..))

ئەم دەنگە کەیوانی ڕاچڵەکاند، بەئاگای هێنایەوە بەبێ ئەوەی بزانێت مەسەلەچیەگوتی!

-(( نەخێرناخۆم..))

کەزیاتر لەملاولای وردبویەوە تێگەیشت کەئێرە سەید سادقە وپاسەکەیان بۆپشودانێکی ساتەوەختی ڕاوەستاوە.. تۆمەز ئەو زەمەنەی نێوان سلێمانی وسەید سادق لە دنیای ڕۆحدا بووە، ئاگای لە جەسەدی نەماوە.

تاسەر ئێسقانی پەژیوان بوو.. پەژیوان بوو لە گەڕانەوەی بۆنێو چوار چێوە تەسک و تروسکەکەی

جەسەدی.. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەر لە دنیا بێ سنوورەکەی ڕۆحیدا بووایە..

ئاخر لەو دنیایەدا، هەموو شتێک بە ویستی خۆیەتی، ئەوەتا حەزی دەکرد لەگەڵ قوتابییەئازیزو خۆشەوستەکانی خۆیدا ولەسەردوندی ئەوچیا بەرزانەنوێژ بکات.. کردی..

حەزی دەکرد سۆران ودارا وعەلی وبابان وهیوا ونەورۆز وسەروەر وهەموو قوتابییەکانی دیکەی، کۆبکاتەوە ولەدنیای ماددەی سنوردارو ڕێژەیی ڕزگاریان بکات وبیان بات بۆ دنیای بێ سنورو ڕەها، بردنی..!!

لەو دنیایەدا.. خەونەکانی یەک یەک دێتەدی، ئومێدەکانی بەچاوانی خۆی دەبینێت.. قوتابییەکانی بە سۆزی دڵی خۆی دادەپۆشێت.. هیچ شتێک نیەلەم دنیایە بەقەدەر قوتابییەکانی خۆشەویست بێت لای.. لەدنیای ڕۆحدا هەموو شتێکیان بۆ دەکات.. ئاااایی دنیای ڕۆح چەند پاکە..! چەند بێگەردە..!! چۆن ئەڤینی لێ دەڕژێ!!

کەیوان دەیوست یاخی بێت.. یاخی بێت لەدەستی لەقاچی، لەچاوی، لەسنگی، لەپشتی، لەجەستەی ئاخرجەستەی دیلی دەکات، زیندانی بۆ دروست دەکات،

چوارپەلی ئاوانەکانی دەبەستێتەوە، دەیەوێت یاخی بێت، بەڵام نــاتوانێت.. ســاتەوەختەکانی شــەوقدانەوەی ڕۆح، بروسکەیین، خێرا تێدەپەڕن، مرۆڤ ناچارەپاش تێپەڕینی ئەو ساتە بروسکەییانە، بگەڕێتــەوە زیندانــی جەستە..!! ئائەمە کەیوانی دڵ تەنگ دەکرد.

دیسان پاسەکە بەڕێکەتەوە.. گەرماکەیش زیاترمرۆی گێژدەکــرد.. ســایەقەکەش زۆر بــەتوندی پاســەکەی لێ دەخوڕی، دەتگــوت ئــەویش دەیــەوێت لەگەرماکــە یــاخی ببێت..

گەیشتنە شارۆچکەی سیروان، بەناویدا تێپەڕین، لە دەورو بــەری ئۆردووگــای زەمــەقی، شــاری هــەڵەبجــەیان بەتەواوەتی لێوەدەرکەوت ئەم لە جــامی پاســەکەوە بۆی دەڕوانی..

ئــەو ساتانەی بە بیر دەهاتــەوە کــە ماڵیــان لــە ئۆردووگای سیروان بوو، لەگــەڵ باوە خۆشەویستەکەیدا هــەموو جارێ دەهــاتن بــۆ هەڵەبجــە و بــە دوکــان و بازاڕەکاندا دەگەڕان و، بابەیش لە قەیسەری شــار تۆپــی یاری بۆ دەکڕی و پاشان دەیبرد بۆ کەبابخانەولەوێ نانیان

دەخوارد.. کاتی نوێژیش لەمزگەوتی پاشا نوێژیان دەکرد..

ئاااایی سەردەمی منداڵی چەندەخۆش بوو، لەبناری باوکیدا هەموو جارێ گەورە دەبوو، دەخنایەوە، شادی دەیگرت، بەڵام ئەفسوس، بەعس باوکیدابەکوشت و، لەجێی باوکیدا پارەو زەوی دایە..!! ئاخر چۆن دەبێ مرۆڤ بگۆڕدرێتەوەبەپارەو زەوی؟!

پاسەکەگەیشتەناوشار، نەفەرەکان دابەزین، ئەم زۆری برسی بوو، ڕێکوڕاست ملی نابۆئەو کەبابخانەیەی کەوەختی خۆی و بە منداڵی لەگەڵ باوکیدا هەمیشە لەوێ نانیان دەخوارد.. کەبابخانەکە چەند هەنگاوێک لەولای مزگەوتی پاشاوەبوو گەیشتە بەر دەمی، وەستا هەمان وەستاو، شاگرد، هەمان شاگردو، دووکان هەمان دووکان و، ئەمیش هەر کەیوانەکەی جارانە، بەڵام ئەم جارەیان باوکی لەگەڵدا نیە!!

بلێی کەباب چی یەکە بیناسێتەوە و هەواڵی باوکی لێ بپرسێ و..؟ ئەمیش چیرۆکی کوژرانی باوکی و سەردەمی منداڵەتی بۆ بگێڕێتەوە..!!.. نەخێر.. نەخێر..

وەستا تەنها کەباب دەدات بە خەڵک و پارەی دەوێت، ئیتر چ هەقی بەسەر ناسین و نەناسینی خەڵکەوە هەیە؟!

ڕۆیشتە ژوورەوە، لەسەر کورسیەک و لە بەردەمی مێزێکدا دانیشت شاگردێک هات بۆلای، ئەم پێی گوت نەفەرێک کەبابی بۆ بێنێت..!

پاش نان خواردن پارەکەی دانا و هاتە دەرەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

(( ئێستا بۆ کوێ بڕۆم و یەکەم جار چی بکەم..؟))

کەمێک وەستاو پاشان گوتی:

-((دەڕۆم بۆ مزگەوتی ( دار الاحسان) لەوێ نوێژەکەم دەکەم.. پاشان بۆماڵی کاک عبدالرحمان.. ئیدی لەگەڵ ئەودا سەر لەهەموو براکانی تر دەدەم..))

بەشەقامەکەدا شۆربۆیەوە، پانتۆڵە ڕەشەدەڵبەکەی و کراسە سپی یە قۆڵ کورتەکەیی و قۆندەرە ڕەشەکانی و گۆرەویی یەسپیەکانی سەرنجی گەنجەکانی شاری ڕادەکێشا، وایاندەزانی ئەوە، یەکێکە لە

وگەنجەموراهیقانەی کەشەو ورۆژلەسینەما وبازارەکاندا کەوتوون..

ئەیان دەزانی، ئەمەلەزیرەکیداد ەرواتەوەسەر عەلی کوڕی ئەبی تالیب و لەوەرعو خواپەرستیدا دەڕواتەوەسەر ئەبوەرداو لەغیرەت ومەردایەتیشدا، شێرێکەوەکو هەمزە!!

ئەوخەلکەداماون.. هەژارن.. تەنها کلێشەدەبینن!! تەنها هەیکەل دەبینن..!!هەر ڕوکەشی ئەو دوودەستەو ئەودوقاچەوئەو دووچاوەو ئەو دوولیوەدەبینن..!!

ئەوان لەکوێ دەزانن لەودیوی ئەم کلێشەو هەیکەلی جەستەیەوە دنیایەکی دیکە هەیە، دنیایەکێ جیاواز لەم سروشتەی کەبووەبە شتێکی ئاسای لای ئەوان.. دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگێ، نامۆ بەهەموویان.. دنیایەکێ ئاسمانەکەی سەوز.. ئەستێرەکانی وەکو ڕەنگی گولالە.. سوور..پەلە هەورە بچکۆلەکان پەمەیی.. دارستانەکانی شین، شین.. تاتەبەردەکانی زاریان هەیە، کولوەخۆلەکانی قسان دەکەن، کارێزەکانی بالیان هەیە، چۆلەکەکانی سپی، سپی.. دنیای ئەودیوی جەستەی کەیوان هەموشتێکێ تیایدا گۆرانی دەلێت.. هیچ شتێکی نامۆ نیەبەشتێکی دیکە پارچەکان بەهەموویانەوەیەکەیەکی

ئەندامی زیندوو دروست دەکەن!! بەڵام جەخار ئەوخەڵک تەماشای ئەم دنیایەناکەن، داماوانە، تەنها هەیکەلەک دەبینن.. تەنها تەماشای پانتۆڵە ڕەشەکەو کراسە سپیەکە دەکەن.. دەبێت کەی مرۆڤ ئەمداماویەی لەکۆڵ بێتەوە؟؟

کەیوان نقڵیاتی پاسی عەنەبی بڕی، گەیشتە مزگەوت دەست نوێژێکی حسابیانەی گرت، دڵی پشوی دا ئاوی دەست نوێژەکە بەختیاری دەدایە گیانی گۆرەویەکانی خستە نێو قۆنەرەکانی، جێگای نوێژەکەی بەجێهشت.. گەشتە بەردەرکی ناوەوەی مزگەوت، قاچی ڕاستی پێشخست و گوتی:

((خوایە دەرگای خۆتم لێبکەرەوە))

سەری بۆلای میحرابەکە هەڵبڕی، دیتی ((عبدالرحمان)) ی هاوڕێی لەمیحرابەکەدا ئۆخژنی گرتووە، نزیکەی هەشت قوتابیش بەبازنەی لەدەوری کۆبوونەوە بەدەست خۆی نەبوو، چەند خەندەیەک هاتنەسەر لێوانی، ئەوئەمی نەدەبینی، ئەمیش لەدڵی خۆیدا گوتی:

((جاریّ بانوێژەکەم بکەم ئەوسا دەڕۆم بۆلایان))

لەپەنای پاییەکی مزگەوتەکەدا نوێژی نیوەڕۆو عەسری بەکۆکراوەو کورت کراوەی کرد..((عبدالرحمان)) وەکو ڕۆحی خەبەری دابێت، خەبەرەکە کەشتێکی نائاسایی هەیە سەری بلند کردەوە، ڕاست بوو ئەم لەگەڵ کەیواندا قوتابی یەکێ قوتابخانە بوون، تا ئەوکاتەی باریان کرد بۆ سلێمانی.. لەیەکێ پۆلیشدا و لە سەر یەکێ کورسیش دادەنیشتن، بەباڵایش هەر هێندەی کەیوان بوو وەلیّ ئەم کەمێکێ دەم و چاوی ڕەژوویی بوو، وەکو کەیوانیش زیرەکێ نەبوو.. کە هاوڕێی قوتابخانەی خۆی دی، ئیتر خۆی نەگرت وداوای لە قوتابیەکانی کرد ، قورئان خویندنەکە ڕابگرن تا بەخیرهاتنی ئەومیوانەی دەکات.. قوتابیەکانیش بێدەنگ بوون ئەم هەستا کەیوانیش هەستا.ئەم هەرلێرەوە دەستی پێکرد:

-((یاخوا بەخێربێیت.. دەبێت لەکام جێگەوە باریبیت!!))

کەیوان بەپیکەنینەوە گووتی:

-((لەسلێمانیەوە باریووم))

ئیتر دەستیان کردە ملی یەکتری وپاش ئەم لاولا ماچکردن و هەواڵ ودەنگووباس پرسین، عبدالرحمان گووتی:

-((دەتوانیت لەگەڵمان دانیشی تالێ دەبینەوە))

-(( ئاساییە، زۆریشم پێخۆشە بیان ناسم))

قوتابیەکان لە میحرابەکەوە تەماشای ئەو دوو مرۆڤەیان دەکرد زیاتر لە میوانەکە ڕادەمان، نەیان دەناسی، بەلایانەوە سەیر بوو.. مامۆستاکەیان ئاوا بەدەم ئەو میوانەوە دەڕوات، لەدڵی خۆیان دا دەیان گوت:

-(( ئەو دیسکۆ، کەی ئەوە دێنێ.. ها..!!))

هەمان کلۆلیە.. ئەمانیش تەنها دەرەوە دەبینن.. ئەوا مامۆستا و میوانەکە هاتن.. ئەمان لە بەریان هەستانەوە.. کەیوان گوتی:-

-(( السلام علیکم..))

-(( و علیکم السلام..))

قوتابیەکان وەرامیان دایەوە، عبد الرحمان یەکە یەکە قوتابیەکانی پێ دەناساندو، لای ڕاستەوە کەیوانی دەستی کرد بە تەوقە کردن لە گەڵیاندا.. مامۆستا:

-(( میوانە خۆشەویستەکەمان لە سلێمانیشەوە هاتووە مامۆستا کەیوانە..))

قوتابییەکان وایان دەزانی هەر لە ڕاستیدا مامۆستای قوتابخانەیە نەیان دەزانی تەلیسمی خۆشەویستەیەو هیچی تر.. کەیوان تەوقەی لەگەڵ هەر کامیاندا دەکرد، عبد الرحمان ناویان هەڵدەدا:

-(( ئەمە کاکە ڕێبوارە... ئەمیش کاکە بەهادین، کاکە ڕەوف، کاکە مەریوان، ...... کاکە هەورامان))

کەگەیشتە هەورامان کەیوان بۆی خنایەوە، چرۆی خورپەیەکە لە بیریدا خۆی کردەوەو بوو بە گوڵ.. ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە ناخیدا بروسکەی دا:

*((.... الارواح جند مجندة.. فما تعارف منها ائتلف، وماتناكر منها اختلف!!...))*

هەورامان هەردوو چاوی سەوز بوو، قژی زەردێکی کاڵ بوو.. باڵایەکی نەیجەی، ناسکە، لە پۆلی دووی ناوەندی بوو.. قوتابییەکانی دیکەیش پۆلی یەکە و دووی ناوەندی بوو..

پاشان دانیشتن.. قورئان خوێندن تەواو بوو.. عبد الرحمان لەسەر چۆکێ دانیشت، قوتابییەکان خۆیان ئامادەی گوێ گرتن کرد.. قورئانەکانیان لە بەر دەمیاندا دانا.. مامۆستا بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەلای کەیواندا گوتی:

-(( ئێستایش، مامۆستا کەیوان هەندێک ئامۆژگاریمان دەکات با گوێی لێ بگرین..))

کەیوان بەتەمای ئەم داوا کوتوپڕیە نەبوو، ئەم ڕمودەی ورد بوونەوەی خۆی بوو، سرنجی لە ڕڤینی ڕوخساری قوتابییەکان دەدا.. دەیوست بزانێ لە چاوی کامیانا ڕسکانی تەواوی ئیسلام دەبینێ ئەم پەنجەکانی دەستی ڕاستی گرمۆلە کردبوو، وەکو سەر تۆپەڵی ڕەنوو، لە ژێر چەنەی بێ ڕدێنیدا کۆی کردبووەوە.. کاتێک ئەو داوایە ڕاژانی.. ئیدی هاتەوە سەر خۆی.. تکای کرد کە ئەو ئەرکە نەخاتە ئەستۆی.وەلێ بێ سود بوو.. لە کۆتایدا عبد الرحمان نا چاری کرد.. بۆیە بەپەلە، لاپەڕەکانی مێشکی هەڵدایەوە، بە دەفتەری هزریدا ڕۆیشتەوە..

(( چی باسکەم... چی باسکەم... چی باسکەم)) لە ناخیدا ئەمەی دەگوت.. گەڕاو گەڕا..پاشان هەر لە ناخیدا گوتی (( زۆر باشە انشاالله جێگای خۆی دەگرێت!!))

قوتابیەکان چاوەنوارِبوون، ئەم چوار مشتی تێکەڵاو لەسەر ئەژنۆ دانیشت، بە دەنگە ناسکەکەی و بەو دەنگەی کەلە جریوە جریوی چۆلەکەو خورەی کارێز و قولپەی سەرچاوە و گۆرانی گەڵای دەکرد، ناوی خوای تاکوتەنیای هێنا و سوپاسی کردو پاشان گوتی:

((پێغەمبەری ئازیزمان، سڵاوی خوای لەسەر بێ، بە قوتابیەکانی گوت بوو ((الدنیا جیفة و طالبها تکلاب))واتە.. دنیا کەلاکێکی مردارەوبووە و ئەوانەی سەری تێ دەکەن سەگن....

بالەڕوانگەی ئەم فەرموودەوە، پەنجەرەیەک بکەینەوە و تەماشای ژیانی یەکێک لە قوتابیەکانی بکەین بزانین چۆن هەوڵی داوە ژیانی خۆی دەقاو دەق، وەکو ئەم فەموودەیە لێ بکات.. پاشان بزانین، چ جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئێمەی بە ناو موسوڵمانی ئەمڕۆ و قوتابیەکانی سەر دەمی مەدینەدا..

یەکێ قوتابی ئاگای لەخۆی نەمابوو..ئەوە چ سیحر وتەلیسمێکێ بوو..؟.. وشە هەمان وشەیە.. ئامۆژگاری هەمان ئامۆژگاری جارانە..؟.. ئەی بۆچی هەرگیز وایان لێ نەهاتووە..؟ دیارە وشەکانی کەیوان هێز لەدەسەلاتێکی گەورەو باڵای غەیبەوە وەردەگرن.. بۆیە ئاوا، وەکو موگناتیس مرۆڤی گوێگر دەبەنە مەملەکەتی غەیبەوە..

کەیوان:

-(( شەوێ پاش نوێژی عیشا — ئەمیری موسولمانەکان، عومەری کوڕی خەتاب، لە نێو جێگەی ڕاژانیدا، جەستەی درێژ کردبوو.. خەو لە چاوەکانی تۆرا بوو.. هەواڵیان بۆ هێنا بوو.. تا شاری

( ئیبیلە) نەگیرێت فارسەکان تێک ناشکێن.. چونکە لەو شارەوە، بەردەوام، یاریدەو یارمەتی و مەدەد دەگاتە لەشکری فارسەکان.

ئەمیر بڕیاری دا سوپایەک بنێرت بۆ گرتنی ئەو شارە.. بەڵام کێ بنێرێت..؟ ئێستا دەوری چۆڵە، پیاوی ئیسلام، هەر یەکەو لە بەرەیەکی جەنگن..؟!!

لەنێو جێگاکەیدا زۆر بیری کردەوە..تا گەیشتە قەناعەت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

(( دۆزیمەوە))، پاشان لاپەڕەکانی ژیانی ئەو پیاوەی هەڵدایەوە.. بینی، بەشداری غەزای بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە.. حەوتەم کەس بووە ئیمانی هێناوە..

پاش نوێژی بەیانی ڕووی لە خەڵکەکە کردو گوتی:

-(( عوتبەی کوڕی غەزوانم بۆ بانگ بکەن))

عوتبە هات و عومەری کوڕی خەتاب، نزیکەی شەسەد سەربازی موجاهیدی بۆ ڕێکخست و فەرمانی پێدا بەرەو ئیبیلە بەڕێ بکەوێت و.....،

کەسوپا گەیشتە قەراخی مەدینە، ئەمیری موسوڵمانان گوتی:

-(( ئەی عوتبە ئەوە من تۆم نارد بۆ ئیبیلە.. کە گەیشتیتە ئەوێ، بانگیان بکە بۆلای خوا، هەر کەس موسوڵمان بوو باشە، هەر کەس موسوڵمان نەبوو جیزیەی لێ وەربگرە، گەر جیزیەیشیان نەدا، ئەوە

شمشێر بخەرە سەر گەردنیان، لە خوایش زۆر بترسە ئەی عوتبە، تەکەبورت بۆ پەیدا نەبێ و..!!))

ئیتر خوا حافیزی لێ کردن.. سوپاکە هات تاگەیشتە قامیشەڵانەکانی ئیبیلە.. زۆریان برسی بوو.. هیچیان پێ نەبوو بیخۆن عوتبە داوای لێ کردن، بزانن، لەم دەورو بەرە شتێکێ نادۆزنەوە بیخۆن... یەکێکێ لە موجاهیدەکان دەڵێت:

(( ئێمە دەگەڕاین بۆ خۆراکێ.. چوینە نێو کۆمەڵە درەختێکەوە بینیمان دوو زەمیلەی گەورە دانراوە.. یەکێکیان پڕە لە خورما، ئەوی تریشیان، پڕە لە دانەوێڵەی سپی و بە توێکڵێکی تەنکی زەرد دەورە گیراوە، هەردوو زەمیلەکەمان هەڵگرت و گەڕاینەوە بۆ سەربازکەکەمان، گوتمان:

-((لەوانەیە ئەم زەمیلەیان زەهری تێدابێت؟ ودوژمن لێرەدا دایبنابێت))

ئیتر پەلاماری خورماکەمان داو خواردمان و زەمیلەکەی ترمان لەولاوە دانا، هێندەمان زانی ئەسپێکێ تاوی دایە زەمیلەکەو دەمی نایە نێوی و دەستی کرد بە خوادنی، گوتمان: تازە تەواو،

دەیکوژێت.. خاوەنەکەی گوتی، وازی لێ بێنن من پاسەوانی دەکەم، ئەگەر زانیم دەمرێت، خێرا سەری دەبڕم.. شەو هات، کە بەیانی ڕۆژ بوویەوە، ئەسپەکە وەکو خۆی وابوو..

خوشکەکەم پێی گوتم:

-(( من بیستوومەلەباوکم.. فەرموویەتی.. زەهر کاریگەریەتی نامێنێ، ئەگەر نرایە سەر ئاگر.))

پاشان هەندێکی دانەوێڵەکەی هێنا و نایە سەر ئاگر..

گوتی:

-(( وەرن، تەماشاکەن، چۆن سور داگیرساوە))

وردە وردە توێکڵەکە نەدەماو دەنکە سپیەکە دەردەکەوت،

عوتبە گوتی:

-(( ناوی خوا بێنن و بیخۆن!))

-(( دوایی زانیمان ئەوە پێی دەگوترێت برنج!!))

قوتابیەکان لەوێدا پێکەنینێک گرتنی، کەیوان گوتی:

-(( بەڵێ.. ئا لەوێدا زانیان برنج هەیە.. بەهەر حاڵ.. ئیبیلە، شارێکە لەسەر قەراخی ڕووباری دیجلەدروست کراوە، هەمووی قەڵای سەخت سەختە.. فارسەکان کردبوویانەمەخزەنی چەکەکانیان..

عوتبە چەند ئاڵایەکی دایە دەستی ژنەکان و.. فەرمانی پێدان لە دوای سوپاکەوە بن و پێی گوتن:

-(( ئەگەر ئێمە لە قەڵاکان نزیکێ بووینەوە، ئێوە لە دواوە بیکەن بە تۆزو غوبارێکێ ئەوسەری دیار نەبێ..))

کاتێکێ ئەمان لە قەڵاکان نزیکێ بوونەوە، سەربازە فارسەکان بۆیان دابەزینە خوارەوە، بەڵام کە هەڵمەتی موجاهیدەکانیان بینی و ئەو هەموو ئاڵایەیان لە دواوە دی، ترسان و وایان زانی ئەمانە سەرەتان و کۆتاییەکەیان لە مەدینەیە، بۆیە بەپەلە خۆیان پێچایەوە و ئەوەی بۆیان هەڵگیراو هەڵیانگرت و،

بەبەلەموو کەشتیەکان کردیانە ئەو بەرەوە و شاریان چۆڵ کردو موسوڵمانەکانیش بە دەنگی زوڵاڵی تەکبیرە چونە نێو قەڵاکان..

ئاڵتون هەڵچنرابوو..چەندین جۆر خواردن ڕیزکرابوو..

هەواڵی سەرکەتن گەیشتەوە عومەر...!!

کەیوان ئاڵەوێدا وەستا.. نەی توانی یەکێ وشەیش بدرکێنێ.. ئاڵەوساتەدا هەزاران ئاواتی ڕەنگاو ڕەنگی خۆی دەبینی.. کەی بێ ئەمیش فەتحی سلێمانی و هەولێر و دهۆکێ و شارەکانی دیکەی کوردستان بکات و.. ئاڵای دەوڵەتی ئیسلامیان تێدا هەڵبکات.. کەی بێ کەی؟!!

چەند ئەشکێکی سپی سپی بە ڕوخساریدا قەتارەیان بەست، قوتابیەکانیش دڵیان پڕبوو، هەورامان لە هەموویان زیاتر دڵی پڕبوو، نەیتوانی خۆی بگرێت.. ڕۆندکێ لە دیەکانیەوە هەڵقوڵاو پاشان کەیوان دەستی پێ کردەوە:

-(( عوتبە زۆر ترسا، ئەم هەموو نازو نیعمەتە.. ئەم دنیا بێ بارە.. مەجاهیدەکان تەوەزەل بکات، بۆیە مۆڵەتی لە عومەر وەرگرت و لەوڵاترەوە شاری بەسرەی دروست کرد..

موجاهیدەکان دەستیان کرد بە خانوو دروست کردن، بەڵام عوتبە هچی بۆ خۆی دروست نەکرد، پاشان هەموویانی کۆکردەوە و پێی گوتن:

((خەڵکینە، دنیا بەرەو نەمان دەڕوات.. ئێوەش جێگایەکی نەبڕاوە چاوەڕێتانە.. نەخەڵەتێن.. دنیا بێ نرخە بێ نرخ.. من پەنا دەگرم بە خوا ئەگەر لای خەڵکی گەورەبم و لای خوا بچوک..))

دواتر یەکێکی کرد بە ئەمیریان و خۆی گەڕایەوە بۆ مەدینە، کە گەیشتە لای ئەمیری موسوڵمانان، داوای لێ کرد ئەمیری سوپاکەی لێ بستێنێتەوە و یەکێکی تر بخاتە جێگاکەی، چونکە ئەم توانای بەر پرسیارەتی ڕۆژی قیامەتی نیە،

بەڵام عومەر بە زۆر کردیەوە بە ئەمیری و فەرمانی پێدا بگەڕێتەوە، ئەمیش نا چارانە فەرمانەکەی قبوڵ کردو سواری وشترەکەی بوو.. دەیی گوت :

-((خوایە مەمگێڕەوە بۆ ئەوێ..خوایە مەمگێڕەوە بۆ ئەوێ.. خوای گەورەش پاڕانەوەکەی لێ وەرگرت.. کە چەند هەنگاوێک لەمە دینە دورکەوتەوە، وشترەکە هەڵخلیسکاو ئەمیش کەوتە خوارەوەو مرد.. ئێستا ئێوە تەماشاکەن و وردبنەوە.. بۆچی ئەسحابەکان توانیان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن وقورئان بکەن بە فەرمانڕەوای خۆیان و ئێمە ناتوانین..؟

کەیوان لە باسەکەی بوویەوە.. قوتابیەکان وایان دەزانی سەر لە نوێ لەدایک بوونەتەوە.. نەیان دەزانی چۆن و بەچ جۆرێک بەختیاری نێو دەرونیان دەربڕن، بەخۆیان دەگوت:

-((ئەمە ئەوکوڕە بوو کە بەدیسکۆیەکی کۆلانگەڕمان دەزانی؟ ئەمە ئەوکوڕەبووکە.. مامۆستایەوگەورەتریش لەمامۆستا..))

پاشان هەستانەوە.. کەیوان تەوقەی لەگەڵ داکردن وخواحافیزی لێ کردن و، لەگەڵ عبدالرحمان چوونە دەرەوە.. قوتابیەکان لەمزگەوت دا مانەوە، پاش دودەقە عبدالرحمان گەڕایەوە نێو قوتابیەکانی وگوتی:

-((هەورامان))
-((بەڵێ))
-((وەرە لەگەڵماندا))
-((بۆکوێ؟))
-((بۆمالی چەند برادەرێک دەڕۆین، مامۆستاکەیوان حەز دەکات تۆیشمان لەگەڵ دابیت من پێم گوت هەورامان خەڵکی بیارەیە.. ئەویش خزمی زۆری هەیە لەوێ، حەزدەکات هەواڵی خزمەکانی لێ بپرسێت))

هەورامان هات و سێ بە سێ مزگەوتیان بەجێ هێشت.

## ٤

عەقیدە مێژوو دروست دەکات.

سۆرانە شیوعی.. بوو بە کاکە سۆرانی مسولمان!
سۆرانی ئاژاوەچی ، سۆرانێ کە قوتابیانی پۆلەکەی ڕقیان لێ بوو، باوەو دایەی گیریان خواردبوو بە دەسیەوە چونکە ئاکار و ناو و قسەکانی و جموجولەکانی نامۆبوو پێیان.. ئێستا زۆر زۆر گۆڕاوە!!

سۆران وەکو کەیوان لای قوتابییەکان خۆشەویستە.. باوەو دایەی تا سەر ئێسقان لێی ڕازین.. چونکە ئەم لە وەرزی سەهۆڵ بەندانداا بۆیان دەبێتە خەرمانێکی گەشاوەی تەڕو دەست و پەنجەی یەخ گرتویان گەرم دەکاتەوە.. چونکە ئەم لەوەرزی ئاو و بارانی خوڕی هاوینی وشک و ڕەقەڵەدا ماڵی کوێستانی لە چرۆ دروست کراوی وەکو سابات، بۆ باوە و دایەی پێک

دەهێنێت بەشەماڵی فێنکی ئەوزۆزانە باوەشێنی ڕوخساری ماندویان دەکات..

سۆران هەنووکە لەدنیا ساتوورو پڕلە ساتمەدا تەنها خەمێکی هەیە!! خەمێکی بەرزو باڵا وەکو قەندیل وەکو سارەی هەمیشە خوێنین گەورە وەکو شاخی ساسۆنی کوردستان..

ئەم خەوە، ڕەنوی بەفرە پاش گلۆلە کردن لەسارای ناخیدا مەڵۆ بووە، تاگەیشتۆتە کۆتا دوندی کەژەکانی ئەو دەڤەرە.. دیسان شەوە.. دایەو باوە و بەختیاری برای لە کەژاوەی پەلکە زێڕینەی خەودا جەستەیان غەرق بووە.. کێ دەزانێ ئێستا چەند خەونی جوانی وەکو شیلان دەبینن!! ئەمیش لەسەر قەنەفە سورەکەی کە لەلای ڕاستی ژوورەکەیەوە بوو، ئۆقرەی گرتووە.. بیجامە سپیەکەی لە پێدایە کتێبی ((ئیسلام و ڕێچکەکان)) لەسەر تەپۆلکەی بەر دەمی بەکراوەیی دانراوە ئەم بۆ دیوارەکەی بەرامبەری دەڕوانێت دیوارەکە هەر وەکو مێزەرە ئازاو بەغیرەت و خواناس و هەڵنە خلیسکاوەکان.. سپی سپییەکی تۆخ.. هیچی پێوەنیە تەنها تابلۆیەکێ نەبێت.. تابلۆکە تا چاو بڕدەکات گوڵە گەنمەو هەڵساونەتە سەر پێ، نەرمە بایە یاریان

لەگەڵدا دەکات.. خۆریش تازە لەپشتی چیا بەرزەکانـەوە سەری دەرهیناوە.. کەچی لەتابلۆکەدا دنیا هـەر سوورە.. گولەگەنمەکان سوورن.. کەژەکان سوورن..خۆرەکـەیش .. دەوەنەکان.. گردۆلکـەکان ، دارستانەکانی لای ڕاست.. هەموویان سوورن.. سۆران لەجێگاکەی خۆیەوە بۆ دەڤـەری تابلۆکەی دەڕوانێت.. پـەڕاوی یادگاریـەکانی هەڵدایـەوە.. گەیشتە ئـەو ساڵەی لـەپۆلی سـێ ی نـاوەندی بـوو.. سەرەتای سـاڵ بـوو، قوتـابی پۆلەکـەیان لەگـەڵ کچانی پۆلەکەیدا ئاوێتە بـوو.. ئـەم ساتە هیـچ کچێکـی خۆش نەویستووە.. لەگەڵ هیچ کچێکدا پـەیوەندی نەبەستووە.. وەلێ چاوەکانی ئەم قوتابییـە و قـژە پەخشـانەکەی و بـاڵا ڕێکـ جلە شینەکانی ئەم کچە.. سـیحری لێ کـرد.. وەکـو تەزوی کارەبا تەلی سۆزو سەرچاوەی خۆشەویستی ڕاژان.. ئاگای لە دەرس نەما.. مامۆستا لەوێ بۆ خـۆی قسـانی دەکرد، وانـەی ڕۆژانـەی باس دەکـرد.. ئـەمیش بەلاشـە گوێی گرت بوو، بەڵام ڕۆحی تاڵە پوشێکی بێ هێزو بـێ توانابوو.. بای خەیاڵ دەی بردە هەزاران ژوانی ئـاڵوالاوە.. تائێستا نازانێ ناوی چیە.. خەڵکی کوێیـە.. بۆچـی خـۆی ڕاگوێزاوەتە ئەم قوتابخانەیـە.. مالیـان لـە کوێیـە.. ئـەم پرسیارانەی لای ئەم بـێ وەلام بوون.. لەڕاستیش دا ئـەم

تەنها حەزی دەکرد ناوی بزانێت.. ئیتر خەڵکی کوێیە و بۆچی هاتووە و.. ئەم کارێکی بەوانە نیە!!

ڕۆژی یەکەم تێپەڕی و ناوی نەزانی!!

قوتابیان بەرەو باوان بوونەوە ئەمیش وەکو هەموو گەنجێکی موراهیق خۆی دواخست.. کچەی تازە قوتابی بە تەنها لە قوتابخانەوە دەرکەوت.. نەرم نەرمێک ڕێگای دەبڕی.. هەنگاوەکانی پڕ لە ناز بوو.. ئەمیش بە دوایدا وەکو مەجنون و فەرهاد بووبە ڕابگار.. لەو ڕێوبانە گەورەو فراوانەدا کەسی نەدەبینی بەتەنها ئەو نەبێ.. خۆیشی سەیری پێدەهات.. ئەمە چیە.. خانوەکان بوونیان نەماوە.. شەقامەکان وون بوون ئەی درەختەکان.. ئەی دوکان و مرۆڤەکانی تر چیان لێ هات؟ هەموویان بوون بە لەیلا و شیرینە تازەکەی لەگەڵیا هات تاگەیشتە نقلیاتی پاسەکانی هەوارە بەرزە.. کچە سوار بوو.. ئەم لەنزیکەوە ڕاوەستا.. کەپاسەکە خەریک بوو بەڕێ بکەوێت.. خۆی نەگرت و سواربوو.. ئەو دانیشت بوو.. ئەم بەپێوە بوو.. حەزی دەکرد هەتا هەتایە ئەو وەکو خاتوو زین ئاوا بەرامبەری دابنیشتایەو ئەمیش وەکو کاکە مەم ئاوا لەخزمەتیا ڕابوەستایە ئەم هەرچی نیگای بوو وەکو ڕێژنەی باران، وەکو کلۆی بەفر، دەڕژان بەسەر ئەودا..

نەجاریکێ و نەدوان ونەسیان.. ئەویش لە جێگاکەی خۆیەوە هەستی بەوە کرد ئەم ڕوانینە بەردەوامە شتێکی ئاسایی نییە.. بەڵام هیچ بە سەر خۆی نەهێنا.. لای نیوەڕۆ بوو.. دنیا خۆرەتاو بوو.. پاسەکە لەکۆتا مەڵبەندی خۆی وەستا.. کچەدابەزی.. ئەمیش دابەزی.. ئەو بەلای ڕاستدا خۆی کرد بە کۆڵانیکی

فراواندا.. ئەمیش وورد وورد لەدوایەوەڕێگای دەبڕی.. ئەوە لەبەردەمی دەرگایەکی شیندا وەستاپەنجەی نابەپلاکی بەردەرگا کەدا.. ئەمیش هەر هەنگاوی دەنا کەدەرگاکە کرایەوە ئەو چوە ژورەوەو ئەمیش بەخەون و ئومێدەکانییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان..

بۆ سبەینێ بەپەلە کتێبەکانی هەڵگرتوو بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوت ئەم لەڕیزی لای سێیەمداو لەدوای دواوەدادەنیشت کچەکەش لەڕیزی یەکەمداو لەناوەڕاستدا دادەنیشت..

دەرسی یەکەم مێژوو بوون مامۆستا پرسیارێکی کرد.. قوتابیەکان دەستیان بەرز کردەوە، مامۆستا ئاوڕی دایەوەبۆلای ڕیزی یەکەم پیاوێکی پیری عەینەکێ لەچاو و بوو.. گوتی:

-(( ئادەی ڕۆژگار..))

ناوی ڕۆژگـار ئـەمی هـەر ڕۆژاند، ڕۆژگار نـا ی کچەیـە، نـاوی خۆشەویسـتەکەیەتی.. کەواتـە نـاوی ڕۆژگارە..!!

مامۆستا گوێـی گرتبـوو، ڕۆژگـاریش، وەڵامـی پرسیارەکەی دەدایەوە، دەنگی تا بلێ ی ناسکێ و پڕ لـە سۆز بوو، ئەم دەنگـە دەهێنـدەی تـر سـۆرانی لـە هۆش خۆیبرد.. ئەمە یەکەم جارە گوێی لە دەنگی بێت..

بەهەر حاڵ.. ئەمڕۆیش قوتابخانە تەواو بـوو.. هـەمان پرۆسەی دوێنێ، بەبێ کـەم و زیـاد گەیشتەوە ئـەنجام.. ئەم لە گەڵیا بوو تا دەرگاکەی داخست.. ئـاااایی چـەندی حەز دەکرد کەلە پاسـەکەدا پارەکـەی بۆ بدایـە..!! بـەڵام زاتی نەبوو.. دەترسا لیی بێتە دەنگێ و حـەیای بـەرێت!! دەترسا لە ناو ئەو خەڵکەدا بیداتـە بـەر تـف و نـەفرین.. ئاخر دوو ڕۆژە دەیناسێت.. تـا ئێسـتا لـە ئاستیدا زاری بکاتەوە و تەنها سڵاوێکی لێ بکات.. چ جای کرێ پاسی بۆ بدات..!!

ڕۆژی سـێیەم هاتـە پێشـەوە.. خـۆی گـەیاندە وە قوتابخانـە.. سـات بـە سـات بـۆ هـەلێکێ دەگـەڕا، بـۆ

دەرفەتێک دەگەڕا، بۆی بڕەخسێت و تەنها یەک قسەی لەلابکات.. ئێدی ئەو قسەیە هەر چیە و چۆنە قەیدی نیە..

دەرسی سێیەم بیرکاری بوو.. مامۆستا هاوکێشەیەکی لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسی.. گوتی

-(( کێ بۆمان حەل دەکات؟))

هەموو قوتابیەکان دەستیان بەرز کردەوە، مامۆستا ڕۆژگاری هەڵساند.. ڕۆژە تەباشیری گرت بەدەستەوە، لە سەرەتاوە باشی هێنا.. وەلێ لە ناوەڕاستدا خراپی کرد.. تێکی دا.. مامۆستا گوتی:

-(( نانا.. تێکت دا..))

ڕۆژە هەر چی کرد بۆی ساغ نەبووەوە.. مامۆستا گوتی:

((کێ بۆی ڕاست دەکاتەوە؟))

سۆران بەپەلە دەستی بەرز کردەوە، ئامانی نەبوو لەبیرکاریدا، هەمیشە زیرەک ترین قوتابی بووە تیاندا، مامۆستا هەڵی ساند.. سۆرە گەیشتە بەر تەختە ڕەشەکە.. ڕۆژگار تەباشیرەکەی دایەدەستی، ئەم دەستی

لەرزی، یەکەم جارە خۆشەویستەکەی ئاوا بەرامبەری بووەستێت و پێویستی بەیارمەتی ئەم بێت.. ئەم لەچەند سانیەیەکدا هەڵەکەی بۆ ڕاست کردەوە و هاوکێشەکەی گەیاندە ئەنجام..پاشان هەردوو کیان گەڕانەوە جێگاکەی خۆیان، کەوانە تەواو بوو.. ڕۆژگار هاتە لای سۆران و پێی گوت:

-(( کاکێ سۆران ئەگەر زەحمەت نەبێت حەز دەکەم، جارێکی تر ئەو هاوکێشەیەم بۆ شی بکەیتەوە، زۆر ڕوون نیە لام.))

ئەم داواکاریە سۆرانی وەکو ژاژەلان خستە سەما، هەستی کرد زەمەن و ڕووداوەکان خزمەتی دەکەن، یارمەتی دەدەن، هاریکاری دەکەن..

ئەوە ڕۆژگارە بەپێی خۆی هاتووەتە بەردەمی و، داوای قسە کردنی لێ دەکات.. ئەو ڕۆژگارەی کە دوێنێ دەقەرێکی پڕ لە ئەتۆم بوو، دەترسا ئەگەر کرێ پاسەکەی بۆ بدات، بتەقێتەوە بە ڕوویدا و نەک بە تەنها خۆی، بەڵکو دنیایش وێران بکات..

ئەمە ئەو ڕۆژگارەیە کە دەترسا تف باران و نەفرین بارانی بکات و بەبەر چاوی خەڵکی نێو پاسەکەوە، حەیای بەرێت..

ئەی دەزانی سوپاسی کێ بکات..!! دڵی، هەستی، ناخی، سوپاسی خوای دەکرد..!! وەلێ خێرا خێرایش بە خۆی دەگوت:

-(( خوای چی..؟ ئێمە کەی بڕوامان بەخوا هەیە..!!))

ئەم خەیاڵانە چەخماخەو بروسکەبوون، تیژ ڕەوانەوە بە مێشکیدا تێپەڕین ، پاشان بەپەلە قەڵەم و دەفتەرێکی دەرهێنا و گوتی:

-(( زەحمەتی چی.. چەند جار دەتەوێت بۆت حەل دەکەم))

ڕۆژگار لە پەنایەوە دانیشت و، ئەمیش دەستی پێکرد.. چەند جارێک بۆی دووبارە کردەوە، ئەو پرسیاری دەکرد ئەمیش وەڵامی دەدایەوە .. وای هەست دەکرد گەورەترین پاشای ئەم گەردوونەیە.. کە زەنگی

هاتنە ژوورەوە لیَ درا، ڕۆژگار هەستایە سەر پیَ و گوتی:

-(( زۆر زۆر سوپاس... بەڕاستی ماندووم کردی))

سۆران بەیەکَ دنیا خەندەی کامەرانیەوە گوتی:

-(( ماندوویەتی چی.. من بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم..))

دەوام تەواو بوو، ئەمجارە سۆران وەکو ڕۆژانی تر خەمبار نەبوو، شادیَ لە هەموو گیانی دەباری، و کەلە گەڵیدا سواری پاسەکە بوو، کریَکەی بۆ دا.. هەنووکە ئەم بە پیَوەنیە ئەویش دانیشتبیَت، هەردووکیان لە پەنای یەکتریدا و لەسەر دوو کورسی دانیشتوون، بە یەکەوە باسی قوتابخانەو دەرسەکان دەکەن..

ڕۆژی چوارەم و پیَنجەم و بیستەم و سیەم تیَپەڕی و، وردە وردە پیَوەندی نیَوان ڕۆژەو سۆرە بە هیَزتر دەبوو.. وەلیَ هیچ کامیان، نەیان دەویَرا باسی خۆشەویستی یەکتری بکەن.. دەترسان.. زۆریش دەترسان.. سۆران دەترسا ڕۆژگاری لەکیس بچیَت... ڕۆژگاریش هەروەها...

بەڵام ئەمە سەپاندنی فەرمانی دەرەوەی خودە، تەمەنی درێژ نابێت.. ئەمە زۆرداری و زۆر لە خۆکردنە، حەتمەن دەبێ و کۆتایی دێت.. ئەمە بەربەستێکی لاوازو بێ هێزە.. لەکوێ خۆی دەگرێت لەبەردەمی تەکان و تەوژمی ئەم ڕووبارە شێتە دا..!!

تاقیکردنەوەی مانگانە دەستی پێکرد.. نیوەی ساڵ هاتە پێشەوە، لەپشووەکەیدا سۆران نامەیەکی نووسی، پێش نووسینی، هەر چی گۆڤاری کاروان و بەیان و دیوانە شیعری هەبوو، کۆی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکان.. هەر شیعرێکی بەدڵ بوایە دیاری دەکرد.. بۆ ئەوەی دوایی کەڵکی لێ وەبگرێت بۆ نامەکەی..

خوێندنەوە دوایی هاتوو قەڵەمی گرت بەدەستەوە و پەڕەی لەبەردەمی خۆیدا درێژ کردو دەستی پێ کرد.. چەندی توانی نووسی.. کەلێ بویەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی وای هەست دەکرد شعور و سۆز دڵ و ئاخ و ڕۆحی خۆی تۆمار کردووە.. چەند جارێک خوێندیەوە:

-(( بۆئەو کەسەی کە گەورەترین سەرمایەمە لەم ژیانەمداو ئامادەنیم بەم گەردوونەی بگۆڕمەوە..

بۆ ئەو کەسەی کەپارچەیەکە لەڕۆحم، لە جگەرم، لە کەسایەتیم و هەرگیز لێم جودا نابێتەوە..

بۆ ئەو کەسەی کەمن بۆی بومەتە نالی و وەلی دێوانەو مەولەوی ئەویش لام بووە بە حەبیبە و شەم و خاتوو عەنبەر.. سلاوی خۆشەویستی و سۆزی ئەم دڵەت لێ بێ.. ئەو سلاوەی کە بتوانێت عەشقی پیرۆزمت پێ بگەیەنێت،

نازانم.. من نازانم.. بە چ زمانێک باسی خۆشەویستی خۆمت بۆ بکەم..

هەر چەند دەکەم کۆمەڵە وشەیەکم بۆ نادۆزرێتەوە، کەبتوانم ناخمت بۆ وێنە بگرن..

هیچ نالێم.. تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ لەم گەردوونەدا هەموو شتێکی منی و تەواو..

خۆشەویستت / سۆران))

لەڕاستیدا زۆربەی دێڕی ئەم نامەیەی لە شیعری دیوانەکان دەرهێنا بوو... وەلێ ئەم هەستی بەوە دەکرد،

ئەو شیعرانەیش مولکی خۆیەتی و، مافی ئەوەی هەیە بە ویستی خۆی، بیان خوێنێتەوە و بە کاریان بێنێت..

پشوی نیوەی ساڵ تەواو بوو، دووەم ڕۆژ کە لە قوتابخانە دەگەڕانەوە بۆماڵەوەو لە پاسەکە دابەزین، بە دەستێکی لەرزۆکەوە نامەکەی دایە دەست ڕۆژگار، ئەم ڕەنگی زەرد بوو، شڵەژا، بەڵام ئەو زۆر بە ئاسایی لێی وەرگرتوو خوا حافیزی لێکرد..

شەو تێپەڕی.. سبەینێی گومان و ڕاڕایی هاتەوە.... ئەم دنیایە زۆر سەیرە.. هەر کەسێ گومانی لا دروست نەبێ تەماشا ناکات، هەر کەسێکیش تەماشا نەکات ڕانامێنێ، هەر کەسێکیش ڕانەما کوێرێکەو پاساپۆرتی گێلێتی لە کلیرفانی خۆی ناوە.

ڕاستە وتویانە.. مرۆڤ دەبێت لەوەهەمەوە دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر چووە ناو دنیای حەقیقەت خاوەنی وەعی بێت..

دەبێت لە فۆرمەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی هەست بە جوانی ماناو شەوق دانەوەی کرۆک و سەرچاوەی نوور بکات..

دەبێ لە گومانەوە دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی دەرکی ئەلف و بێی یەقین بکات ..

سبەینێ هات.. سۆران یەک پارچە وەهم بوو، یەک پارچە گومان و ڕاڕایی و ترس بوو..!! دڵی بەپەلە لێی دەدا.. ناخی وەکو هێرۆ شیمای ژێر بۆمبی ئەتۆمی نۆڕکەوانەکانی ئەمەریکای مرۆڤ کوژ دائەهوروژا.. بەخۆی دەگوت:

-(( بلـێ ی.. بلـێ ی.. ڕەفزی بکات..؟ خۆشەویستیەکە ژێر پێ بنێ..؟ بلێی ترسەکەم ببێت بە واقیع..؟ نازانم لە کێ بپاڕێمەوە..؟ لەخوا..!! چی..؟ خوا..!!.. خوا..!!.. نەخێر.. خوانیە..؟سروشت.. ئاخر ئەویش کەڕولاڵە.. نابینێ، ئەی کێ..؟ ها.. کێ.. نازانم.. نازانم.. خوا بە فریام کەوە..؟ کوڕە بابە خوای چی..؟ ئێمەکەی بڕوامان بە خوا هەیە تا هاواری لێ بکەین.. ئەی مەگەر کارل مارکسی ڕابەرمان نەی فەرموو.. خوانیەو ژیان ماددەیە..!!با..خۆی فەرموویەتی..؟ئەی باشە من ئێستا هاوار بکەمەکێ..؟ لەکێ بپاڕێمەوە.. ها.. کێ بکەم بە خوای خۆم..؟ کێ بکەم بە خوای خۆم..؟.. باشە چی تیایە ئەگەر ڕۆژگار بکەم بە خوای خۆم..؟ها..؟ ها..؟ چی تیایەتیایە..

خەلکی سروشت دەپەرستن، هەندێکی تر ڕێکەوت دەپەرستن.. ئەی باشە منیش بۆچی ڕۆژگار نەپەرستم..؟ ئاخر کێ دەڵێ ئەو تۆ ڕەفز ناکات.. هاکێ دەڵێ..؟.. دەی با ڕەفزم بکات.. من هەر بەخوای خۆمی دەزانم..؟ لە ڕەحمیش دەرم بکات هەر بەخوای خۆمی دەزانم..!! کەواتە منیش خوای خۆمم دۆزیەوە.. ڕۆژگار.. ڕۆژگار..))

پاش دەوامی قوتابخانە ڕۆژە و سۆران بەیەکەوە گەڕانەوە، ڕۆژگار زۆر بەختیار دەهاتە پێش چاو، ئەمیش تا بڵێی تێکشکاوە.. لەهەمان جێگادا کە دوێنێ نامەکەی دایە دەستی ڕۆژگار، وەستان، ئەم جارە ئەو نامەیەکی داخراوی دایەدەستی ئەم.. بەپەلەوەری گرت ولەیەکێ جودا بوونەوە..

نامەکە لەگیرفانی ڕاستی پانتۆڵەڕەشەکەیدا بوو، بەدەستی ڕاستی تووند تووند گرتبووی، هەنگاوی خیراو بەپەلەی دەنا، وێدەچوو بترسێ لەوەی ڕێگای پێبگرن نەنتوانێت بگاتەوە ماڵەوەو نامەکە بخوێنێتەوە...

بەسواری تاکسیەکێ گەیشتەوە گۆیژە، چوەماڵی خۆیان ودەرگای ژورەکەی داخست و بەسەر قەنفە درێژەکەدا ڕاکشاو بەئەسپایی نامەی لەگیرفانی دەرهێناو

تێپەکەی لێ کردەوەو لەبەرچاوەکانیدا تەختی کردو
دەسی کردبەخوێندنەوەی.شااااای شادی چۆن وەک
مەلۆتکە لەباوەشی گرت!! نەجارێکو نەدووان
ونەدە!!هەردەی خوێندەوەو تێر نەدەبوو.. شێتیەکەی
تولو قولتر بوویەوە، بەپێوە دەی خوێندەوە..
بەدانیشتانەوە.. بەڕاکشانەوە.. پاشان لەبەر خۆیەوە
دەیگوت:

((سوپاس.. سوپاس؟ بۆکێ..؟ بۆخواکەی خۆم،
بۆڕۆژگار، کەبێ ئومێدی نەکردم، سوپاس ڕۆژگار ئەی
خواوەندە جوانەکەم.))

سۆران لەنێو تابلۆ کەدا ئەم چیرۆکەی خۆی و ڕۆژگری
هاتەوە بەرچاو.. بەزەیی بەئەوسای خۆیوو
خۆشەویستەکەیدا دەهاتەوە..چۆن حەقیقەتیان لێ
ونبووبوو..

کەپۆلی سێی ناوەندیان تەواو کرد.سۆران لەئامادەیی
پیشەسازی وەرگیراو ڕوژگاریش لەپۆلی چواری
گشتی.ئەم لێک دابڕانە هەزار هێندەی تر عەشقەکەی
قولتر کردنەوە.بەتایبەتی لای ڕۆژگار..!!

ئێوارەیەک لەباخی گشتی پێکەوە لە بن درەختەکاندا دەبن.. سۆران باسی دینەتازەکەی بۆ ڕۆژگار دەکات. لەسەرتادا هەندێک قسەی مارکس و لینینی بۆ شەرح دەکات.

ڕۆژەی کلۆل لەفیکردا، مێشکی سافە، لاپەڕەیەکی سپیە، دلیشی مەملەکەتێکی چۆل و هۆلە، جگە لە سۆران هیچ شتێکی دیکەی تێدا نیە.. سۆران هەرچی پێ بلێت ئەم بێ قەیدو شەرت وەری دەگرێت..

ئەم هەندێک باسی ئەوەی بۆ کرد کە خوا نیە.. ئەو شتانەی کە لە دەمی خەلکەوە بیستبووی، بۆ ڕۆژەی باس کرد.. ڕۆژەیش گوتی:

-(( ئەی باشە، کێ خوامان بێت؟))

-(( هەندێک ڕێکەوت بە خوا دەزانن، هەندێکی تریش سروشت!))

-(( ئەی تۆ؟))

-(( منیش تۆ بەخوای خۆم دەزانم..!! خوا چیە..؟ شتێکە کە مرۆڤ خۆشی دەوێت و دەیپەرستێت.. منیش تۆم خۆش دەوێت و دەتپەرستم..!!))

((کەواتە منیش وەکو تۆم.. منیش نابێت بێ خوابم.. خوای منیش تۆی.. ))

سۆران لەجێگاکەی خۆیی هەستایەوە و بەرامبەری تابلۆکە ڕاوەستا لەبەر خۆیەوە گوتی:

((نااااایی لەو نەفامیەتەی کە ئێمە تێدا بورین..!!مرۆڤ ئەگەر خوای ڕاستەقینەی لێ ونبوو.. ئیتر هەرجارەی شتێکێ دەکات بەخوای خۆی..!! بەهەر حاڵ، ئێستا من چی بکەم..؟ چۆن ڕۆژگار لەو نەفامی و جاهیلەتە دەربێنم..؟ ها.. چی بکەم.. خۆ ناکرێ دەستی لێ هەڵگرم.. نەخێر.. هەرگیز ناکرێت.. یەکەم.. من تا سەر ئێسقانم خۆشم دەوێت.. دووەمیش من خۆم تووشی ئەم جاهیلیەتەم کردووە.. ئێستا چ زوڵمێکە وازی لێ بێنم.. خوای گەورەیش ڕازی نابێت وازی لێ بێنم..!!.. بەڵام چی بکەم..؟ ئێستا من چی بکەم..؟ چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەم..؟))

لەژورەکەدا دەستی کرد بەپیاسە کردن، ئەمسەرەو سەر دەهات و دەڕۆیشت، ئاور بەردابووە خەرمانی بیری، دەیویست لەو ئاورەدا چارە سەرێکی گەش بدۆزێتەوە.. چارە سەرێکێ نەشیش بسوتێنێ و نەکەباب..

چارە سەرێکێ ڕۆژەی بۆ بکـات بـە کـە سایەتیەکی وەکێ خەدیجـە ڕ، تیشـکە ئالتونیـەکانی هـەموو پـاش کازێوەیەکێ، بتکێنێتە سەر لێوەکانی..

سەعات گەیشتە دوانزەی شەو، ئـەمیش بەسـەر مێژووی یـەخگرتوو دا، بـە هـەنگاوی درێـژو خـێرا، تێدەپەڕی، دەگەڕایەوە.. عوسمانیەکانی بـەجێ هێشت.. بەسەر سەلجوقیەکاندا فڕی.. مەمالیکـەکانی تێپـەڕاند.. لای ئەیوبیـیـەکان و عەباسـیـەکان و ئەمەویـەکانیش نەوەسـتاو، خـۆی گـەیاندەوە مەدینـەی سـەردەمی پێغەمبەری ئیسلام.. تەماشای کرد.. ڕاما.. ورد بوویەوە.. بینی هاوڕێ کانی موحەمـەد سلاوی لـە سـەر بێ و لـە هەموو گێرە و کێشەو ئاشوب و کێشەیەکیاندا، دێنەلای و پرسی پێدەکەن و بۆچوونەکانی وەردەگرن و، ئیدی زۆر بەکامەرانی دەژین.. بەخۆی گوت:

-(( باشە منیش بۆچی وانەکـەم.. بـۆ نـەڕۆم بـۆ لای مامۆستاکەم و هەموو شتێکی بە دوورو درێژی بـۆ بـاس نەکەم..؟.. ها بۆ وا نەکـەم..؟.. ئاخر چۆن..؟ چۆن دەبێ کاکێ کەیوان بەم هەموو نهێنیانـە بزانێت..؟.. ئـەی دوای چۆن ڕووم بێت لە ئاستیدا سەر بەرزکەمەوە..؟ ها.. چـۆن ڕووم بێت..؟ ))

ماوەیەک مێشکی بەمەوە دایساو، هاتەری ڕاڕایی، لێ بەرز بوویەوە.. دەوەنەکانی بیری لەیلانی لێ بڵندەبوویەوە..

((باشە بۆچی ڕووم نایەسەر بەرزکەمەوە ..؟.. وەختی خۆی کابرایەکی جاهیل بووم و ئەم کارانەم کردووە.. ئەم کارانەیش بەلای مرۆڤی جاهیلەوە زۆر ئاساییە، بگرە ژیانیشیانی بۆ تەرخان دەکەن.. تەواو.. سبەینێ دەچمەلای کاک کەیوان و لەنوکەوە چیرۆکەکەمانی بۆدەگێڕمەوە و داوای چارەسەری لێدەکەم..!!

لە چەپەری ئەم وشەیەدا ڕاوەستا، خەمێکی وەک چریسکە تریسکی وەک ڕەزی، وەک لاوڕ، وەک سارەوەنی بێ تێشوو هەڵڕژایە بەردەمی:

(( ئەی ئەگەر..ئەگەر.. نا.. ئەگەر کاک کەیوان وای بەباش زانی واز لە ڕۆژگار بێنم.. وازی لێ بێنم..؟ ئاخر ڕۆژگار تێکەڵاوی خوێنم بووە.. ئاخر.))

دیسان وشەی پێ نەما، زۆرجار وشە توانای دەربڕینی نامێنێت، زۆر جار وشە، دەبێتە ئەو منداڵە چکۆلە بێ بەرگەی، لە شەوانی چلەی زستانا، بەبێ

دایکی بەفر دەبارێت بەسەریدا و لە کۆڵانەکاندا وەکو بلۆکی دیواری لێ دێت و دەمرێت..

(( باوەڕ ناکەم.. نەخێر.. هەرگیز.. باوەڕ ناکەم. ئەو کاک کەیوانەی کە سۆزو خۆشەویستی لێ دەبارێت، ئەو چارە سەرە بەشیاو بزانێت..!!.. ئەی ئەگەر بەشیاوی زانی چی..؟! نا.. نایزانێ.. گریمان.. ئێستا گریمان بە شیاوی زانی..؟!)) ئاخ لەم جانەوەری گومانە، ئاخ لەم فسوسە بەلگە بۆگەناوییەی ڕاڕایی.. بۆچی سەرجەمی شاپلیتەکانی ئەنجامی کوژاندۆتەوە.. ئەی بۆشاپوراخەڕەنگاو ڕەنگ و خاڵ خاڵینەکەی دەروونی کوا.. ئاااای چەندی پێخۆشە، باوەشێک فرمێسکی ئومێد، هەر ئێستا لەم دەشتەڕووتەن و کۆسەیەی ناخیدا، بڕسکا نایە.

لەوەتەی مسولمان بووم و کاک کەیوانم بەمامۆستای خۆم هەلبژاردووم، تا ئێستا هەر ڕێگای چاکەی بۆ داناوم.. دڵنیام لەوەی زۆریشی خۆش دەوێم.. ئێستا کاتی ئەمەنیە.. من دەبێ چارەسەر بدۆزمەوە!!))

گەڕایەوە سەر قەنەفەکەی.. دانیشت، کتێبی سەر تەپلەکەکەی کەرتەوە پێش چاوانی.. ( ئیسلام و ڕێچکەکان) وشەی ( ئیسلام) خەیالی وروژاند.. لەو

تاریکستانەدا چرایەکی بۆ هەلکرد.. لەبەر تیشکی ئەو چرایەدا کۆتا بڕیاری خۆی دا.. ئەم بڕیارەی پاش لێک دانەوەیەکی پڕلە ماندو بوون بوو.. ماندو بوونی بیری. ماندوبوونی جەستەی:

(( من لە بەردەم دوو ڕیانێک دام.. یەکێکیان خۆشەویستی و عەشقی ڕۆژگار تا سەر ئێسقانم.. ئەوی تریشتان بە گوێ کردنی مامۆستاکەمە.. ئەگەر ویستی من و ویستی مامۆستاکەم یەکی گرتەوە، ئەوە سوپاس بۆ خوای تاک و تەنیا و ان شاء الله ڕۆژگاریش لە جاهیلیەت ڕزگاری دەبێ و ئیدی هەتا هەتایە پێکەوە دەبین.. خۆ ئەگەر خوا نەخواستە.. کە شتی وا هەرگیز نابێ.. نەخێر نابێ.. بەلام ئەگەر.. تۆ بلێی ئەگەر بوو، ئەوە بەگوێی مامۆستاکەم دەکەم و بەجەستەواز لە ڕۆژگار دەهێنم، خۆشەویستیەکەیش، با لە گۆشەیەکی ڕۆحمدا، بمێنێت تا ئەو ڕۆژەی قیامەت و، هەموو ساتێک شەوق بداتەوە.. ئا.. با بمێنێ تا ئەو ساتەی لە وێ بە یەک دەگەینەوە..!! بەلام تۆ بلێی کاک کەیوان بلێ وازی لێ بێنە..؟ دەی.. تۆ تازە بڕیاری خۆتت دا.. خۆلێی پەشیمان نابیتەوە؟))

هەستایە سەر پێ، ئەو ژوورەی بەجێهێشت، بەرەو ژووری خەوتن هەنگاوی نا.. دیتی بەختیاری برای خەوی لێ کەوتووە.. ئەمیش وەکو ڕێبوارێکی شەکەت و ماندو، لە نێو جێگاکەیدا ڕاکشا، دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی ( مولکٔ).. کەیوان پێی گوتبوو:

-(( کاکٔ سۆران سورەتی مولکٔ لەبەر بکە.))

-(( ان شاء الله))

-((کەلەبەرت کرد هەموو شەوێ پێش ئەوەی بخەون بیخوێنە))

-(( بەپیشتیوانی خوای گەورە.))

-((ئەزانی بۆچی؟))

-((لەبەر ئەوەی تۆ فەرمانم پێ دەکەیت))

-(( نا.. چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ڕموویەتی.. هەر کەسێکٔ ئەو سورەتە پێش خەوتنان ێنێت، خوای گەورە لە تاریکی گۆڕەکەی ڕزگاری دەکات و هەمیشە ڕووناکٔ دەبێت))

-(( ان شاء الله لەبەری دەکەم و دەیی خوێنم))

بۆچی قوتابییەکانی کەیوان ڕوویان بوو لە ئاستیدا سەر بەرز بکەنەوە..؟ بۆچی بەموو لە قسەکانی دەر دەچوون؟ نەخێر.. ئەوان کەیوانیان بە مامۆستاو

خۆشەویست و برا گەورە و باوکی خۆیان دەزانی.. هەر چیەکی پێ بگوتنایە خێرا جێ بەجێیان دەکرد..!! دەیانوویست هەر بەڕاستی سەرباز بن و کەیوانیش نەرماندە..!! سۆران لە (( تبارك الذی بیدە الملك و هو علی كل شیء قدیر )) ەوە دەستی پێ کرد.. تا هەر سی ئایەتەکەی تەواو کرد.. پاشان پێڵوەکانی قورس بوو.. خەو زۆری بۆ هێنا.. لەدوای چەند ساتێکی کەم بە تەواوی ڕازا.

بۆبەیانی.. ئاو لەسەر جادەکان بەرزبویەوە، باران بەتوندی وبەخوڕ دەباری، دڵۆپەکان وێدەچوو گەلێک گەورەبن، هەورەکان چەخماخەیان دەداو دەیانگرماند...گرماندنێکی قورس و تاڵ.. پڕلەمەترسی.. شێوەیان وەک و شێوەی پیرێک مالوس و یەکانە بوو.. دەهاتن و دەچوون بەنێو یەکدا.. هێندەت دەزانی ناڵەیەکیان لێوە دەهات، مرۆڤ دەیگوت ئێستانا ئێستا دنیا کاول دەبێت، گەردوون تێکدەچێت بەسەریەکدا و جیهان خاپور دەبێت.. ئەمەنەجارێک و نەدووان و نەدە.. ئاولەسەرجادە زۆرتر بوو.. زیاتری کرد.. بەردەوامیش باران دەبارێت زۆرسەیرە.. دوێنێ چ خۆرەتاوێک بوو..!!.. تیشکی خۆر مرۆڤی کاس وگێژ دەکرد.. دوێنێ هەموو

شتێکێ ئارەقی لێ دەچۆڕا.. هەمووشتێک هەڵمی لێ هەڵدەسا.. هەڵم بوویان شتێک بوو وەکوهەڵم،.. کەچی لافاو هەڵساوە.. دەڵێی ئاسمان ئەمڕۆ لەبەعس و لەشار تووڕەبووە.. تووڕەبووە لەبەعس.. چونکە وردە وردە وازلە خووڕەوشت وئاکاری مرۆڤ دەهێنێت ودەبێت بەدڕندە.. خۆی دەبێتە دڕندەو ئاکاریش دەبێتە دڕندە.. تووڕەبووە لەشاریش، چوونکە هەمووی بەجارێ، بە پیاو ژن و گەورەومناڵەوە، هەڵ ئەسنە سەرپێ وڕاناپەڕن بۆلەناوبردن ولە ڕیشە دەرکێشانی ئەم زۆرداری ودڕندەیەتی بەعس..

سۆران گەلێک سەیر بوو.. ئەم بەجۆرێکی تر لەم بارانە ڕادەماو شیتاڵی دەکرد.. یاخود شعوری بەجۆرێکی تەلیسماوی تر ڕوداوەکەی تێدەگەیاند.. لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیدا ڕاوەستا بوو، بۆ دەرەوەی دەڕوانی و بەخۆی دەگوت:

-((ئەی دنیا..!! وادیارە ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژی من و ڕۆژگارە بۆیە وا هەورەکان ڕەش داگەڕاون و بانگ وسەدای گریانیان لێداوە و ئەم فرمێسکە گەورە گەورانە بەخوڕدەڕژێنن.. دیارە ئەوان لەجێگایەکی تردەوە بەمەیان زانیوە ئەوان پاکو بێگوناهن دڵ سافن.. بەرگەی ئەم

جۆرەترا ژیدیایانە ناگرن.. بۆیە ئاوا دەگرین وناگر لە
جەرگیان بەربووە!! تەواو.. ئەمڕۆ من و ڕۆژگار تەواو
دڵم وام پێدەڵێت..!! ئەمڕۆ چیرۆکی عەشقێکی پڕ لە ژان
ئازار سەر دەبڕێ و کۆتای پێدێت..!! ئەم پانتۆڵە
ڕەشەکەی وکراسە سپیەکەی لە بەر کرد بوو، کتێبە
کانیشی بەدەستەوە بوو.چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بارانەکە
خۆش بکات وبۆی دەرچێت.وەلێ جەخار.. باران خۆش
ناکات.. ڕاناوەستێ.. دڵی ئەمیش زیاتر دادە خورپێ!

-((تەواو خۆیەتی..جیا بوونەوەیە.. لێک دابڕانە و
هیچی تر.. ئاخر کەی لەبەهاردا بارانی وابارێ وە.. کەی
هەور واگرماندویەتی..؟ کورە بابە بارانی چی و گرماندنی
چی.. ئەوە خەڵکی لێیان تێکچووە، خەیاڵ دەکەن..
ئەگینا ئەوە گرماندن نیە.. ئەوە بانگ وسەدای گریان
وهیچی تر.. ئەوەش باران نیە.. ئەوە ڕۆندک و فرمێسکی
چاوی هەورەکانە.. خەڵکی لێیان تێکچووە.. نازانن ئەوان
بۆئەمڕۆی من و ڕۆژگار دەگرین.نازانم.. نا.. لێیان تێ
ناگەن!! سافان وچکە تورەو شێتەکان، جارجارە هێور
دەبوونەوە جار جارەئۆقرەیان دەگرت.. بەڵام زۆری نەدەبرد
سەر لە نوێ تورەدەبونەوە.. سەر لە نوێ شێت و هار
دەبوونەوە .. سەر لە نوێ یاخی دەبوونەوە..!!چەخماخەو

بروسکە، یەکێ لەدوای یەکێ دادەگیرسان.بلێسەیان دەدا.. بەدوی ئەوانیشدا، نرکەو نالەیەکێ، وەکێ بورکان دەتەقییەوەو گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد.. سۆرانیش ڕۆحی هەمووی برین بوو، برینی ڕوت وقوت، برینی بێ شێوەو بێ بارستای وبێ بۆن وتام.. برینی هزرێ.. پڕپەبونی حەزی دەکرد بارانەکە ڕێگای بدات و هەر چۆنێکێ بووە خۆی بگەیەنێتە کەیوان، بەڵکو بتوانێت بۆی هەتوان بکات.. وەلێ یازوخ ئەم شالاوە چۆن دەوەستێ؟

-((ئەمرۆ تەواو.. تازەپاسەکانیش باوەڕناکەم دەرچن.. کێ دەتوانێ بەم چەفە ساخەو بروسکەیە لە ماڵ بڕواتە دەرەوە.. بە هەر حاڵ.. کێ دەڵێت خەیری پێوە نیە.ئەی ئەوە نیە خوای گەورە دەفەرموێت (وعسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم..) ئەمرۆ ئارام دەگرم..سبەینێ..انشاء الله هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم.

زەمەنی بەیانی تانیوەڕۆ، نیوەڕۆ تا ئێوارە، ئێوارەش تابەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو تێپەڕی، سۆرانیش وێدەچوو لەسەر پشکۆ ڕاوەستا بێت.. حەزی دەکرد هەڵۆیەکێ بوایەو لەچاوتروکانێکدا خۆی بگەیاندایەتە تاقگەی ژووان.. تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد، چل وپێنج دەقەی ماوە بۆ دەوام.. کتێبەکانی نایە بن

هەنگڵی وبۆی دەرچوو.. ئەمڕۆ بەپێچەوانەی دوێنێ وە خۆرهەتاوەکەی دنیا زۆر ئاساییە.. بەکرێ گیراوانی بەعسی داگیرکەر یش، هێندە بە جلی سەوزی وەک قەوزی ناو زۆنگاوەکانەوە لە سوچەکانەوە، دوو دوو، سێ سێ، وەستاون بووەبەشتێکی ئاسایی لای خەڵکی. ئەو خەڵکە ڕاهاتون بەوەی لەو دەخت وبێ وەختدا، خوێن تاڵێکی بەعس پێیان بڵێت:

-((کاکە هەویەکەت))

-((فەرموو))

-((ئەوە تەزویرە))

-((کاکە تەزویری چی))

-((با من دەڵێم تەزویرە))

-((باوکم بەخوا تەزویر نیە.. تۆ جوان سەیر یکە.))

-((سەگ باب.. خۆ کوێر نیت.. دەڵێی کەڕیت، تێناگەیت))

خوێن تاڵەکە بە ئاشکرا داوای پارەی دەکرد.. کابرایش ناچار بیست و پێنج دینارێکی دەدایەوە ڕزگاری دەبوو.. سۆران زۆر خۆی دەپاراست لە مانە.. چونکە دەی زانی فلسیان ناداتێ و دەبێت بە شەڕیان و دواتر دەیگرن..

هەر چۆنێكێ بوو خۆی گەیاندە قوتابخانە.. كەیوانی دی لە سوچێكدا قسان بۆ چەند قوتابییەكێ دەكات.. بە دەست خۆی نەبوو پێكەنی.. پێكەنینێكی نەرمی لەسەر خۆ.. ناچارە.. هەر دەبێت پێ بكەنێت.. ناتوانێت كەیوان ببینێت و بەختیار نەبێت.... ناتوانێت تەماشای ئەو دەمو چاوە پڕ لە نوورو یەقینە بكات و خەندە نەیەتە سەر لێوی.. هەتا بڵێی دەستەو سانە لە ئاستی كەیواندا.. ئەم هەركاتێكێ ئەو دەبینێت هەموو شتێیەكی لە بیر دەچێتەوە.. ڕۆژگاریشی لە بیر دەچێتەوە، لە بناری كەیواندا كە ڕادەوەستێ، ئیدی هەست بە قورسایی جەستەی دەكات.. ئەمە چراخانی ئەو خۆشەویستی و عاتیفەیە كە كەیوان پێش هەموو شتێكێ لە ڕۆحی قوتابیەكانیدا دایدەكیرسێنێت، كەیوان دەی زانی، تا ئەم خۆشەویستیەو عاتیفەیە لە نێوان قوتابی و مامۆستادا دروست نەبێت، هیچ شسێكێ ناگاتە كۆتایی.. تەمەنی شتەكان لە تەمەنی گوڵەكان تێناپەڕێ.. وەلێ ئەگەر مامۆستا توانی جێگای خۆی لەدڵی قوتابیەكەی دا بكاتەوە و وجودی قوتابیەكەی پڕ بكات لە عاتیفە و خۆشەویستی، ئیدی ئەو قوتابیە لە

بەر دەستیدا دەبێتە هەویرێک و چۆنی بوێت وا دەیکات بەنان..

سۆران لێیان نزیک بوویەوەو سڵاوی لێ کردن ئەوانیش وەڵامیان دایەوە.. ئەم داوای مۆڵەتی وەستانی لێ کردن، ئەوانیش پێیان ئاسایی بوو.. پاشان کەیوان درێژەی بە قسەکانی دا..

★★★ ★★★ ★★★

لەدوای دەوام، سۆران و کەیوان بە پێ بۆ بازاڕ سەرکەوتن، نەیان دەویست سواری پاس ببن.. سۆران لەکاتی دەوامدا پێی گوت بوو کەکارێکی پێویستی پێیەتی.. کەچی ئێستا زاری ناکاتەوە، کەیوانیش هەر بەتەمای ئەو بوو قسان بکات.. کەزانی هیچ نالێت خۆی هاتە گۆ!

-(( کاکە سۆران، بۆ بێ دەنگیت..؟))

-(( بڵێم چی!))

-(( چۆن بڵێیت چی..؟ مەگەر تۆ نەتگوت کارێکی پێویستم پێت هەیە؟))

-(( با..))

-(( ئەی ئیتر بێ دەنگی یانی چی؟))

-(( ئاخر..))

-(( ئاخری ناوێ کاکە گیان.. مەگەر ئێمە دڵمان باوەش نیە بۆ یەکتری دەتوانین بژین؟ دەتوانین نهێنی خۆمان، کێشەکانمان لە یەکتری بشارینەوە..؟))

-(( نەخێر..))

-(( کەواتە دەست پێبکە.. قسە بکە.. بزانم کارە پێویستەکەت چیە..؟))

سۆران دەستی لە خۆی بەرداو هەرچی لە دڵیدا بوو، هەڵی ڕێژا بۆ مامۆستاکەی، هیچ هەر هیچی لێ نەپەڕاند، چیرۆکی عەشقی خۆی و ڕۆژگاری لە نووکەوە بۆ گێڕایەوەو، دڵیشی بە خێرایی لێی دەدا.. کەیوانیش بە خۆش حاڵیەکەوە پێی گوت:

-(( چارە سەرکردنی زۆر ئاسانە!!))

-(( چۆن..؟ وازی لێ بێنم..؟))

-(( نەخێر..؟ هەرگیز نابێ وازی لێ بێنم!!))

سۆران بەم وەڵامە گەشایەوە:

-(( ئەی چی بکەم..؟))

-(( تۆ نالّێی ئەو هێندە تۆی خۆش ویستوە، تا ئەو ڕادەیەی پێی گوتویت.. تۆ خوای منی!))

-(( لەویش زیاتر..))

-(( کەواتە ئاسانە..))

-(( چۆن؟))

-(( کە ڕۆیشتیتەوە بۆ ماڵ.. نامەیەکی دوورو درێژی بۆ بنوسە.. بەڕوونی باسی ئەوسای خۆتان وئێستای خۆتی بۆ بکە.. بۆی بنووسە کەئێستا خاوەنی عەقیدەیەکی و بەرنامەیەکی ئێتر وتەواویت و ئەگەر تۆیش بەڕاستی منت خۆش دەوێت، دەبێت عەقیدە وبەرنامەکەم وەرگریت.. بێگومان ئەویش ناتوانێت لەقسەی تۆ دەربچێت ودەبێتە زەینەب غەزالیەکی سلێمانی!!))

-((ئاخر کێ دەڵێت لەقسەم دەرناچێت؟))

-((من دەڵێم..تۆ تازە تەلی عاتیفێت گرتووە.. ناتگۆڕێتەوە بە هیچ شتێکی ئەم دنیایە..))

-(( یانی ئاسایيە نامەی بۆ بنوسە؟))

-(( تۆ چۆن گومڕات کردووە، دەبێ ئاوایش ڕێگای نیشان بدەیتەوە..))

-(( باشە ئەگەر عەقیدەکەمی وەرگرت.. بەبەرنامەکەم ڕازی بوو، دوای چی..؟))

-(( دوایش مەلایەکێ و دوو مشکی بەسەر لەگەڵ خۆمدا دەبەم و داوای دەکەم بۆت))

سۆران لە شەرمانا سەری دانەواندو هیچی نەگوت.

***  ***  ***

شەوێ قەڵەمەکەی گرت بەدەستیەوە و ئەم نامەیەی نووسی:

((بەناوی خوای گەردوون و ژیان و مرۆڤەوە))
ڕۆژگاری خۆشەویستی هەرگیز لەیاد نەچووم..
سڵاوی خوای پەروەردگاری تاکێ و تەنیات لێ بێ..

سلاوی ئەو خوایەت لیٚ بیٚ، کەمنی سەرگەردان و
ـەودالْ، لە پاش گەڕان و گەشتیٚکی دوورو دریٚژ،
دۆزیمەوە..

ڕۆژەگیان.. لەوانەیە هیچ لەوشەکان و مەبەستم
نەگەیت، هەقی خۆتە، چونکە سەرجەمی ئەو نامانەی
کە من بۆم نووسیویت هیچیان بەم جۆرە نەبوون..

ڕۆژەگیان.. هەقی خۆمە داوای مژدەت لیٚبکەم..
مژدەی دۆزینەوەی خۆم و خۆت.. مژدەی دۆزینەوەی
هیٚلی پەیوەندی ئەبەدی نیٚوان خۆم وخۆت،

با ڕونتر بۆت باس بکەم.. جاران من دەمویست
قەناعەت بە تۆ بکەم کە خوا نیە.. ئیسلام درۆیە..
بەهەشت و دۆزەخ مرۆڤ خەلەتاندنە..

ئەم قسانەیشم بە ناوی زانیاری و عەقلی نیٚوە بۆ
دەکردی، بەلاٌم لە ڕاستیدا، ئەگەر خۆم فریو نەدەم و
تۆی ئازیزو خۆشەویستیشم نەخەلەتینم، دەبیٚ دان بە
هەقدا بنیٚم.. دەبیٚ داد پەروەرانە بلیٚم.. هەرچی بەلگەی
زانیاری و عەقلی هەیە، هەموویان دان بەوەدا دەنیٚن کە
ئەم گەردوونە خوایەکی هەیە و، ئیسلامیش تاکە
بەرنامەی ئەو خوایەیە و، لە ڕیٚگای محمدی

پێغەمبەرەوە هاتووە بۆ مرۆڤەکان و، دەبێت هەرچی مرۆڤی ئەم سەر زەویە هەیە لەسەری بڕۆن..

ڕۆژەگیان، وا نەزانی خوا نەخواستە من لەوەو پێش ئەم هەموو ڕاستیانەم زانیوە و خۆم لێ گێل کردووە و تۆیشم لێ دوور خستۆتەوە.. نەخێر.. من کاتێکێ ئەم ڕاستیانەم بۆ دەرکەوت کە کاکێ کەیوانم ناسی و کردم بە ماماۆستای خۆم.. لەوانەیە بپرسی ئەم کەیوانە کێیە..؟

ڕۆژەگیان.. کاکێ کەیوان منی فێرکرد خوا کێیە.. ئیسلام چیە..؟ مرۆڤ لە کوێوە هاتووە..؟ بۆ کوێ دەڕوات..؟ بۆچی هاتووە..؟.

کاکێ کەیوان منی لە تاریکستانی نەفامی دەرهێناو خستمیە سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامی..

ڕۆژەی خۆشەویستم.. ئێستا منیش لە میحرابی ئەم نامەوە، داوات لێ دەکەم، تۆیش بێتە ڕیزی ئێمەوە و، ئیسلام بکەیت بە بەرنامەی خۆت..

ئەگەر ئەم داوایەم ڕەت نەکەیتەوە، ئەوە بزانە ئیتر هەتا هەتایەپێکەوە دەبین.. چونکە ئەگەر مردین، بەیەکەوە دەستی یەکتری دەگرین و دەڕۆین بۆ

بەهەشتێک کە مردنی تێدا نیە.. ڕۆژەی خۆشەویستم..
ئەوە ئەم دوو کتێبەیشت بۆ دەنێرم،

(( گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ)) و (( سروشت لەتەرازوی ژێریدا )) و بۆ ئەوەی بزانیت، زانیاری و عەقڵ چۆن حەقیقەتی ئیسلام ڕۆشن دەکەنەوە..

هەرچەن دەیشزانم، مادەم من داوام لێ کردویت، ئیتر کتێب بخوێنیتەوەو نەی خوێنیتەوە، هەر ئیسلام وەردەگریت و دەبی بەمن..

ڕۆژەگیان.. لەبیرت نەچێ.. وتەگەورەکەی خۆتت لە بیرنەچێ، ئەوەی لەباخی گشتی پێت گوتم.. گوتت.. من حەز ئەکەم لەزاتێکی نورانی وەکو تۆدا بتوێمەوە.. دەی من ئێستا داوای ئەوەت لێ دەکەم ئیسلام وەربگریت، بۆ ئەوەی لە یەکتریدا بتوێینەوە..

چاوەڕوانی وەڵامی ئیجابیتم..

خۆشەویستت / سۆران

قەڵەمەکەی داناو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو.. دەستی کرد بەخوێندنەوەی.. دووجار خوێندیەوە..حەزی

نەدەکرد یەکێ وشەی لێ لابات.. چونکە هەر وشەیەکی بە پارچەیەکێ لە ڕۆح و مێژووی خۆی دەزانی!!

نامەکەی قایم کردوو لەجێگای تایبەتیدا دای نا.. پاشان بانگی بەختیاری برای کردو پێی گوت:

-(( قورئانەکەت ئامادە کردووە؟))

-((بەڵێ))

-(( چەن ئایەت؟))

-(( نزیکەی پەنجا ئایەت لە سورەتی ئالی عمران))

-(( بیخوێنین؟))

-(( بەڵێ))

-(( دەبڕۆ هەردوو قورئانەکە بێنە!!))

بەختیار، هەردوو قورئانەکەی هێناو دەرس خوێندن دەستی پێکرد..

# ٥

ئەم ساڵ هەزارو نۆ سەدوو هەشتا و حەوت.. پەنجەرەیەکی سەوزی، لە ڕووی عەشقێکی ئاسمانیدا کردۆتەوە.. پەنجەرەیەکی گەورەو فراوان..

ڕۆژگار پۆلی پێنجی ئەدەبییە.. دەمو چاوی پارچەیەکە لە نوور، نوورێکی داگیرساو، ویدەچێ هەرگیز نەکوژێتەوە.. بالای دەلیلێکی شۆڕەبیەو بۆ گەلاوێژی نەستێرە خۆی هەلبڕیوە، زەردەخەنەی سەر لێوەکانی و نیگا پڕ لەسۆزەکانی، دنیایەکی پڕ لە تەلیسمن..

حەمەڕەشیی باوکی بازرگانە.. زۆر دەولەمەندە، دایکی مرۆیەکی ڕۆح سوکی لادێییە.. ناوی ئامینەیە.. چیرۆکی بەیەک گەیشتنی دایک و باوکی گەلێک درێژەو، بەبێ ویستی خۆیان گەیشتن بە یەک.. مامەی.. بەلێ مامەی گرێی دان بە یەکەوە.. مامی ئامینە لە

سلێمانیدا دەبن..تابلۆی دەوڵەمەند دەبن.. دەوڵەمەندی سەر لە زۆر مرۆڤ دەشەوێنێ.. عەقڵی زۆر کەس دەخاتە ژێر تەوژمی شەهوەت و ئارەزووەوە..

مامی ئامینە کە ئەو دەوڵەمەندیەی خۆی دەبینێت، بڕیار دەدات ژنێکی تر بهێنێت.. بەڵام کام ئافرەت شودەکات بە پیاوێک کە خاوەنی شەش منداڵ و ژنێک بێت؟

کام ئافرەت ئامادەیە بێتە نێو ئەم جیهانەوە..؟

ئەگەر سەربەستی نەبێت وهیچ جۆرە زۆرداریەک لەئارادا نەبێت لەسەروی هەمووشیانەوە، زۆرداری پارە، ئەوە بێگومان هیچ ئافرەتێک ئامادەنیە، ببێتە سوتەمەنی ئەم جەنگە!! مامی ئامینە دەسەڵاتێکی زۆرداری لەژێردەستایە.. خاوەنی پارەو گیرفانە.بۆیە ئەم بڕیارەی داوە..!!

پاش گەڕانێکی کەم، باوکی حەمەڕەشید دەدۆزێتەوەو، داوای کچە گەورەکەی دەکات.. ئەویش دەیداتێ بەو مەرجەی ژن بۆ حەمەڕەشیدی کوڕی بهێنێت و یارمەتێکی مادی باشیشی بدات..

ئەم داواکاری و مەرجانە بۆ سەرمایەدارێکی وەکو مامی ئامینە هەرهیچ نیە.. بەڵێ هەرهیچ نیە..

سەرەتا، ئامینەی سۆفی کەریمی برای، لەحەمەڕەشید مارەبڕی و، دوکانێکی کوتاڵ فرۆشتنیشی بۆ دانان و ڕەشیدی خستە سەریەو، دواتر خوشکەکەی ڕەشیدیشی بۆ خۆی گواستەوە.. ڕۆژگار.. کچی ئەم حەمەڕەشید و ئامینەیەبە

★★★ ★★★ ★★★

ئەم ئێوارە، سەعات پێنج و نیو، لە باخی گشتی، نامەکەی لە سۆران وەرگرت..

زۆری پێ سەیر بوو... یەک سالی ڕەبەقە نامە نووسین لە نێوانیادا نیە.. پێویستیان پێی نەبووە، چونکە هەر کاتێک بیان ویستایە ڕاستە وخۆ قسەیان دەکرد..

کاتێک نامەکەی لێ وەرگرت، هەستی بەوەکرد شتێک هەیە.. شتێکی نائاسایی و، سۆران ناتوانێت بیدرکێنێت و، لە نامەکەدا نووسیوێتی.. بۆیە بەپەلە گەڕایەوە بۆ مالەوە..

سەعات هەشتی شەوە، بۆجاری دەیەمە نامەکە دەخوێنێتەوە.. دەیخوێنێتەوەو ماتیەک دای دەگرێت،

نامەکە لەسەر دڵی دادەنێ و بە قوڵی تەماشایی ئەو دوو کتێبەیش دەکات کەلەگەڵ نامەکەدا سۆران دایە دەستی،

جارێکی تریش دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی وشەکان نامۆ بوون لای.. تامیان، بوونیان، ڕەنگیان، ئاوازیان، هیچ شتێکیان لە وشەکانی پێشوو ناکات.. ئەمجارە کە لەخوێندنەوەی بوویەوە و.. هەستایە سەر پێ، لە سەرەوەی ژوورە تایبەتەکەی بۆ خوارەوەو لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دەستی بە گەڕان کردوو لەبەر خۆیەوە دەی گوت..

(( هەرگیزاو هەرگیز خۆم بە جیا لە سۆران نەزانیوە و خۆیشم بە جیا نازانم..

دڵنیام، منی لە خۆی زیاتر خۆش دەوێت، .. بەڵێ دڵنیام.. سۆرە گیان، دینی من دینی تۆیە.. تۆ لەسەر هەردینێک بیت، منیش لەسەر ئەو دینەم..

گرنگ ئەوەیە من و تۆ یەکمان خۆش دەوێت، خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانە..

ـــوريش دەزانم، بۆیــە ئیســلامی هــەڵبژاردووە، چونکــە وەکــو باست کــردووە بــۆ هــەتا هەتایــە کۆمــان دەکاتەوە، دەمان کات بە یەکێ..))

پاشــان خــەیاڵی چــەترێکی بــۆ هــەڵداو لەباوەشــی سێبەرەکەیدا غەرقی کرد.. خەیاڵ وەکــو هــێزێکی توندو تیژی نادیار، بردیەوە بۆسەردەمی منداڵی..

پــۆلی چــواری ســەرەتایی بــوو، بــاوەو دایــەی فــێری نوێژیان دەکردو بەرماڵیان بۆ ڕادەخست و دەیــان گــوت.. ئادەی ڕۆژەگیان نوێژ بکە..

ژیــانی منداڵــی چــەند خۆشــە!! دنیایــەکی پــاک و بێگەردە، مرۆڤ قــەدری نــازانێ، ئــەو ســاتە نــەبێ کــە گەورە ئەبێت و ژەنگ و ژاری ئەم ژیانە دەیگرێت!!

ڕۆژگــار کتێبــی یەکــەمیانی هــەڵگرت، چــاوێکی بەبەرگەکەیدا خشاند، نوسراوە!

(( گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ))

بەخۆی گوت:

((ناونیشانێکی زۆر سەیرە! دەڵێی بۆ من و سۆران نووسراوە!))

بەرگەکەی هەڵدایەوەو دەستی بەخوێندنەوەی کرد.. خوێندنەوە جڵەوی بیرو هۆشی گرتە دەست.. لە ژوورەکەی خۆیی دوورخستنەوە.. بێ ئاگای کرد لەوەی، کەلەنێوان چوار دیوارو سەقفێکێ دایە.

هەر بەشێکی تەواودەکرد، بەبێ وەستان، بەبێ ئەملاولاکردن خۆی فڕێ دەدایە نێو بەشێکی ترەوە، دەمێکە بەتەمای کتێبێکی وایە بیخوێنێتەوە..

ئەو پرسیارانەی کەلەمێشکیدا کەڵەکەیانی کرد بوو، بێ وەڵام مابوویەوە، یەکێ ویەکێ و دوو دوو، لەسەر سەکۆی مێشکی دەهاتنە خوارەوە و بۆ یەکێ جاری ماڵ ئاواییان لێ دەکرد..

کەلە خوێندنەوە بوویەوە، هەستی بەوەکرد ڕۆژگارەکەی چوار سەعات لەمەوپێش نیە.. خۆی وا دەدی مرۆڤێکی ترەو لە دنیایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە.. بۆیە بەبێ ویستی زمانی کردەوەو گوتی! (( اشهدو ان لااله الا الله، واشهدو ان محمدا رسول الله ))

بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە چەند جارێکی دی ئەو دوو ڕستەیەی دووبارە کردەوە.. پاشان لەبەرگەوە دەستی کردەوە بە خوێندنەوە..

نەیدەزانی دنیا شەوە یان ڕۆژە..؟
خۆرە یان تاریکی..؟
نەیدەزانی سەعات چەندە..؟
کات دڕەنگە یان زوو؟

وای هەست دەکرد، ڕێبوارێکی لێو وشکی گەروو وشکی، زمان وشکی بیابانێکی لماوییە و، پاش تینوو بوونێکی دوورو درێژ، کارێزێکی دۆزیوەتەوەو بینی پێوە ناوەو نایەوێ بەم خێراییە وازی لێ بێنێ..

ئەم جارەیش دای نەنا تا تەواوی کرد.. کەگەیشتە کۆتا لاپەڕەو دوا ووشەی خوێندەوە، خەندەیەکی گرتی و گوتی:

(( سۆرەگیان، سوپاس بۆ ئەو خوا گەورەیەی کە تۆی بە من ناساند.. چونکە ئەگەر من تۆم نەناسیایە و نەبووینایەتە خۆشەویستی یەکتری،

هەرگیز ئەم ڕێگەیەمان بەم شێوەیە نەدەدۆزیەوە بەهەر حاڵ..))

هەستایە سەر پێ و پەنجەرەکەی لادا، بەرز بەرزێ بۆ ئاسمان و ئەستێرە گەشاوەکانی نواڕی و گوتی!

(( خوایە گیان.. پەیمان بێ لەمەو دوا ببمە سەربازێکی ئەم ئیسلامەی کەبە دیاری بۆ ئێمەی مرۆڤت ناردووە..

ئەم ئیسلامەی کە فێری ئەوەمان دەکات چۆن مرۆڤایەتی خۆمان بپارێزین..

خوایە گیان.. پەیمان بێ پەیمان..))

پاشان وردتر، لە ئاسمان و ئەستێرەو تیشکە سپی و جوانەکان ڕاما.. ڕاما تاسنوری خۆونکردن!!

# ٦

مانگی پێنجی هەزارو نۆسەدو هەشتاو حەوت، تارای سەر پەرچەمی هەڵەبجە، بوو بە یەکپارچە خوێن..

لەم مانگەدا، خەمێکی ڕەژویی، ڕەشن، چلکن، وەکو بایەقوژ بە سەر هەڵەبجەدا دەفڕێ..

ئەو خەمە لێڵە هەڵمی زۆنگاوی تاوانی بەعسی دێوەزمەیە، لە ژێر تینی بڵێسەو گڕی هەناسەی مرۆڤی هەڵەبجەی ژێر پێ خراودا، بەردەوام بەرز دەبێتەوە خۆی دەگەیەنێتە ڕاسەری خانووەکانی شار، لەوێدا دەبێت بە گەواڵە هەوری ناشرین، سەرو مل خوار، چاو دەرپەڕی ر..

ئێوارانیش، کەخۆر کۆتاماچی لوتکەی بەرزی کەژەکەی ڕۆژئاوا دەکات و، بەجێی دێلێت، ئیتر گەواڵە هەورەکان باوەش بە یەکتریدا دەکەن و، لە خودی خۆیاندا چڕ دەبنەوە، چڕبوونەوەیەکی ترسناکێ..
پاشان بارانیان شەستە دەکات و دەبارێ..

ئاااایی لە ناشیرینی ئەم بارانە..!
ئاااایی لە لیقنی ئەم بارانە..!
هیچی لە بارانی ئاسایی ناکات.. دڵی هیچ جوتیارو مەزرایەکێ خۆش ناکات..
لەم مانگەدا،
هەڵەبجە لە ڕۆندکێکی گەورە دەچێ،
لە هەناسەی دایکێکی جگەر سووتاو دەچێت!!
مرۆڤەکان ماتن، کڕن.. چونکە چۆلەکەی خەندەکانیان، کەوتە ژێر نوکی نێزەی بەعسیان.. هێشتا جێگای پەڵە خوێنی سەر جادەکان و بۆ شایەتی ئازارو ئەشکەنجە هەر ماون و بۆنیان دێت..

مرۆڤەکانی هەڵەبجە زەردن زەرد..

چونکە لەم مانگەدا، پایز بوو بە مەڵبەندێکی نەوەوی و لە ڕۆحیاندا تەقیەوە.. تەقیەوە و سادەترین

ناسەواری بەهاری نەهێشت.. تا ئێستایش گەڵاکان هەر زاڵەیانە..

ئاااای لەم سروشتە جوانە چی بەسەر هاتووە..!!

ئەم زنجیرە شاخەی باڵامبۆو شنروێ و سورێنە، بۆ ئەسر بارانی شار دەکەن..!!

★★★

★★★

★★★

لەم مانگەدا بەعس لادێکانی دەوروبەری شاری ئاوارەو دەربە دەرکرد، خەڵکی لە مەزراو ئاوو نیشتمانی باب وباپیریانی دابڕی..

خەڵکی هەڵەبجە بەمە ڕازی نەبوون.. ئاخر ئەم گوندنیشینانە چ تاوانێکیان کردووە وا دەربەدەرو ئاوارە دەکرێن..

کوڕانی شار یاخی بوون، ڕاپەڕین.. لە ١٩٨٧/٥/١٢ دا، کۆبوونەوەو هاتنەسەر جادەکان.. بەیەک دەنگ، هاواری ڕوخاندنی تەختی زۆرداری و ستەمیان بەرز دەکردەوە..

ژەندرمەکانی بەعس لوولەی تفەنگەکانیان نایە سەر دڵیان و دەیان شۆڕش گێڕو ئازادی ویستیان شەهید کرد..

دواتر فرۆکەکانیان هات و گەڕەکی کانی عاشقانیان کرد بە خۆڵە مێش ئەو کەسانەیش کە گیران، شەوێ بردنیانن بۆ سەرەوەی شارو چاڵی گەورە گەورەیان بۆ هەڵکەندن و بەزیندوویی خۆڵیان درا بەسەرا، بریندارەکانیش هەر لە خەستەخانە کوژران..

پاشان ژەندرمەکانی بەعس، هێرشیان بردە سەر مزگەوتەکان و، هەرچی موکەبەرەبوو، بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی خەڵکیەوە دزیان.. ئەمە چۆن دزیەکە!!

خەڵکی شار تێگەیشتن ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەبیابان کردنی هەڵەبجەیە.. بۆیە بڕیاری بەرگریان داو، زۆربەی زاناکان و لاوەکان ڕوویان کردە شاخ!!

★★★ ★★★ ★★★

ئێستا (( ٢.‌/٥/٨٧)) ئەو کەیوان و سۆرانیش لەکەبابخانە کۆنەکەی جارانی هەڵەبجەدان.. لەسەر دوو کورسی وبەرامبەری یەکێ دانیشتوون و نان دەخۆن:

-(( کاکێ سۆران: من و باوکم: کەدەهاتینە ئەم شارە، هەر لەم دوکانە نانمان دەخوارد.))

-(( دوکانێکی خۆشە.))

-(( ترسام ئەمیش ساروخێکی بەر کەوتبێ.))

-(( بەعس دڕندەیە.. خۆکانی عاشقانت دی چی لێ کردووە؟!!))

-(( زۆر دەترسم، هەموو شار والێ بکات))

-(( منیش هەمان ترسم هەیە.. دڵم وام پێئەڵێت، ئەمە کۆتاجاربوو ئیتر هەڵەبجە ببینن))

-(( منیش دەڵێم نە.. ان شاء الله))

کەلەنان خواردن بوونەوە هاتنە دەرێ:

-(( کاکێ کەیوان لەکوێ نوێژی نیوەڕۆ بکەین))

-(( لەمزگەوتی دار السلام))

-(( لەکوێدایە؟))

-(( لەنزیکی سینەماکەدایە، کاکێ عبد الرحمانیش لەوێ دەرس دەڵێتەوە.. وا بزانم ئێستا لەوێن.. بابڕۆین، هەردووکیان بەرەو مزگەوتێ شۆڕ بوونەوە..

*** *** ***

هەر وەکو جاری پێشوو، قوتابیەکانی کاکێ عبدالرحمان لەبەر کەیوان هەستانەوە.. وەلێ ئەمجارە

کەیوان لەباوەشی دەگرتن و ئەملاولای ماچ دەکردن.. سۆرانیش هەروەها..

عبدالرحمان گوتی: -(( لەکەیەوە هاتوون؟))

-(( نزیکی دوو سەعاتێک دەبێت.))

-(( ئەی لەکوێ بوون!))

-(( حەزمان کرد سەرێکی کانی عاشقان بدەین!))

-(( ڕۆیشتن؟))

-(( بەڵێ))

-(( بەچاوی خۆتان بینیتان؟))

-(( بەڵێ بینیمان.))

-(( خوا ڕەحمی کرد، ئەگینا هەورامانیش زیندەبەچاڵ دەکرا))

-(( هەورە.. بۆ؟))

کەیوان تەماشایەکی پڕ لە خۆشەویستی هەورامانی کردو لێی ورد بوویەوە، ئەو سەری داخست.. عبدالرحمان گوتی:

-(( دوای بۆت دەگێڕمەوە.. زۆرمان نەماوە لە قورئان خوێندن ببینەوە.. تەنها دلێرو سەرکەوت ماون.. بیخوێنین!))

-(( ئەی بۆ نایخوێنن، ئێمەیش حەز دەکەین گوێمان لێ بێت))
-(( مەبەستم ئەوەیە برسیتان نیە؟))
-((( نانمان خواردووە.))
-(( لەکوێ!))
-(( لە بازاڕ))
-(( دیسان بەزمە.. باشە کێ پێی گوتن نان بخۆن، لاحول ولاقوة الا باللە..؟))
-(( برسێتی پێی گوتین..))
-(( ئەی بۆ نەهاتنەوەبۆ مالەوە؟))
-(( ئاخر زانیمان لێرە دەرست هەیە، بۆیە نەمان ویست لە خەیرەکەت بکەین))

عبدالرحمان سەرێکی ڕاوەشاند، وەکو بلێیت.. بێدەنگت کردم.. پاشان دوو قوتابیەکە قورئانیان خوێندو لێ بوونەوە.. خۆیان ئامادە کرد بۆ ئامۆژگاری.. عبدالرحمان بە نەرمە پێکەنینێکی نقێندارانەوە گوتی:

-((کاکە کەیوان فەرموو.))
-(( بڕۆین؟))
-(( ڕۆیشتنی چی؟))
-(( ئەی تۆ نالێی فەرموو؟))

-(( ئەلێم فەرموو ئامۆژگاریمان بکە.. ئەوە نیە تۆ تابییەکان چۆن چاوەڕێی ئامۆژگاریەکانن))

-(( نەخێر.. ئەمجارە من گوێ دەگرم و دەبێ تۆ بفەرمووویت))

-(( ئەوە هەر نابێ!))

-(( بۆچی؟))

-(( نابێ و تەواو))

کەیوان ئاوڕی دایەوە بۆ لای هەورامان و پێی گوت:

-(( کاکە هەورامان تۆ حەکەم بە من قسەبکەم یان کاکە عبد الرحمان؟))

هەورە چەند خەندەیەکی شەرمن هاتە سەر لێوەکانی و گوتی:

-(( ئاخر بە حەکەمی من ڕازی دەبن؟))

-(( ئەی چۆن))

-(( کەواتە مادەم کاکە عبدالرحمان پێی خۆشە، تۆ قسەمان بۆ بکە.))

کەیوان بۆی خنایەوەو هیچی نەگوت، سەری بۆ خوارەوە بەردایەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-(( چی باس بکەم..؟ چی باس بکەم..؟ ئـا.. زۆر گونجاوە بۆیان..!))

پاشان ناوی خوای هێناو گوتی،

-(( حەز ئەکەم کەمێک لەم ئایەتە بدوێین.))

( ولا تهنوا ولا تحزنوا وأنتم الاعلون ان كنتم مؤمنين..)

بۆیەک سات پێلوەکانی نایەسەر یەک و کردیەوەو ژیرانە دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ئایەتەکە.

**تێبینی:**

خوێنەری خۆشەویست لەماوەیەکی زۆر نزیکدا چاوەڕوانی بەشی سێیەم بکە، بەپشتیوانی خوای گەورە دەکەوێتە بەردەستت تائەوکاتە خوات لەگەڵ..

**عادل باخەوان**

**سلێمانی/ ڕعایە**

**١٩٩٨/٩/١٣**